# پرۆژەی (100)ناميلكەی فەلسەفی

## دەزگای ئايديا بۆ فكرو لێكۆڵينەوە

سەرپەرشتياری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابير عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفيق - ئارام مەحمود -
باوان عومەر - زريان محەمەد

2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە کارل مارکس

**بەرگی سێیەم**

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێك نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 51 )

# سۆسیالیزم، مارکسو ئەنگلس

سۆن ئەریک لیدمان

لە فارسییەوە: یاسین عومەر

### ١. سۆسیالیزم لە سەدەی نۆزدەیەمدا

بە درێژایی سەدەی نۆزدەیەم زنجیرە ڕەوتێکی جیاواز و دژ بەیەک دەرکەوت، کە هەموویان بانگهەڵخەری ناوی سۆسیالیزم بوون. تاکە ڕوی هاوبەشی ئەو ڕەوتانە ئەمە بوو کە لافی ئەوەیان لێدەدا، لەبەرامبەر چینە دەستەبژێرە تەقلیدییەکان (خانەدانو پیاوانی ئاینی)، هەروەها ئەو چینە بۆرژوازییەی کە بـەردەوام دەسەڵاتی ڕوو لە زیادبوون بوو، نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی خەڵکانی هەژارو نەدار و مەحروم دەکەن ـــ نەک هەر پرۆلیتاریای پیشەسازی بەتەنها. سۆسیالیستەکان لەو باوەڕەدان کە لە ڕێگەی وەلانانی خاوەندارێتیی تایبەتی و جێگرتنەوەی بە جۆرە خاوەندارێتییەکی گشتی دەکرێت بەسەر نایەکسانیی کۆمەڵایەتیو ئابووریدا زاڵببین. ڕێگەچارەکانی ئەوان بۆ دەستڕاگەیشتن بەم ئامانجە ئەوەندە جیاوازە کە تەنها لە وردەکارییە بێبایەخەکاندا دەتوانرێت خاڵی هاوبەشی نێوانیان ببینرێت.

هەمەچەشنی ڕەوتە سۆسیالیستییەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە واتای زاراوەی (سۆسیالیزم) بە شێوەیەکی بەرچاو لێڵ و ناڕۆشن ببێت. کۆنسێرڤاتیڤەکان (پارێزگاران) هەر دیدگایەک کە پێچەوانەی سیستەمی مەوجود بێت بە سۆسیالیستی دادەنێن، کەچی لیبراڵەکان هەر جۆرە هەوڵێک بۆ ڕیکخستنو کۆنترۆڵکردنی بازاڕی ئابووری بە سۆسیالیزم دەزانن.

بەڵام لە نێو ڕەوتە سۆسیالیستییەکانی سەدەی نۆزدەدا، ڕەوتێک هەیە کە لە ڕوی ڕۆشنی تیۆرییەوە ئاڵۆزی و کاریگەرییەکی قوڵو فراوانی بەسەر ئەندێشەی کۆمەڵایەتی ڕەوتەکانی دیکەوە هەیە. لەم کتێبەدا ڕەوتی ناوبراو، کە مارکسو ئەنگلس بناغەکەیان داناوە، بەناونیشانی سۆشیالیزمی سەدەی نۆزدە دەناسرێنرێت.

بەشێکی دیار لە بەرهەمەکانی مارکسو ئەنگلس ئەو قسەوباسو مشتومڕانەیان تێدایە، کە ئەوان لەگەڵ بیرمەندە سۆشیالیستەکانی دیکەدا کردویانە. لە بنەڕەتدا تێگەیشتنی زۆرێک لە تیۆرە بنچینەییەکانی ئەوان ئەگەر لەسەر زەمینەی تەعالیمە سۆسیالیستیەکانی بەرامبەرەکانیان لێیان بتوێژرێتەوە، ئاسانتر دەبن. مارکس لە نامەیەکی بەناوبانگیدا ڕونیدەکاتەوە کە گرنگترین کۆمەکی ئەو بۆ تیۆری سیاسی بریتییە لە:

ا- تیۆری مێژوویبوون، واتە تێپەڕینو ناپایەداربوونی سیستەمە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان (دەرەبەگایەتی، سەرمایەداریو هیتر).

ب- تیۆری ڕوخاندنی سیستەمی سەرمایەداریی فەرمانڕەوا تەنها لە ڕێی شۆڕشێکەوە دەبێت، کە مسۆگەرکەری دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە.

ج- تیۆری هەمواربوونی ڕێگەی کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی بەهۆی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتارياوە.

دوو خاڵی کۆتایی سێ خاڵەکەی سەرەوە، سنوربەندییە لەگەڵ تێگەیشتنی سۆسیالیستەکانی دیکە، لە بارێکدا کە خاڵی یەکەم بەر لە هەر شتێک پێچەوانەوەیە لەگەڵ تیۆرە بنەڕەتییەکەی ئابووریی سیاسیی بیناکراو لەسەر ئەمەی کە تەکامولی مێژوویی بە واتای جوڵانی لەسەرخۆو بەردەوام بەرەو کۆمەڵگەیەکی کاملی سەرمایەداری. زۆرێک لە سۆسیالیستەکان لە ژێر کاریگەریی قوڵی ئەم تیۆرییەدا بوون.

لەنێو ئەو سۆسیالیستە دیارو بەرجەستانەی کە مارکس‌و ئەنگلس وتووێژیان لەگەڵ کردون دەتوانرێت ناوی سان سیمۆن 1و چارلز فۆریە2و پرۆدۆنی3 فەرەنسایی‌و ڕۆبێرت ئۆینی4 ئینگلیزی بهێنرێت. مارکس‌و ئەنگلس ئەوانیان بە سۆسیالیستە یۆتوپییەکان ناو دەبرد، ئەو ناوەی کە دواتر لە تێکستە نامارکسییەکانیشدا بەکارهێنرا، بەڵام لەو تێکستانەیشدا تێگەیشتنێک لەبەرامبەر ڕەخنەکەی مارکس‌و ئەنگلسدا هەبوو.

تەعالیمە سۆسیالیستییەکانی سان سیمۆن، فۆریە، پرۆدۆن‌و ئۆین لەگەڵ یەکتریدا جیاوازن، بەڵام توێژینەوەی وردتری تیۆرییەکانی ئەوان لێرەدا کارێکی ئەستەمە، بۆیە لەبری ئەوە ئاماژە بۆ هەندێک لە بنەڕەتیترین ناکۆکییەکانی نێوان سۆشیالیزمەکەی ئەوان‌و مارکسیزم دەکرێت.

1. بەپێی تێگەیشتنی باوی ناو مارکسیستەکان، سۆشیالیزمی خەیاڵی بەدوای ڕێگەچارەی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ نایەکسانی‌و دوژمنایەتی کۆمەڵایەتیی سەردەمەکەی خۆی لە یەکەیەکی ئابووری سنورداردا -کۆمەڵەی هەرەوەزیی کشتوکاڵی‌و پیشەسازی .

2. سۆسیالیزمی خەیاڵی بە بەراورد لەگەڵ مارکسیزمدا سۆسیالیزمێکی ناشۆڕاشگێڕانەیە. بەپێی بۆچوونی هەندێک لە سۆسیالیستە خەیاڵییەکان، سۆسیالیزم بەشێوەیەکی هاوسەنگ لە نێو ڕەونگەلێکی دیاریکراوی ناو سیستەمی سەرمایەداری گەشە دەکات. بەبۆچوونی ژمارەیەکی دیکەیان ئاوەڵدوانەی دامەزراندنی سۆسیالیزم گۆڕانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتییە، نەک گۆڕانکاری سیاسی، دیارترین نوێنەری ئەم ڕەوتە پرۆدۆنە، کە دواتر بیروبۆچوونەکانی بوونە سەرچاوەی ئیلهامی ئانارشیستەکان (کە باوەڕیان بە ناکگەرایی هەبوو و سەبارەت بەهەر جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی بەبێزارییەوە دەدوان) و سەندیکالیستەکان (کە باوەڕداربوون بەوەی تەنها لەڕێی خەباتی

یەکگرتووی یەکێتییە کرێکارییەکانەوە دەتوانین دەستمان بە سۆسیالیزم ڕابگات.

3. سەرجەم سۆسیالیستەکان لەو باوەڕەدان هۆکاری ڕاستەقینەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی، ئەو پەیوەندیی خاوەندارێتییەیە کە فەرمانڕەوایە، بەڵام بەپێی بۆچوونەکانی مارکسو ئەنگلس، سۆسیالیستە خەیاڵییەکان تێگەیشتنێکی مێژوویی ئایدیالیستییانەیان هەیە، واتە تێگەیشتنێکی لەم چەشنە، بەر لە هەر شتێک ئەوەیە هەندێک بیرو بۆچوونی دیاریکراو __لە هەنگاوی یەکەمدا بە خەسڵەتێکی ئەخلاقی__ بۆ بەدیهاتنی سۆسیالیزم بایەخێکی چارەنووسازیان هەیە. ئەوان هەر لە بناغەوە هەموو تەکامولێکی مێژوویی بە تەکامولی نمونەگەلێکی جیاوازو بەردەوام ڕوو لە پێشکەوتن، وەردەگرن. ئەمە سەرباری ئەوەی کە سۆسیالیستە خەیاڵییەکان باوەڕیان بەوە هەبوو کە مرۆڤەکان وێڕای وابەستەگیی چینایەتی جیاواز جیاوازیان دەتوانن ئارەزووی سۆسیالیزم بکەن، ئەمەش لەحاڵەتێکدا کە لە ڕێگەی فێرکردنی ڕۆشنگەرانەوە بەم ڕاستییانە ئاشنا بکرێنو لەوە هۆشیار بکرێنەوە کە بیروبۆچوونی سۆسیالیستییەکان باشنو خاوەنی ڕەوایین.

لەم ڕووەوە، مارکس و ئەنگلس دەریدەخەن کە (سۆسیالیزمی خەیاڵی) نامێژووییە، یان بەشێوەیەکی گشتی نازانستییە، بەڵام هۆکاری ڕاستەقینەی ئەوەی کە دەستەواژەی خەیاڵییان بۆ ئەوان بەکار دەهێنا ، ئەوە بوو کە نوێنەرانی ئەم ڕەوتە حەزیاندەکرد بەجۆرێکی کەم تا زۆر خەیاڵییانە باسی ئایندەی پڕ کامەرانی بکەن. بەتایبەتی فۆریە هەوڵێکی زۆری خۆی بۆ باسکردنێکی وەها خەیاڵیانە تەرخانکردووە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە بەوزوانە هەموو بۆچوونە ناکۆکەکان سەبارەت بەوەی کە مرۆڤەکان دەبێت لە کۆمەڵە هەرەوەزییە سۆشیالیستییە سەربەخۆو دیاریکراوەکاندا بژین(واتە ئەو

شوێنەی کە ئیمکانی گەشەو برەوی تواناکانی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەی تێدایە، تێیدا کار بکەن‌و بژین) لە ناو دەچێت. لە کۆمەڵەیەکی ئاوادا نەک تەنها مرۆڤ دەگۆڕێت، بەڵکو ئاژەڵانیش دەکەونە ژێر کاریگەرییەوەو چەشنگەلێکی نوێ و باشتر لە ئاژەڵان دەردەکەون‌و دێنەئاراوە.

مارکس‌و ئەنگلس خەیاڵگەلێکی ئاوایان لەبارەی ئایندەوە ڕەخنە دەکردو ئانەیان لێدەدا. وەسفکردنەکانی خودی ئەوان بۆ کۆمەڵگەی ناچینایەتی بە بەراورد لەگەڵ خەیاڵاتی سۆسیالیسنە خەیاڵییەکان تا ڕادەیەک خۆپارێزانەیە. بەبۆچوونی ئەوان پێشوێژیی پێغەمبەرانە لەگەڵ ئەو میتۆدە زانستییەی کە جێگەی پەسەندی ئەمانە ناگونجێت.

## 2. سێ سەرچاوەکەی مارکسیزم

کارل مارکس (1818–1883)و فرەدریک ئەنگلس (1820–1895) بەشێوەیەکی گشتی بیروڕاو ئامانجگەلێکی وەک یەکیان هەبوو، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە ئەندێشەکانیان لەگەڵ یەکدیدا پڕاوپڕ چوونیەک بوون: ڕەوتی گەشەو گۆڕانی ئەوان، جۆری پەیوەنییەکانیان، زانست‌و تواناکانیان بە چەشنێکی سەرنجڕاکێش لەگەڵ یەکدیدا جیاوازییان هەبوو. هەر یەکەیان هەوڵیدەدا خۆی لەگەڵ ئەوی تردا هاوئاهەنگ بکات، پرس‌و ڕاوێژیان بەیەکتری دەکردو سەبارەت بە بابەتە تیۆرییەکان‌و کارە زانستییەکان ڕای یەکترییان وەردەگرت‌و لە ڕوانین و توانای هزریی یەکتری سوودیان وەردەگرت. هەر لەبەرئەمەیە کە بەرهەمەکانیان تایبەتمەندییەکیان بەدەستهێناوەو هەردووکیان بە ناوی دامەزرێنەرانی مارکسیزمەوە دەناسرێن.

تیۆری مارکسیزم یەک سەرچاوەی نەبوو. مارکس و ئەنگلس لەژێر کاریگەری چەندین ڕەوت یان تەژمی فکریدا بوون‌و لەبەر ڕۆشنایی ئەواندا

شکڵیان بە تیۆرییەکەیان دا. زۆرتر ئەم سێ ڕەوتە هزرییەی خوارەوە وەک سێ سەرچاوەی مارکسیزم باس دەکرێن:

1. فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی، لە پێش هەموویانەوە فەلسەفەکەی هیگڵ.

2. ئابووریی سیاسیی کلاسیک، کە دامەزرێنەرو نوێنەرە ڕاستەقینەکانی ئینگلیز بوون.

3. سۆسیالیزمی بەرایی، کە بەر لە هەر شوێنێک لە فەرەنسا گەشەی کردبوو و گۆڕانی بەسەردا هاتبوو.

مارکس‌و ئەنگلس هەردووکیان لە بەرلین بە فەلسەفەکەی هیگڵ ئاشنا بوون. ئەوان لەژێر کاریگەری ئەو ئەرزە بیرکردنەوەیەدا بوون کە لە ناو هیگڵییە چەپەکان، یان لاوەکاندا ڕەواجی هەبوو. بەپێی تێگەیشتنی ئەوان (مارکس‌و ئەنگلس) میتۆدە دیالێکتیکیەکەی هیگڵ لەگەڵ کۆنسێرڤاتیزمە جێ پەسەندەکەی سازو تەبا نەبوو. هیگڵییە لاوەکانیان بە نوێنەری ڕەوتی شۆڕشگێرانە دەزانی، بەڵام بەر لە هەر شتێک هەوڵیان بۆ شۆڕشکردن لە گۆڕەپانی هزری‌و ژێرەو ژوورکردنی ئایین دەدا. بەپێی بۆچوونی ئەوان ئاڵوگۆڕی هزری دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕی سیاسی. بە دەربڕینێکی دیکە، تێگەیشتنی ئەوان بۆ مێژوو تێگەیشتنێکی تەواو ئایدیالیستیانە بوو.

مارکس و ئەنگلس هەر زوو لە دژی ئایدیالیزم وەستانەوەو تێکۆشان کە بەرامبەر ئایدیالیزمدا تیۆری دیالێکتیکی بیناکراو لەسەر ماتریالیزم بنوسن، ئەوان بەردەوام دانیان بەو مەسەلەیەدا دەنا، کە تا ڕادەیەکی دیاریکراو وابەستەی میتۆدەکەی هیگڵن، بەڵام لە هەمانکاتدا لەو باوەڕەدا بوون کە هیگڵ ئەم میتۆدەی لنگەوقوچ کردوەتەوەو لەسەر سەر دایناوە، واتە میتۆدەکەی لەسەر ئایدیاکان بینا کردووە، مارکس‌و ئەنگلسیش لەسەر قاچەکانی دایاننناوەتەوە.

ماوەیەکی زۆر ئەو مەسەلەیە جێگەی ناکۆکی بووە کە تیۆرییەکانی هیگڵ بەشێوەیەکی واقیعی چ بایەخێکی بۆ تیۆری مارکسیستی هەبووە. بەپێی بۆچوونێک، مارکسو ئەنگلس لە بەرهەمەکانی قۆناغی پێگەیشتوویی خۆیاندا تەنها ئاماژەیەکی سەرپێیو ڕێزئامێزانەیان بە مامۆستای قۆناغی لاوێتی خۆیان داوە، لەم بەرهەمانەدا ئەو گێڕانەوەو قسەلێوەرگرتنانە نابینرێن کە دەلالەت لە وابەستەیی ئەوان بۆ هیگڵ دەکات. بەپێی تێگەیشتنی نەیارانی مارکسیزم، مارکسیزم پێگەیشتنێکی زیاتری فەلسەفەکەی هیگڵە. لەم ڕووەوە کەسێک کە دەیەوێت بەشێوەیەکی واقیعی لە مارکسیزم تێبگات، دەبێت دەسەڵاتی بەسەر کۆی فەلسەفەکەی هیگڵدا بشکێت، لەبەرئەوەی ئەم فەلسەفەیە ڕێنومای تێگەیشتنی مارکسیزمە. وا دێتە پێش چاو هەڵوێستی لۆژیکیانەی دیدگایی لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا زیادەڕۆیی بێت، لەلایەکەوە بەڵگەنەویستە کە دیالەکتیکەکەی هیگڵ ڕۆڵێکی گرنگی لە شێوەگرتنی مارکسیزمدا گێڕاوە. کەچی لەلایەکی دیکەوە مارکسو ئەنگلس لەبارەی چەندین بابەتی سەرەکییەوە بۆچوونگەلێکی تەواو جیایان لە فەلسەفەکەی هیگڵ هەیە.

سەرچاوەیەکی دیکەی مارکسیزم، ئابووریی سیاسیی کلاسیکە. ئەنگلس بە تیۆرییەکانی ئادام سمسو دیۆجین ڕیکاردۆ لە ئینگلستان ئاشنا بوو، بەڵام مارکس کاتێک لە ژێر گوشاری دەوڵەتی پروسدا هەڵات بۆ پاریس توانی بەوان ئاشنا ببێت. مارکس چەندین دەیە لە ئابووری سیاسی کۆڵییەوەو کاریکرد. خاڵی وەرچەرخانی مارکس لە تۆمارکردنی تیۆرە ئابوورییەکەیدا تیۆرییەکانی ڕیکاردۆ بوو، بەڵام لە زۆر خاڵی بنەڕەتیشدا جیاوازیی لەگەڵدا هەبوو. مارکس لەو باوەڕەدا بوو کە تیۆری زێدەباییەکەی ئەو بناغەیەکی پتەوی بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانە داناوە. ئەو لە بەرگی یەکەمی سەرمایەدا

(Das capital) (بەرگی یەکەمی سەرمایە لە ساڵی 1867دا بڵاو بوەوە و ئەنگلس دوو بەرگەکەی تری لەپاش مردنی مارکس بڵاوکردەوە) دەنوسێت: «ئەم (تیۆری زێدەبایی)ە قورسترین بەردێکە، کە بەرەو ڕوی سەرمایەداریدا هەڵدراوە.»

مارکس بە سۆسیالیستە بەراییەکانی پاریس ئاشنا بوو. لەژێر کاریگەریی ئەواندا (سۆسیالیستە بەراییەکانی پاریس) لەگەڵ ئەنگلس پرۆلیتاریای پیشەسازییان لە دۆخی گەشەکردندا وەک چینێک هەڵسەنگاند کە دەبێت لە دژی کۆمەڵگەی بۆرژوازی شۆڕش بکات، پاشان مارکسو ئەنگلس لە دژی ڕەوتە سۆسیالیستەکانی دیکە وەستانەوەو تیۆری شۆڕشگێرانەی تایبەت بە خۆیان داڕشت. ئەم تیۆرییە یەکەم جار لە مانیڤێستۆی پارتی کۆمۆنیستدا5 (1848) پێکهات. ئەوان لەسەر داوای یەکێتی نێو نەتەوەیی کۆمۆنیستەکان کە ساڵی 1847ی پێوەی پەیوەست بوو بوون پێکەوە ئەم بەیاننامەیەیان نووسی. بەتێپەڕینی کات بە شێوەیەکی ئاشکراو بەرچاو تێگەیشتنی مارکسو ئەنگلس بۆ ئامرازو تواناکانی خەباتی شۆڕشگێڕانە گۆڕانیان بەسەردا هات، بەڵام مانیڤست وەک ڕێنمایەکی گشتیو پرۆگرامێکی تێرو تەسەلو بێکەمایەسی پێگەی خۆی پاراست. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مارکسو ئەنگلس نە لەم نووسینەو نە لە هیچ بەرهەمێکی دیکەیاندا وەک سەنەدێک کە دەبێت بۆ هەموو سەردەمەکان دەست بدات تەماشای ئەم مانیڤیستۆیەیان نەکردوە، ئەوان زۆر ڕاشکاوانە باوەڕیان بەو مەسەلەیە هەبوو کە تیۆری سیاسی دەبێت لەڕوی ئەزموونکاریی پراکتیکییەوە بەردەوام بگۆڕێتو دەوڵەمەند ببێت. قەیرانە ئابوورییە گەورەکان کە پێشتر لە دەیەکانی پێنجەمو شەشەمی سەدەی نۆزدەدا لە هەموو شوێنێکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیا ڕوویان دابوو، هەروەها ڕژێمی شۆڕشگێڕانەی کورتخایەن کە بە کۆمۆنەی

پاریس ناسراوە لە نمونەی ئەو ئەزموونانە بوون. ئەوان بەشێکی زۆری کارو چالاکییەکانی خۆیان بۆ ئەم ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییانە لەپێش هەمووشیانەوە (ئینتەرناسیونالّی کرێکاریی یەکەم) تەرخان کرد کە لە ساڵی 1864دا دامەزراو لە ساڵی 1876دا بەدوای سەرهەڵدانی ناکۆکیی لە نێوان مارکسیستەکانو سۆسیالیستە ئانارشیستەکاندا هەڵوەشایەوە.

مارکسو ئەنگلس، سەرباری ئەوەی کە بەوردی چاودێریی گۆڕانکارییەکانی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیایان دەکرد، کە پلە بە پلە مەیلی بەرەو مارکسیزم دەچوو لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیانەوە لە بەریتانیاوە بە پێشنیارو ڕێنماییەکانیان یارمەتی ڕابەرانی کرێکارانیان دەدا. ئەوان لە دژی هەر ڕەوتێک کە بە بۆچوونی ئەوان هەڵەی تیۆریکیان هەبوو، یان بە لادەر لە ڕەوتی شۆڕشگێڕانە لە قەڵەم دەدران سەرسەختانە خەباتیان دەکرد. گرنگترین نمونەی ئەم چالاکییە ڕەخنەگرییانەش (ڕەخنە لە پرۆگرامەکەی گۆتا)یە کە لە نووسینی مارکسە.

سێ سەرچاوەکەی مارکسیزم شێوەی بەخشیوە بە کۆمەڵە دەستەواژەیەکی تاڕادەیەک ئاڵۆزو ڕێنومائاساکەی. چەمکە سەرەکییەکانی نێو نوسراوەکانی مارکسو ئەنگلس لە نەریتە فکرییە جیاوازەکانەوە وەرگیراون. بۆ نموونە دەتوانرێت ناوی ئەم زاراوانە ببرێت، کە لە خوارەوە هاتوون: زاراوە فەلسەفییەکانی (لەهەنگاوی یەکەمدا زاراوە فەلسەفییەکانی هیگڵ): دیالێکتیک، لێکدژی، لێکدژی دەرەکی، لێکدژی ناوەکی، زەروری، بەهای ئاڵوویر، زێدەبایی، سەرمایە، بەرهەمهێنان، دابەشکردن. زاراوەگەلێک کە لە هەموویان زیاتر دەرخەری نەریتی سۆسیالیستییە: شۆڕش، چینی کرێکار، بۆرژوازی.

بێگومان هەندێک لە زاراوەکان پەیوەندییان بە چەند نەریتێکی

جیاواز جیاوازەوە هەیە. (زاراوەی شۆڕش لای  هیگڵ خاوەنی گرنگیی خۆیەتی، زاراوەیەکی وەک زاراوەی (کار) لای مارکسو ئەنگلس، خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی کە هەم لە ئابووریی سیاسیو هەمیش لە نەریتی سۆسیالیستیو فەلسەفەی  هیگڵەوە وەرگیـراوە.) بێگومان مەسەلەی بنەڕەتی، ئەوە نییە کە کێ دروستکەری زاراوەکەیە بەڵکو ئەوەیە کە مارکسو ئەنگلس تا چ ڕادەیەک لەم زاراوانە ورد بوونەتەوە. پێناسەی ئەوان بۆ چەمکە ئابووری سیاسییەکان زۆر وردترە تا پێناسەیان بۆ چەمکە سەرەکییە فەلسەفییەکان.

دەتوانین کتێبی سەرمایە وەک نمونە لەبەرچاو بگرین. کتێبی سەرمایە هەر لە ناونیشانەکەیەوە دیـارە کە ڕەخنەیەکە لە ئابووریی سیاسی. بەڵگەنەویستە لەم بەرهەمەدا زاراوە ئابوورییەکان بایەخێکی زیاتریان پێدراوە تا زاراوە فەلسەفیو سۆسیالیستییەکان، بەڵام ئەم بەرهەمە مەبەستێتی تێگەیشتنێک لە ئابووریی سۆسیالیزم و سەرئەنجامیش بەشێکی سەرەکی لە تیۆری سۆسیالیستیش پێشکەش بکات. سەرباری ئەمەیش مارکس ڕایدەگەیەنێت کە بۆ نووسینی سەرمایە میتۆدی دیالێکتیکی بەکارهێناوە. سەرمایە هەر تەنها زاراوەگەلێکی سەرەکیی ئابووری سیاسی لەخۆ ناگرێت، بەڵکو زاراوە سەرەکییە دیالێکتیکیو سۆسیالیستیەکانیش لە خۆدەگرێت.

لە هەمانکاتدا ئـەوە ڕۆشنە کە مارکس گرنگییەکی زۆری بە پێناسەکردنی وردی زاراوەکانی ئابووریی سیاسی داوە. ئەو زۆر بەوردی زاراوەکانی (بەهای تێچوو)، (بەهای ئاڵوویر)، (هێزی کار) و غەیری ئەمانە پێناسە دەکاتو پاشان بەپێی ئەم پێناسانە بەکاریان دەهێنێت.

بـەم پێیە، لـە کتێبی (سـەرمـایـە)دا زاراوە سیاسییەکان یان سۆسیالیستییەکان خاوەنی گرنگیپێدانێکی کەمترن. ئەگەرچی مارکس بە

ڕۆشنی مەبەستی خۆی بۆ نمونە لە وشەی (شۆڕش) بەیان دەکات، بەڵام سڵ لەوە ناکاتەوە بە واتایەکی مەجازی بەکاریبهێنێت (بۆ نمونە «هێزە بەرهەمهێنەرە شۆڕشگێڕەکان»)،بەڵام زاراوە فەلسەفیو دایلەکتیکیەکان خاوەنی پێگەیەکی تایبەتین. مارکس ڕوونیناکاتەوە کە وشەگەلێکی لەچەشنی (لێکدژی)، (زهنی) یان (چۆنایەتی) چۆنچۆنی بەکاردەهێنێت. خوێنەر دەبێت لە ناوەڕۆکی تێکستەکەوە پەی بە واتای ئەم زاراوانە بەرێت؛ ئەم کارەش ئەوەندە ئاسان نییە. ئەم دژوارییە تەنانەت، بوەتە مایەی مشتومڕگەلێکی زۆر دەربارەی بنچینەی فەلسەفیی مارکسیزم.

بەهەر حاڵ ئەم مەسەلە ڕازئامێزە لە هەمان سەردەمی مارکسەوە __لەو زیاتریش ئەنگلس__ بوەتە جێی سەرنج. ئەنگلس هەوڵیدا فەلسەفەیەکی مارکسیستی دابڕێژێت، کە تیۆری مەعریفەو فەلسەفەی سروشتیو هتد لەخۆبگرێت. ئەم فەلسەفەیەی ناونا ماتریالیزمو ئەوەی خستەڕوو کە ئەم فەلسەفەیە کۆڵەکە پێویستەکان بۆ تێگەیشتنی مارکسیستیانە لە مێژوو، لە تیۆرییە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی پەیوەنددار بـەوەوە، فەراهەمدەکات. بەرهەمی ئەنگلس سەبارەت بە ماتریالیزمی مێژوویی کتێبی (ئەنتی دۆهرینگە «1878»). ئەم بەرهەمە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر مارکسیزمی قۆناغەکانی دواتر دانا، بەڵام ئەوەی کە ماتریالیزمی مێژوویی تا چ ئاستێک پێشمەرجی پێداویستییە تیۆرییەکانە کە کرۆکی سەرەکیی مارکسیزم پێکدەهێنن (ئەو تیۆرییانەی کە پەیوەستن بە بەرهەمهێنانی مادیو شێوەبەندییە کۆمەڵایەتییەکان)، بەشێوەی بابەتێکی مشتومڕئامێز دەمێنێتەوە. هەر چی چۆنێک بێت، ڕوونکردنەوەی ئاڕادەیەک دوورو درێژی دیالێکتیکی گشتی لە شرۆڤەی مێژووی بیروباوەڕە سیاسیەکاندا بە پێویست نازانرێت. سەر خەتە گشتییەکانی ڕێبازی دیالێکتیکی لە ڕاڤەی تیۆری ماتریالیزمی مێژووییدا هاتووە.

**پەراوێزەکان:**

1 Saint Simon (17601825–).

2Charles Fourier (17721837–).

3 Prodoudhon (18091865–).

4 Robert Owen (17721856–).

5 Manifest der der komununisisschen partei

**سەرچاوە:**

تاريخ عقايد سياسى از افلاتون تا هابرماس، نويسنده: سون اريک ليدمان، ترجمه: سعيد مقدم، تهران، نشر اختران، چاپ سوم، سال 1386 هجرى شمسى.

# چ مەشخەڵی بیرێک کوژایەوە
# چ دڵێکی گەورە لە لێدان کەوت!

نکراسۆف

لە عەرەبییەوە: نزار عەبدوڵڵا

لەیادی مەرگی مارکسدا ئەنجلس هـاوڕێ و یـاوەری مارکس و گەورەترین رابـەری چینی کرێکاری جیهان، لەسەر مـەزاری مارکس لە (هاگێت)ی لەندەن لە 17ی مارسی 1883دا وتەیەکی پێشکەش بەئامادەبووان کرد. ئەو وتەیە بەشێوەیەکی کورت و پوخت ژیان و کار و بەشداری مارکس لە مێژووی زانست و خەباتی چینی کرێکار و مرۆڤایەتیدا دەخاتە روو.

****

**ناوی ئەو و کاری ئەو لەسەدەکان تێپەڕدەبێ!**

دوانیوەڕۆی 14ی مارس لەسەعات 3 چارەکێک کەمدا، مێشکی مەزنترین ڕووناکبیری هاوچەرخی ئەمڕۆ لەبیرکردنەوە راوەستا. تەنها بۆ ماوەی دوو دەقیقە بەجێهڵرابوو، کاتێک چووینە ژوورەوە بینیمان لەسەر کورسیەکەی بەهێمنی خەوێکی قووڵی یەکجاری لێکەوتووە.

مەرگی ئەم پیاوە بۆ پرۆلیتاریای خەباتگێڕ لە ئەوروپا و ئەمریکادا، بۆ زانستی مێژوو، خەسارەتێکی کەم وێنەیە، هەر بەم زووانە ئەو بۆشاییە دەردەکەوێ، کە ئەم بلیمەتە لەدوای خۆی بەجێیدەهێڵێ.

هەروەکو چۆن داروین یاسای گەشەکردنی جیهانی ئۆرگانیکی دۆزییەوە، ئاواش مارس یاسای گەشەی مێژووی مرۆڤایەتی دۆرزییەوە:

ئەوم یاسایە لەو واقیعەتە سادەیەوە دەست پێدەکات، تا ئەم دواییانەش بەئایدۆلۆژیا داپۆشرابوو، کە ئینسانەکان پێش هەموو شتێک، دەبێ بخۆن

و بخۆنەوە و پۆشاک و شوێنی نیشتەجێبوونیان هەبێ، پێش ئەوەی بتوانن بیر لە سیاسەت و زانست و هونەر و دین و ... تاد بکەنەوە، هەروەها بەرهەمهێنانی راستەوخۆی بەروبوومە مادییەکانی ژیان لەهەر قۆناغێکی گەشەرکردندا، لەمیدانی ئابووریدا، بناغەیەکن کەدامودەزگاکانی دەوڵەت و بیروبۆچوونە حقوقییەکان، هونەر و تەنانەت لێکدانەوە دینیەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو لەسەریان بنیاتدەنرێ، پێویستە بەو شێوەیە لێک بدرێنەوە، نەک بە پێچەوانەوە وەکو تائێستا باو بووە.

بەڵام ئەمە هەموو شتێک نییە، هەروەها مارکس یاسای تایبەت بە جوڵانەوەی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هاوچەرخ و کۆمەڵی بۆرژوازی، کە ئەو شێوە بەرهەمهێنانەی پێکهێناوە، دۆزییەوە. دوای دۆزینەوەی زێدەبایی لەم مەیدانەدا هەموو شتێک ڕوون بوەوە، لەکاتێکدا کە باسەکانی رابووردوو کە ئابووریناسە بۆرژواکان و ڕەخنەگرە سۆسیالیستەکانیش بڵاویانکردبوەوە هەر لە تاریکیدا مابوەوە.

ئەم دۆزینەوەیە بەسە بۆ ژیانی کەسێک، بەڵکو ئەو کەسە زۆرخۆش بەختە، کە سەرکەوتووبێ و بتوانێت تەنها یەکێک لەم دووانەی دۆزیبێتەوە، بەڵام ماکس لەهەر مەیدانێکدا کە لێکۆڵینەوەی تێداکرابێ، دۆزینەوەی تایبەتی هەبووە، تەنانەت لەمیدانی ماتماتیکدا، ئەو مەیدانەی گەلێک زۆرن و هیچ کات گرنگی بەو ڕووکەشانە نەدەدان و نەدەچوونەناویانەوە.

ئاوابوو ئەم پیاوی زانست و زانست دۆستە، بەڵام ئەم سیفەتە تەنها سیفەتی سەرەکی ئەو نەبوو، لەڕوانگەی مارکسەوە زانست هێزێکی شۆڕشگێڕە و جوڵانەوەیەکی مێژووییانەی هەیە. هەرچەندە ئەو لەگەڵ هەر دۆزینەوەیەکی نوێدا لەهەر زانستێکی نەزەریدا، کە تەنانەت هەندێک جار نەدەکرا بەشێوەیەکی عەمەلی تاقیبکرێتەوە، دڵی پڕدەبوو لەخۆشی،

بەڵام دڵخۆشی بوونی زۆر جیاواز بوو، کاتێک دۆزینەوە زانستیەکە بەشێوەیەکی خێرا کاریگەری شۆڕشگێڕانەی لەسەر پیشەسازی و گەشەکردنی مێژوویی بەشێوەیەکی گشتی دادەنا، بۆ نموونە ئەو زۆر بەوردی گەشەی دۆزینەوەیەکی لەبواری کارەبادا، هەروەها ئەم دواییانەش دۆزینەوەکانی مارسیل دوبرێی، چاوێری دەکرد.

مارکس پێش هەموو شتێک شۆڕشگێڕ بوو، بەشداریکردنی بەشێوەیی جۆراوجۆر دژ بە کۆمەڵی سەرمایەداری و دامودەزگاکانی دەوڵەت کەپێکیهێنابوو، بەشداری لەمەسەلەی ڕزگاری پرۆلیتاریای هاوچەرخدا کەئەو خودی خۆی یەکەم کەس بوو، هەوڵیدا جێگەو شوێنی تایبەتی و داخوازییەکانی و هەلومەرجی ڕزگاربوونی خۆی بناسێ،... ئەمە بەفعلی پەیامی ئەوبوو لەژیاندا.

ئەو لەخەباتکردندا زۆر شێلگیربوو، بەحەماس و ڕاوەستاوی و سەرکەوتنێکی واوە ئێدەکۆشاو خەباتی دەکرد کەم کەس هەبوو وەکو ئەوبێ.

«رۆژنامەی رینان»ی یەکەم ( Rheinische zeitung) لە ساڵی 1843دا و «فۆرفارتس»ی (vorwosts) پاریسی لە ساڵی 1844و «ساڵانەی ئەڵمانی بەلجیکی» (Deutsche–Brusseler–zeitung) لەساڵی 1847 و «رۆژنانەی ریناني نوێ: (Rheinische Zeitung) لە 1848 و 1849دا و نیۆرک دەیلی تریبیۆن (1852 –1861newyork daily tribune) ، و زۆر نامیلکەی خەباتکارانەی تر، کارکردن لە ڕێکخراوەکانی پاریس و بڕۆکسل و لەندەن، تادەگات بەبنیاتنانی ئەنتەرناسیونالی یەکەم، ئەمانە هەمووی کارێکن کە هەرکەس کردبێتی حەقێتی شانازی پێوەبکات، تەنانەت ئەگەر هیچ کاریکی تری نەکردبێت.

لەبەرئەوە مارکس ئەو پیاوەبوو، کە هیچ کەس وەک ئەو دوژمنی نەبوو، کەس وەک ئەو تۆمەت و درۆی بۆ هەڵنەبەسترا. حکومەتەکان، هەم ئیستبدادییەکان و هەم کۆماریەکان، نەفیان کرد و دووریان خستەوە.. بۆرژواکان-هەم خۆپارێزەکانیان و هەم دیمرکراتە توندڕەوەکانیان - لەنێوان خۆیاندا پێشبڕکێیان بوو، تا نەفرەتی لێبکەن و شتی هەڵبەستراوی بەسەردا ببارێنن.

بەڵام هەموو ئەوانەی لەسەر رێگای خۆی وەکو لابردنی تەنافی جاڵجاڵۆکە پاککردنەوە، تەنها لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێ وەڵامی نەدایەوە، بۆیە بەڕێزەوە مرد، بەخۆشەویستیەوە گیانی لەدەستدا، بە ملیۆنەها لە هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانی لە فکر و لەخەباتدا و لەهەموو ئەوروپاو ئەمریکادا، لەکانە خەڵوزەکانی سیبریاوە تا کالیفۆرنیا بۆی دەگرین، دەتوانم بەجورئەتەوە بڵێم، ئەو لەژیانیدا دوژمنی زۆری هەبوو، بەڵام جێگەی گومانە کە لانی کەم یەک کەس دوژمنی شەخصی ئەو بووبێ.

# کرێکارنی جیهان یەکگرن!

**لودڤیگ فۆیرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی**

**لەگەڵ پاشکۆی: کارڵ مارکس تێزەکان دەربارەی فۆیرباخ**

**ئەنگلس**

**وەرگێڕانی: سالار ڕەشید**

«مارکس و ئەنگلس بە لێبڕاوەترین تەرز، داکۆکییان لە ماتریالیزمی فەلسەفی کردووە و چەندین کەڕەت ئەویان ڕۆشنکردوەتەوە، کەهەر جۆرە لادانێک لەم بنەمایانە، هەڵەیەکی گەورەیە. تێروانینەکانیان زۆر بە ڕۆشنی و بە درێژی لەو دوو پەڕاوەی ئەنگلس: «لوڤیگ فۆیرباخ» و «ئاننی دۆهرینگ»، کە مانەندی «مانیفێستی کۆمونیستی»، لە ڕێزی ئەو کتێبانەیە کە دەبێت هەردەم لە بەردەستی هەر کرێکارێکی وشیاردا بێت، خستوەتەڕوو».

**لێنین**

**پێشەکی**

کارل مارکس لە پێشەکی پەرتووکەکەی «دەربارەی ڕەخنە لە ئابوریی سیاسی»، چاپی بەرلین 1859، باسی ئەوە ئەکات کە چۆن لە ساڵی 1845 لە برۆکسل، پێکەوە بڕیاری ئەوەماندا کە «هەردووک پێکەوە، تێڕوانینەکانمان» یانی تێگەیشتنی ماتریالیستانە بۆ مێژوو، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن مارکسەوە داڕێژران «بەپێچەوانەی تێڕوانینە ئایدیۆلۆژییەکانی فەلسەفەی ئەڵمانی دابڕێژین و لە ناوەرۆکی کارەکەوە، حیسابی خۆمان، لەگەڵ ویژدانی فەلسەفیی پێشوومان، یەکلا بکەینەوە. ئەم نیازەی ئێمە، بەشێوەی ڕەخنەگرتن لەو فەلسەفەیەی کەلە پاش هیگڵ پەیدابوو، بەئەنجام گەییشت.

زۆر دەمێک بوو، دەسنوسەکە- کەپێکهاتبوو لە دوو بەرگی گەورە، بەقەوارەی هەشتیەک- گەییشتبووە جێگای چاپ، یانی وستفالیا، کاتێک ئێمەیان ئاگادارکردەوە، کە بە هۆی گۆڕانی هەلومەرجەکەوە، مەحاڵە پەرتووکەکە لە چاپ بدرێ. بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە بەمەبەستی سەرەکیمان - کە ڕۆشنکردنەوەی مەسەلەکان بوو بۆ خۆمان گەییشتبووین، ئەوا بە خۆشحاڵییەوە، دەسنوسەکەمان خستە بەردەم رەخنەی مشکە کرتێنەرەکان.

لەو کاتەوە، چل ساڵ زیاتر تێپەڕیوە و مارکس کۆچی دوایی کردووە. بۆ هیچ یەکێکمان، ئەو هەلەنەڕەخساوە، کە جارێکی تر بگەرێینەوە سەر بابەتی ناوبراو. ئێمە هەڵوێستی خۆمان لە زۆر بۆنەدا، سەبارەت بە هیگڵ خستوەتە ڕوو، بەڵام ئەم کارەمان لە هیچ نوسراوەیەکدا بەتەواوی بەئەنجام نەگەیاندوە. هەرچی دەربارەی فۆێرباخە، کەلە هەندێک لایەنی دیاریکراودا، ئەڵقەی پەیوەندی نێوان هیگڵ و تیۆرییەکەی ئێمەیە، بەهیچ جۆرێک نەگەڕاوینەتەوە سەری. لەو ماوەیەدا، تێروانینی مارکس بۆ دنیا، لایەنگرانێکی لە دەرەوەی سنورەکانی ئەڵمانیا و ئەوروپا و تەواوی زمانە ئەدەبییەکانی دنیا بۆ پەیدا بوو. لەلایەکی دیکەوە، فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی لە دەرەوەی ئەڵمانیا، بە تایبەت لە ئینگلتەرا و لە وڵاتە ئەسکاندیناڤییەکان،جۆرێک بوژانەوەی بە خۆی بینی. وەک دەرئەکەوێ، تەنانەت لە ئەڵمانیا، هەر هەموو ئەو چێشتە بێتامە ئیختیارییەیان پێئەگەیان، کەلە زانکۆکاندا بە ناوی فەلسەفەوە پێشکەشیان دەکرا.

لەبەرئەوە هەتا ئەهات زیاتر، ئەوەم لەلا گەڵاڵە ئەبوو، کە چۆن تێڕوانینی خۆمان لەسەر فەلسەفەی هیگڵ، بەشێوەیەکی کورت و رێکوپێک، یانی چۆن لێیەوە دەستمانپێکرد و چۆن وازمـان لێهینا، بخەمە ڕوو. هەروەها دەبێ بە تەواوەتی دان بەوەدا بنێم کە چۆن ئێمە قەرزارباری

فۆێرباخین و چۆن لە سەردەمی تۆفان و هێرشدا(1)، لە پاش هیگڵ، لە هەموو فەیلەسوفێکی دیکە زیاتر، کاریگەری گەورەی بەسەرمانەوە هەبوو. لەبەرئەوە من زۆر بە خۆشحاڵییەوە، پێشنیازی دەستەی دەرهێنەری گۆڤاری نوێی تزایت (2) «Neue Zwit» م قبوڵکرد، کە ئەویش نوسینەوەی شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لەو پەرتوکەی شتارکە کە لەسەر فۆێرباخ بوو. نوسینەکەم لە ژمارە چوارەم و پێنجەمی گۆڤاری ناوبراو لە ساڵی 1886دا بڵاوکرایەوە و ئێستاش بە چاپێکی سەربەخۆ، کە پێیدا چوومەتەوە، بڵاوئەکرێتەوە.

پێش ئەوەی ئەم دێڕانە بۆ چاپخانە بنێرم، دەکسنوسە کۆنەکەی ساڵانی 1845 1846-م پەیداکرد و جاررێکی تر دەرم کردەوە. لەم دەسنوسەدا، ئەو بەشەی کە تایبەتە بە فۆێرباخ، تەواو نەکراوە. ئەو بەشەی کە تەواو کراوە، بریتییە لە شیکردنەوەی ماتریالستانە بۆ مێژوو، ئەو شیکردنەوەیە بە تەنها ئەوەپیشان ئەدات کە تا چ ڕادەیەک زانیاریمان لەو سەردەمەدا، لەبواری مێژوویی ئابوریدا ناتەواو بووە. بابەتی ڕەخنە لە تیۆری فۆێرباخ لە دەسنوسەکەدا نییە، هەربۆیە ئەم نوسینەم، ناتوانم پشتی پێ ببەستم. بەڵام لە یەکێک لە دەفتەرە کۆنەکانی مارکس، یانزە تێزەکەم، کە دەربارەی فۆێرباخە دۆزییەوە، کەلێرەدا بەشێوەی پاشکۆ، چاپکراوە. ئەم تێزانە، تێبینیگەلێکن، کە بە خێرایی نوسراون و بە هیچ جۆرێک بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە نەکراون، پێویستنسسان بە ڕێکخستن و داڕشتنەوە هەیە. بەڵام بەهای ئەوانە، وەک یەکەمین بەڵگەنامەیەک، کە ناوکی بلیمەتی جیهانبینی نوێی لە خۆگرتوە، لەڕادەبەدەرە.

**فریدریک ئەنگلس**

**لەندەن شوبات 1888**

ئەم پێشەکییە ف.ئەنگلس، بۆ چاپێکی سەربەخۆی پەرتوکەکەی بە

ناوی «لودڤیگ فۆێرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی»، کەلە ساڵی 1888 لە شتونگارت بڵاوکرایەوە.

**لودڤیگ فۆێرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی**

**بەشی یەکەم: هیگڵ**

ئەم پەرتوکەی کە لە بەردەستماندایە، ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ رۆژگارێک، کەلە ڕووی کاتەوە بە قەدەر یەک وەچە لە پاش ئێمەوەیە. بەڵام بۆ ئەم وەچەیەی کە ئێستا لە ئەڵمانیا ئەژین، بەجۆرێک بۆیان نامۆیە، وەک ئەوەی کە یەک سەدە نێوانیان بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قۆناغە قۆناغی خۆئامادەکردنی ئەڵمانیا بۆ شۆڕشی 1848 بوو و هەۆچییەک لە دوای ئەوەوە، لای ئێمە ڕوویدابێت، تەنها بەردەوامی ساڵی 1848 و جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانەیە، کە شۆڕش بەجێی هێشت.

لە ئەڵمانیای سەدەی نۆزدەیەم، هەروەکو فەرەنسای سەدەی هەژدەیەم، شۆڕشی فەلسەفی سەرتایەک بوو بۆ شۆڕشی سیاسی. بەڵام چ جیاوازییەکی مەزن لە نێوان ئەو دوو شۆڕشە فەلسەفییەدا هەبوو! فەرەنسییەکان بە ئاشکرا لە بەرامبەر سەرتاپای زانستی فەرمی و کڵێسا و هەروەها زۆر جاریش لە بەرامبەر دەوڵەت، دەجەنگێن نوسراوەکانیان لەو دیو سنور، لە هۆڵەندا و ئینگلتەرا چاپ ئەکران و بۆیە بە زۆریی خۆشیان ڕەوانەی باستیل ئەکرد. بەلام ئەڵمانەکان بە پێچەوە، مامۆستا و پەروەردەکارانی لاوان، لەلایەن دەوڵەتەوە دامەزرابوون، نوسراوەکانیان وەکو پەرتوکی پەروەردە و فێرکردن دانی پێدا نرابوو، هەروەها رێبازی هیگڵ، کە تاجی تێکڕای پەرەسەندنی فەلسەفییە، بەڕادەیەک بڵندکرایەوە کە بووە فەلسەفەی فەرمی شاهەنشاهیی پروسی! لە پشت سەری مامۆستایانێکی

لەو چەشنە و لە دەربڕینە ناڕۆشن و خۆبەزلزانینەکانیانەوە، لە ڕستە قورس و بێزارکەرەکانیانەوە، چۆن دەکرێت شۆڕش پەیدابێت؟! ئەوانیش کە لەو رۆژگارەدا، بە نوێنەری شۆڕش دائەنران، یانی لیبراڵەکان، ئایا سەرسەخترین دوژمنی ئەو فەلسەفەیە، کە ناڕۆشنی لە مێشکی مرۆڤ پێکئەهێنا، نەبوو؟ بەڵام ئەوەی کە نە دەوڵەت و نە لیبراڵەکان نەیان دەبینی، لانی کەم کەسێک، لە هەمان ساڵی 1833دا، بە ناوی هاینریش هاینەوە (3) جەیبینی.

با نمونەیەک بهێنمەوە. هیچ تێزێکی فەلسەفیی بە قەدەر ئەو تێزە بەناوبانگەی هیگڵ کە دەڵێت: «هەر واقیعییەک ماقوڵ و هەر ماقوڵێک واقیعییە»، نەبوەتە جێگای ڕێزی دەوڵەتە کورتبینەکان و دانی پێدا نەنراوە و نەبوەتە جێگای غەزەبی ئەو لیبراڵانەی کە لە کوردتبینیدا لەو دەوڵەتانە کەمتر نین.

ئەم تێزە بە ڕووکەش، پاساوێکە بۆ گشت ئەو شتانەی کە هەیە، فەلسەفەی ستەمکاری و ملهوڕی، دەوڵەتی پۆلیسی، دادگای پاشایەتی و سانسۆر پیرۆز ڕائەگرێت. فریدریک ولهیلمی سێیەم بەو جۆرە بیری ئەکردەوە، لایەنگرانیشی بەو جۆرە بیریان ئەکردەوە. بەڵام بەلای هیگڵەوە، هەر شتێک کە بوونی هەیە، بەهیچ جۆرێک، بەبێ قەیدوشەرت، واقیعی نییە. واقیعیبوونی هەرشتێک، پەیوەستە بەوەی، کە لە هەمانکاتدا پێویستیش بێت.

«واقیعییەت، لە میانەی پەرەسەندنی خۆیدا، بە شێوەی پێویستیی دەرئەکەوێ«. لەبەرئەوە، هیگڵ پێیوا نییە، کە هەر هەنگاوێکی دەوڵەت بەبێ چەندوچوون، شتێکی واقیعییە، خودی هیگڵ، بۆ نموونە، «یاسای باجی دیاریکراو»ی باس دەکرد، بەڵام ئەوەی کە پێویستییە، سەرئەنجام وەک ماقوڵ دەرئەکەوێ، بەم پێیە، ئەگەر ئەو تێزەی هیگڵ لەگەڵ

دەوڵەتی پروسی ئەو سەردەمە بەکاربەرین، ئەوا تەنها ئەم مانایەی ئەبێت: ئەم دەوڵەتە بەو ڕادەیەی کە پێویسنە، بە هەمان ڕادەش ماقوڵە و لەگەڵ ژێریدا جووت دێتەوە. ئەگەر بەم حاڵەوە، لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەم دەوڵەتە گەندەڵە و پاساوی گەندەڵیی دەوڵەت، لە گەندەڵی دەستوپێوەندەوەیە. پروسییەکان ئەو دەمە، دەوڵەتێکی وایان هەبوو، کە شایانی خۆیان بێت.

بەڵام واقیعییەت، لە دیدگای هیگڵەوە، بەهیچ جۆرێک سیفەتگەلێکی لەو جۆرە نییە، کەلە هەموو هەلومەرج و سەردەمێکدا، پاشکۆی سیستەمێکی سیاسیی وەیان کۆمەیەتی دیاریکراو بێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە، کۆماری ڕۆمانی واقیعی بوو، بەڵام ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیش کە کۆماریی لە مەیدان وەدەرنا، ئەویش دیسانەوە واقیعی بوو. هەروەها پاشایەتیی فەرەنسا لە ساڵی 1789 بە ڕادەیەک ناواقیعی بوو. یانی بە ڕادەیەک کە پێویستی مانەوەی بە هیچ جۆرێک نەمابووەوە و بەڕادەیەک ناماقوڵ بوو، کە پێویست بوو شۆڕشی مەزن، کە هیگڵ هەمیشە بە شۆڕوشەوقێکی زۆرەوە باسی ئەکرد، بیروخێنێت. لەبەرئەوە پاشایەتی لێرەدا ناواقیعیی، بەڵام شۆڕش واقیعی بوو. ڕێک بە هەمان شێوە، هەموو ئەو شتانەی کە لە ڕابردودا واقیعیی بوون، لە ڕەوتی پەرەسەندندا، ئەبنە ناواقیعی و پێویستیبوون و مافی ژیانی خۆیان، هەروەها سیفەتی ماقوڵێتی، لەدەستئەدەن. واقیعەتی نوێ، کە بۆ ژیان بشێت، جێگاە واقیعەتی لەناوچوو ئەگرێتەوە، ئەگەر هاتوو کۆنەکە ژیربوو، وە بەبێ بەرگریی، بە چارەنوسی خۆی ڕازی بوو، ڕێگایەکی ئاشتیانە و ئەگەریش لەبەرامبەر ئەم پێویستییەدا وەستایەوە، ئەوا ڕێگای توندوتیژی بەکاردەبرێت. بەو شێوەیە ئەم تێزەی هیگڵ، لە ژێرتیشکی دیالێکتێکیخودی هیگڵ، بەدژی خۆی دەگۆڕێت: هەموو ئەو شتانەی کەلە مەیدانی مێژووی مرۆڤایەتیدا واقیعین، بە تێپەڕینی کات

لەگەڵ ژیریدا پێچەوانە دەبنەوە، بەم پێیە هەموو واقیعەتێک بە تەبیعەتی خۆی ناماقوڵەو هەر لەسەرتاوە مۆری ناماقوڵی بە خۆیەوە ناوە، هەروەها هەموو ئەوانەی کە لە مێشکی مرۆڤدا ماقوڵن، هەرچەندە لەگەڵ واقیعەتی بە ڕووکەش دژایەتیشیان هەبێت، بڕیارە کە سبەی ڕۆژ بە واقیعەت بگۆڕێن.ئەو تێزەی کە دەڵێت، هەموو شتێکی واقیعی، ماقوڵە، بەپێی هەموو ڕێساکانی ڕێبازی هیگلی، بر تێزێکی دیکە ئەویش هەر شتێک کە هەیە، شایستەی پوکانەوەیە ئەگۆڕێت. بەڵام لەهەمانکاتدا گرنگیی واقیعی و مۆرێکی شۆڕشگێڕانەی فەلسەفەی هیگڵ (کە پێویستە ئێمە لێرەدا، توێژینەوەکەمان بە دوا قۆناغی بزوتنەوەی فەلسەفی، کە لە سەردەمی کانتەوەدەستیپێکردووە، سنوردار بکەینەوە) لەوەدایە، کە فەلسەفەی هیگڵ دوا سنوری بۆ هەر جۆرە وێنایەک لە مەڕ دوا بەشی بەرهەمی بیر و کاری مرۆڤ دانا. لە دیدگای هیگڵەوە ئەوەی، کە دەبێ فەلسەفە بیزانێت ئەوەیە، کە ڕاستی کۆمەڵە بڕوایەکی وەشکەڵاتوو و ئامادەکراو نییە، کە لە دوای دۆزینەوەی ئەرکی مرۆڤ تەنها ئەوە بێت کە بچێت لەبەریان بکات، بەڵکو ئێستا ئیتر شوێنی ڕاستی خودی پرۆسەی زانین و پەرەسەندنی مێژووی دوورودرێژی زانستە، زانستێک کە لە پلە نزمەکانی زانستەوە بۆ پلە بەرز و بەرزترەکانی هەڵدەکشێت، بەڵام هەرگیز ناگاتە خاڵی بەناو ڕاستیی ڕەها ، کە ئیتر نەکرێ لەوە تزیاتر مرۆڤ هەنگاوی زیاتر بنێ و کارێکی تری بۆ نەمابێتەوە، جگە لەوەی دەست بنێتە سەر دەست و لە نێو خەیاڵی جوانیی ئەو ڕاستییە ڕەهایەی کە بە دەستیهێناوە بتوێتەوە. ڕەوەندەکە بەم جۆرەیە، چ لە مەیدانی مەعریفەی فەلسەفی وەیان لەمەیدانی هەر مەعریفەیەکی دیکە و هەروەها لە مەیدانی چالاکی عەمەلیشدا. مێژووش بە هەمان شێوەی زانینە، هەرگیز لە حاڵەتێکی کامڵ و نموونەیی مرۆیی، بە سەرئەنجامێکی

کۆتایی ناگاتْ. کرمەڵگەی کامڵ و«دەوڵەتی» دوو شتن دەکرێ بە تەنها لە دنیای خەیاڵدا بوونی هەبێتْ، بەڵام مەسەلەکە بە پێچەوانەوەیە، هەموو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان کە لە مێژوودا جێگای یەکتری دەگرنەوە، جگە لە قۆناغگەلێکی کاتیی پەرەسەندنی کۆمەڵی مرۆیی، کە کۆتایی نییە لە قۆناغێکی نزمەوە بۆ بەرز شتێکی تر نییە. هەر قۆناغێکی پێویستْ، کە قەرزارباری ئەو هەلومەرج و ڕژگارەیە کە تیایدا گەشەی کردووە، باش و پەسەندکراوە، بەڵام لە بەرامبەر ئەو هەلومەرجە نوێ و باڵاترەدا، کە پلە بە پلە لە هەنگاوی خودی خۆیەوە پەیدا ئەبێ و گەشە ئەکاتْ، باشی و پەسەندێتی لە دستْ ئەداتْ و جێگەی بۆ چۆڵ ئەکاتْ. ئەم قۆناغە ناچار ئەبێ کە جێگا بۆ قۆناغێکی باڵاتر چۆڵ بکاتْ، کە ئەویش لە نۆرەی خۆیدا تووشی داماوی و لەناوچوون دەبێتْ. هەروەکو چۆن بۆرژوازی بە هۆی پیشەسازی گەورە و کێبەرکێ و بازاڕی جیهانییەوە، تەواوی دامەزراوە لە مێژینە جێکەوتەکان، کە چەندین سەدەی دووردرێژ پیرۆز ڕاگیرابوون، تێکوپێک ئەشکێنێ، بە هەمان شێوە ئەم فەلسەفەی دیالێکتیکە، تەواوی ئەو وێنایانەی کە باسی ڕاستی ڕەها و کۆتایی و هەلومەرجی مرۆڤایەتیی ڕەها کە جوتبێتەوە لەگەڵیاندا ئەکاتْ، تێکوپێک ئەشکێنێ. بەلای فەلسەفەی دیالێکتیکییەوە، هیچ شتێکی کۆتایی، ڕەها و پیرۆز نییە ئەم فەلسەفەیە پێیوایە، لەناوچوون مەسەلەیەکی ناچارییە بۆ هەموو شتێک و هیچ شتێک جگە لە ڕەوتی بەردەمی گەشە و نەمان و بڵندبونەوەی بێ کۆتایی لە نزمەوە بۆ بەرز، توانای وەستانەوە لە بەرامبەریدا نییە. هەروەها بۆ خۆشی ڕەنگدانەوەیەکی سادەی ئەم پرۆسەیەیە لە هزری بیرمەندداا. ئەوە دروستە کە ئەم فەلسەفەیە لایەنی کۆنەپارێزانەشی هەیە، ئەویش بەو جۆرەی کە وەک شتێکی باش و پەسەند دەڕوانێتە هەر قۆناغێکی دیارکراو

له پەرەسەندنی زانین و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەلومەرج و سەردەمی خۆیدانەک زیاتر. کۆنەپارێزی ئەم شێوە تێگەیشتنە ڕێژەییە، بەڵام لایەنە شۆڕشگێڕییەکەی ڕەهایە- ئەمە تەنها ڕەهایەکە کە فەلسەفەی دیالێکتیک پێی ڕازیی بێت.

ئێمە لێرەدا بە پێویستی نازانین لەو مەسەلەیە بکۆڵینەوە، کە ئایا ئەم شێوە تێگەیشتنە لەگەڵ هەلومەرجی هەنووکەیی زانستییە سروشتییەکاندا بە تەواوی ڕێک دێتەوە، ئەو زانستانەی کە پێشبینی ئەگەری لەناوچوونی گۆی زەوی و لەناوچوونی دانیشتوانەکەی بە دڵنیاییەکی ڕێژەییەوە دەکات و بە پێی ئەم بنەمایە، پێوایە کە مێژووی مرۆڤایەتیی جوڵەیەکی ڕوو لەسەر نییە بە تەنها، بەڵکو ڕوو لە خواریشە، بەڵام بە هەرحاڵ ئێمە هێشتا لەو خاڵی وەرچەرخانەی، کە میژووی کۆمەڵگە جزڵەی ڕوو لە خواری خۆی لێیەوە دەسپێئەکات،گەلێک دوورین و ناشێتیش ئەو چاوەڕوانییەمان لە فەلسەفەی هیگڵ هەبێت، کە گرنگی بە مەسەلەیەک بدات کە زانستەکانی سروشت هەتاوەکو ئێستا لە دەستوری کاری خۆیاندا دایان نەناوە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە باس بکرێت ئەوەیە، کە ئەو بۆچوونانەی لە سەرەوە لێی دواین، بەو شێوە لێبڕاوانەیەی ئێمە خستمانە ڕوو، هیگڵ نەیخستوەتە ڕوو. ئەوانە ئەنجامگیرییەکن کە ئەو ڕێبازەی ئەو بە ناچاری پێی دەگات، بەڵام خۆی هەرگیز بە ڕاسشکاوییەکی لەو جۆرە، ئەم ئەنجامگیرییەی نەکردووە، ئەویش لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەوەشە کە هیگڵ ناچاربووە سیستەمێک بنیات بنێت، سیستەمەی فەلسەفەیش بەپێی نەریتی باو هەر لە میژەوە، ئەبێت بەم یان بەو ڕاستییە ڕەهایە کۆتایی بێت. هەروەها ئەوە خودی هیگڵیشە، بە تایبەت لە پەرتووک «لۆژییک»ەکەی خۆیدا، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم ڕاستییە نەمر جگە لە

خودی پرۆسەی لۆژیکیی (بەمانایەکی تر: resp: مێژوویی) شتێکی دە نییە، هیگڵ خۆی بە ناچار ئەزانێت کە کۆتاییەک بۆ ئەم پرۆسەیە دابنێت، چونکە سەرئەنجام ئەو پێویستە فەلسەفەکەی بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆتایی پێ بهێنێت. ئەو ئەتوانێت لە «لۆژیک»دا، لەو کۆتاییە سەرەتایەکی نوێ دەستپێبکات، چونکە خاڵی کۆتایی یانی بیرۆکەی ڕەهاـ کە تەنها لەبەرئەوە ڕەهایە، چونکە ئەو هەرگیز ناتوانێت شتێکی لەبارەوە بڵێت__ لەوێدا خۆی «دەگوازێتەوە» (یانی ئەگۆڕێت) بۆ سروشت پاشان لە شێوەی ڕۆح __ یانی بیر و مێژوو __ دووبارە ئەگەڕێتەوە بۆ خۆی. بەڵام لە کۆتایی هەر فەلسەفەیەکدا، بۆ گەڕانەوەیەکی لەم چەشنە بۆ خاڵی لێوەهەستان، تەنها یەک ڕێگا ئەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە کۆتایی مێژوو بەم شێوەیە وێنا بکات: مرۆڤایەتی، بەتەواوییدەستی بە زانینی بیرۆکەی ڕەها ئەگات و ڕایدەگەیەنێت کە زانینی ئەم بیرۆکەی ڕەهایە، لەلایەن فەلسەفەی هیگڵەوە بەدەستهاتوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەیە کە هەموو ناوەڕۆکێکی وشکەڵاتووی سیستەمی هیگڵ وەکو ڕاستییەکی ڕەها ڕابگەیەنین، کە ئەمەش ناکۆکی لەگەڵ شێوازە دیالێکتیکییەکەی خۆی، کە هەموو شتێکی وشکەڵاتوو وێران ئەکات. ئەمە یانی خنکاندنی لایەنی شۆڕشگێڕیی لە ژێر فشاری لایەنی لە ڕادەبەدەر هەڵاوسانی کۆنەپارێزانە، نەک لە مەیدانی زانینی فەلسەفی بە تەنها، بەڵکو لە بواری پراکتیکی مێژووییشدایە. مرۆڤایەتی کە بە هۆی هیگڵەوە بە بیرۆکەی ڕەها گەییشت، پێویستە لە مەیدانی پراکتیکیشدا تا ئەو ئاستە بچێتە پێش کە بتوانێت، گۆڕینی ئەم بیرۆکەی ڕەهایە بۆ واقیعەت فەراهەم بکات. بەم پێیە، بیرۆکەی ڕەها پێویستی نە ئەکرد بۆ هاوچەرخەکانی خواستی سیاسی زۆر مەزن پێشکەش بکات، لەبەرئەم هۆیە، ئێمە لە کۆتایی «فەلسەفەی مافەکان»دا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە پێویستە

بیرۆکەی ڕەها لە ژێر سایەی پاشایەتیی پایەپایەییدا، کە فریدریک ویلهیلمی سێیەم، پەیمانی بە دەستوپێوەندەکانی ئەدا و پێی لەسەر دائەگرت، بەڵام بەجێی نەئەگەیاندبەم ئەنجامە بگات، یانی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی چینە دەسەتدارەکان، دەسەڵاتی ناڕاستەوخۆی سنوردار مامناوەندی، کە لەگەڵ پەیوەندییەکانی وردەبۆرژوازی ئەو دەمەی ئەڵمان ڕێک دێتەوە. هەروەها هەوڵ ئەدرێت کە ناڕاستەوخۆ، پێویستبوونی چینە نەجیبزادەکانمان بۆ بسەلمێنن.

بەهەمان شێوە، تەنها پێویستییە دەروونییەکانی سیستەمە بە ڕادەی پێویست ئەوە ڕۆشن ئەکاتەوە کە بۆچی شێوازێکی بیرکردنەوەی لە ڕادەبەدەر شۆڕشگێڕانە، بە ئەنجامگیرییەکی سیاسیی زۆر ئاشتیانە ئەگات. بەڵام شێوەی تایبەتی ئەم ئەنجامگیرییە بێگومان، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە  هیگڵ ئەڵمانی بووە و وەکو گۆتەی هاوچەرخی، بە ڕادەیەکی بەرچاو کورتبینی وردەبۆرژوازی بەسەردا زاڵبووە. گۆتەش هەروکو  هیگڵ، هەر یەکەیان لە مەیدانی خۆی بە تەواوی مانا، زێوسی ئۆلۆمپی (4) واقیعی بوون، بەڵام نە یەکەمیان و نە دووەمیان، نەیانتوانی بە تەواوی خۆیان لە کورتبینی وردەبۆرژوازی ئەڵمانی رزگار بکەن.

بەڵام ئەو ڕێگەی لەوە نەگرت کە سیستەمی  هیگڵ، مەیدانگەلێک بگرێتەوە بە بەراورد لە تەک تەواوی سیستەمەکانی پێشینی خۆی، گەلێک فراوانتر بێت و لەم مەیدانەدا، سەروەتێکی فیکری وەها بەدەستبهێنێ کە هەتاوەکو ئێستاش سەرمان لێی سوڕبمێنێ.  هیگڵ لە فینۆمینۆلۆژی ڕۆح (کە ئەکرێت لەگەڵ زانستی کۆرپەلەناسی و کاهینناسی رۆح بەرابەر دابنرێت، پەرەسەندنی هەستی فەردیی لە قۆناغە جیاجیاکانیدا، بە کورتکراوەی ئەو قۆناغانە دەچوێنرێت کە لە ڕووی مێژووییەوە هەستی

مرۆیی پیایدا تێپەڕیوە). لە لۆژیک لە فەلسەفەی سروشت لە فەلسەفەی ڕۆح کە لە لقە مێژوییە فراوانەکانیدا، یانی فەلسەفەی مێژوو، ماف، ئاین، مێژوویی فەلسەفە و جوانناسییو ... هتد. ڕۆشن کراوەتەوە هیگڵ هەوڵ ئەدات، لەهەر مەیدانێک لەو مەیدانە مێژووییە جۆراوجۆرانەدا، ئەو هێڵی پەرەسەندنە کە لە نێوا ئەو مەیدانەوە گوزەرئەکات، بدۆزێتەوە و دەستنیشانی بکات. هەروەها لەبەرئەوەی هیگڵ نەک هەر بلیمەتێکی داهێنەر، بەڵکو زۆر دانا و خاوەن زانیاری و زانستێکی زۆر فراوان بوو، هەر بۆیە کارەکانی ئەو لە هەر شوێنێک کە پێی هەستابێت سەردەمێکی بە تەواوی هێناوەتەکایەوە. ئەوەش بۆخۆی ڕۆشنە کە پێویستسەکانی «سیستەم»، لە زۆر لایەنەوە ناچاری کردووە کە لێرەدا پەنا بۆ داڕشتنی دروستکراو بەرێت، کە تا ئێستاش نەیارە بێ ئابڕووەکانی لەو بارەیەوە لە ڕادەبەدەر هاتوهاواریانە. ئەگەر کەسێک بێهودە خۆی بە تەماشاکردنی ئەو داڕشتنانەوە خەریک نەکات و بچێتە قوڵایی ئەو تەلارە مەزنەوە، گەنجینەیەکی یەکجار زۆری بەرچاوئەکەوێت، کە هەتاوەکو ئێستا بەهای خۆی بە تەواوی پاراستوە. بەلای گشت فەیلەسوفەکانەوە، شتێک کە لە نێودەچێت «سیستەم»ە، ئەمەش چونکە سیستەمەکان لە پێویستیی رۆحی مرۆییەوە کە لەناوناچێت، یانی پێویستی زاڵبوون بەسەر تێکڕای ناکۆکییەکان، سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئەگەر بە یەکجاریی، ناکۆکییەکان گشت لابران ئەوا ئێمە بە حەقیقەتی بە ناو ڕەها ئەگەین و مێژووی جیهان کۆتایی پێ دێت، بەڵام لە هەمانکاتدا پێویستە لەسەری کە بەردەوام بێت، تەنانەت ئەگەر کارێکیش نەمابێتەوە بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات. بەو جۆرە ناکۆکییەکی تازە سەرهەڵئەدات، ناکۆکییەک کە توانای چارکردنی نییە. چاوەڕوانییەک کە لە فەلسەفە ئەکرێ، کە بێت هەموو ناکۆکییەکان چارەسەر بکات،

وەک ئەوەیە داوا لە فەیلەسوفێک بکرێت کارێک ئەنجام بدات، کە تەنها تێکڕای مرۆڤایەتی لە ڕەوتی پەرەسەندنی ڕوو لە پێشی خۆیدا ئەتوانێت ئەنجامیبدات. کاتێک کە پەی بەم خاڵە ئەبەین ــ کەێمە لەوەدا لە هەر کەسێکی کە زیاتر قەرزارباری هیگڵین ــ سەردمی هەرجۆرە فەلسەفەیەک، بە مانا کۆنەکەی ئەم وشەیە کۆتایی پێدێت. ئێمە «حەقیقەتە ڕەها» کە لە ڕووی پرانسیپەوە هیچ کەسێک بە تەنها، لەم ڕێگایەدا ناتوانێت دەستی پێبگات، بەجێ ئەهێڵین و لەبریی ئەوە، لە ڕێگەی زانستە جێکەوتەکان و بەگشتییکردنی ئەنجامگیرییەکانیان بە هۆی دیدگای دیالێکتیکییەوە، بکەوینە شوێن حەقیقەتی ڕێژەیی، کە دەکرێ دستمان پێیڕابگات. فەلسەفە بە شێوەیەکی گشتیی، لەگەڵ هیگڵ کۆتایی پێدێت، چونکە لەلایەکەوە ڕێبازکەی هیگڵ بەرئەنجامێکی مەزنە لە گشت ئەو پەرەسەندنانەی کەلە ڕابردودا فەلسەفە بە خۆیەوە بینیویەتی و لەلایەکی ترەوە، خودی هیگڵ ئەگەرچی بێئاگایتنە بووە، ڕێگەیەکمان ئیشان ئەدات کە لە تەنگەبەرییە پڕ پێچ و پەناکانی سیستەمەکان بێینە دەر و ڕووە و مەعریفەی واقیعیی جێکەوتووی جیهان هەنگاو بنێین.

دژوارییەک لەوەدا نییە مرۆڤ درک بەوەبکات، کەسیستەمی هیگڵ لە چینگەی ئەڵمانیای ئالودەبوو بە فەلسەفە ئەبێت چ کاریگەرییەکی مەزنی هەبێت. ئەوە مارشێکی سەرکەوتوو بوو کە دەیان ساڵی خایاند و هەرگیز بەمەرگی هیگڵ کۆتایی نەهات. بەڵکو بەپێچەوانەوە دەسەڵاتی ڕەها «هیگڵیزم»، بەتایبەت لە ساڵەکانی نێوان 1830 بۆ 1840، گەیشتە ئەوپەڕی، تەنانەت دوژمنەکانیشی کەم تا زۆر دانیان پێدا ئەهێنا. لەو سڵانەدا بە تایبەت بە شێوەیەکی ئاگایانە وەیان بێئاگایانە، تیۆرییەکانی هیگڵ بەشێوەیەکی فراوان لە زانستە جۆراوجۆرەکاندا بەکار ئەهێنرا، تەنانەت بووە هەوێنی

بڵاوکراوە سادەکان و چاپکراوەکانی ڕۆژیش ، کە «ڕۆشنبیران»ی ماماوەندی کردبوویانە سەرچاوەی زەخیرەی تێڕوانینەکانیان. بەڵام ئەم سەرکەوتنە لە تەواوی مەیدانەکاندا، جگە لە سەرەتایەک بۆ جەنگی ناوخۆیی، شتێکی تر نەبوو.

تێۆری  هیگڵ بەشێوەیەکی گشتیی، هەروەکو بینیمان مەیدانێکی فراوانی بۆ تیۆرەکانی پراکتیکی حیزبیی زۆر لێک جیاواز بەجێهێشت، بەڵام لە زیندەگی تیۆری ئەو دەمەی ئەڵمانیا، لە پێش هەر شتێکی دی دووشت جێبایەخی پراکتیک بوون: ئاین و سیاسەت. هەر کەسێک زیاتر نرخی بۆ سیستەمەکەی  هیگڵ دان، ئەوا لە هەر یەکە لەو دوو مەیدانە ئەشێ تارادەیەکی زۆرکۆنەپارێز بێت. بەڵام ئەو کەسەی مێتۆدی دیالێکتیک بە شتێکی سەرکی دائەنێ ئەشێ چ لە سیاسەت چ لە ئاین، بکەوێتە نێو توندڕەوترین ئۆپۆزسیۆنەوە. خودی  هیگڵ سەرباری لە ئارادابوونی چەخماخەی زۆری توڕەیی شۆڕشگێڕانە لە دانراوەکانیدا، بەشێوەیەکی گشتی مەیلی بۆ لایەنە کۆنەپارێزەکە هەیە: سیستەمەکەی  هیگڵ گەلێک زیاتر لە مێتۆدەکەی «کاری فیکریی سەنگین»ی بەسەر هیگڵدا سەپاندووە. نزیک بە کۆتایی سییەکان، قوتابخانەی  هیگڵیی گەلێک ڕۆشنتر لە پێشا پارچەپارچەبوونی لێدەرکەوت. ئەوانەی کە پێیان دەوترا هیگڵییە لاوەکان _باڵی _ چەپ _ وەردەووردە لە تێکۆشانیان لە دژی پیەتیستە ئەرتەدۆکسەکان(5) و کۆنەپەرستانی فیۆدال دەستیان لە هەڵوێستی فەلسەفیی خۆبەرزلزانانە لە بەرامبەر مەسەلە گەرمەکانی ڕۆژ، ئەو هەوڵوێستەی کە لە سۆنگەی ئەوەوە، لەلایەن دەوڵەتەوە مۆڵەت بە تیۆرییەکەیان درابوو و تەنانەت پارێزگاریشیان لێدەکرا، دەستئەکێشنەوە. کاتێک کە لە ساڵی 1840 ڕیاکاریی ئەرتەدۆکسی و کۆنەپەرستیی فیۆداڵی سەرکوتگەر لە کەسایەتیی فریدریک

ویلهیلمی چوارەمدا گەییشتە سەر تەختی پاشایەتیی، وای پێویست دەکرد، کە لایەنگیریی بۆ ئەم حیزب یان ئەوی تر بە ئاشکرا و بە دەنگی بڵند ڕابگەیەنرێ. جەنگین هەروەکو پێشا بە چەکی فەلسەفیی بە ئەنجام ئەگات، بەڵام ئەم جارەیان لە پێناوی ئامانجی ڕوونی فەلسەفییدا نیی. قەسەوباسەکان ڕاستەوخۆ دەبارەی تێکشکاندنی ئاینی میراتیی و ئەو دەوڵەتەی لە ئارادایە بوو. ئەگەر دوا ئامانجە کردارەکییەکان لە «Deutsche Jahrbucher» (دۆیتشە یاربیوخێر) (6)، زۆرجار لە ژێر پەردەی فەلسەفیدا خۆی نماییش ئەکرد، ئەوا لە بریی ئەوە ئامۆژگاریی هیگڵییە لاوەکان لە «Rheinische Zeitung» (ڕاینیشە تزایتونگ) (7) لە ساڵی 1842دا، ڕاستەوخۆ فەلسەفەی بۆرژوا ڕادیکاڵی پەرەگرتوو بوو، ئەو پەردە فەلسەفیەش کە خۆیان لێوە پێچابوون تەنها بۆ چاوبەستەکێی سانسۆرچییان بوو.

بەڵام ڕێگای سیاسەت لەو دەمەدا زۆر سەخت بوو، بۆیە خەباتی سەرەکی ڕووی لە ئاین بوو. خەبات لە دژی ئاینیش لەو دەمەدا، بە تایبەت لە ساڵی 1840ەوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خەباتێکی سیاسی بوو. پەڕاوەکەی شتراوس بە ناوی «ژیانی مەسیح» کەلە ساڵی 1835دا بڵاوکرایەوە یەکەمین تەکانێم بوو لەو بارەوە، پاشان برۆنۆ باوێر لە دژی تێۆری پەیدابوونی ئەفسانەکانی ئینجیل، کە لەو پەڕاوەدا باسکراوە وەستایەوە و هەوڵیدا ئەوە بسەلمێنێ، کە ژمارەیەکی زۆری چیرۆکەکانی ئینجیل لەلایەن خودی دانەرانی ئینجیلەکانەوە دروستکراون. مشتومڕی نێوان شتراوس و باوێر لە شێوەی خەباتی فەلسەفی، لە نێوان «خودئاگایی» و «جەوهەر»دا خۆی بینییەوە. مەسەلەی چۆنیەتیی پەیدابوونی چیرۆکەکانی ئینجیل سەبارەت بە موعجیزە یانی، ئایا ئەم چیرۆکانە لە ڕێگای دروستکردنی ئەفسانە و بە شێوەیەکی نا ئاگایانە بەپێی نەریتێک کە باوبووە، لە دەروونی کۆمۆنەکانەوە

سەریانهەڵداوە یان دانەرانی ئینجیلەکان دایانهێناون، مەسەلەی مەعریفەی بەرەو ئەوە پەلکێش کرد کە: هێزی بزوێنەری سەرەکیی مێژووی جیهان کامەیە «جەوهەر»ە وەیان «هەست». لە کۆتاییدا شتیرنەر پەیدابوو، کە پەیامبەری ئەنارشیزمی هاوچەرخە _ کە بنکۆنین زۆر شتی لەوە وەرگرتوە و بە هێنانەمەیدانی «تاقانە»ی خاوەن سەروەریی خۆی «هەست»ی خاوەن سەروەریی تێپەڕاند(8).

ئێمە لێرەدا درێژە بەولایەنە لە ڕەوتی شیبونەوەی قوتابخانەی هیگڵیی نادەین. ئەوەی زیاتر بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە: پێویستییە کردارەکییەکانی تێکۆشان لە دژی ئاینی جێکەوتە، پاڵی بە ژمارەیەکی زۆری ئەو هیگڵییانەی کە خاوەن باوەڕێکی زۆر پتەو بوون نا، کە بەرەو ماتریالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسی بڕۆن. لەو دەمەوە ئەوانە کەوتنە نێو بەربەرکانیکردنی سیستەمی قوتابخانەکەی خۆیانەوە. لە کاتێکدا سروشت بەلای ماتریالیزمەوە تاکە مەسەلەی واقیعییە، لە سیستەمی هیگڵدا بێجگە لە «گواستنەوە»ی بیرۆکەی ڕەها یانی پاشەکشەی بیرۆکەشتێکی تر نییە، بەهەرحاڵ بیرکردنەوە و بەرهەمی بیرکردنەوەش یانی بیرۆکە، لەم سیستەمەدا شتی یەکەمە و سروشت کە لێیانەوە وەدەرهاتووە، تەنها بە خێری ئەوەی کە بیرۆکە تا ئەو شوێنە پاشەکشەی کردووە، بوونی هەیە. هیگڵییە لاوەکان لە نێو ئەم ناکۆکیانەدا بەشێوەی جۆراجۆر سەرگەردان بوون.

لەو کاتەدا دانراوەکەی فێرباخ بە ناوی «کرۆکی مەسیحییەت» (9) بڵاوکرایەوە، بەیەک پیاکێشان ئەو ناکۆکییەی لەناوبرد و سەکەوتنی ماتریالیزمی سەرلەنوێ و ڕاشکاوانە ڕاگەیاند. سروشت سەربەخۆ لە هەر فەلسەفەیەک بوونی هەیە. سروشت ئەو بناغەیە نەشونمامان کردووە. لە دەرەوەی سروشت و مرۆڤ شتێک نییە، هەرچی ئەو زیندەورانەی

ئاسمانە کە لە خەیاڵی ئاینی ئێمەوە لەدایک بوونە، جگە لە ڕەنگدانەوەی خەیاڵیی خودی بوونی خۆمان شتێکی تر نییە. بەو شێوەیە تەلیسمەکە وردووخاش کرا، «سیستەم»ەکە تێکدرا و خرایە لاوە ناکۆکییەکەش تەنها بە دۆزینەوەی ئەو واقیعە سادەیەی، کە ئەم ناکۆکییە جگە لەوەی لە خەیاڵی ئێمەدایە بوونێکی تری نییە، چارەسەر بوو. پێویستە مرۆڤ کاریگەریی ڕزگاریبوخشی ئەم پەڕاوە هەستپێبکات، تاوەکو بیرۆکەیەکی لەو جۆرە بەدەستبهێنێ. شۆڕشەوق و وروژانەکە هەموو لایەکی گرتەوە: هەموومان یەکسەر بووینە فۆیرباخیی. مرۆڤ دەتوانێت بە خوێندنەوەی «خێزانی پیرۆز» بۆی دەربکەوێ، کە مارکس سەرباری هەر تێبینییەکی ڕەخنەگرانەی، بە چ شۆڕشەوقێکەوە پێشوازیی لەم تێوڕە نوێیە کرد و تا چ ڕادەیەک کاری تێکرد.

تەنانەت کەموکوڕییەکیش کە لە پەڕاوەکەی فۆیرباخدا هەبوو، لەو دەمەدا کاریگەریی فۆیرباخی بەهێز ئەکرد. شێوازی ئەدەبیی فۆیرباخ، کە لە هەندێک شوێن دروستکرا و بوو، خوێنەرێکی زۆری بۆخۆی بەکێش ئەکرد، بەهەرحاڵ ئەمە لەپاش ساڵانێکی دورودرێژی باڵادەستیی هیگلێزمی موجەڕەد و تەماویی سروەیەکی ڕەوانبەخش بوو. پێویستە هەمان شت، لەسەر بەخوداوەندکردنی خۆشەویستی بەشێوەیەکی لەڕادەبەدەر بڵێین. ئەگەر ئەم بەخوداوەندکردنە پاساوێکیشی نەبێت، ئەکرێ ئەوە بکرێتە بیانوو، کە ئەمە وەک پەرچەکردارێک لە دژی زەبروزەنگ و دەسەڵاتی «بیرکردنەوەی پەتی»، کە بە هیچ کلۆجێک توانای بەرگەرگرتنی نەئەکرا، پیشان بدرێت. بەڵام ئەبێ ئەوەمان لە یاد نەچێ، کە «سۆسیالیزمی ڕاستەقینە» بە تەواوی خۆی بەو دوو لایەنە لاوازەی دیدگای فۆیرباخەوە هەڵواسی، ئەو «سۆسیالیزم»ەی کە لە 1844 ەوە لە ئەڵمانیا، هەروەکو

پەتایەک لە ناوەندی «ڕۆشنبیران»دا تەشەنەی کرد، ئەو «سۆسیالیزم»ەی کە تیایدا، ڕستەی ئەدەبی جێگەی لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بە هۆی «خۆشەویستی»، جێگەی ڕزگارکردنی پرۆلیتاریا لە ڕێگای ئاڵوگۆڕی ئابووری بەرهەمهێنانی، دەگرتەوە بە کورتییەکەی بڵێین، نوقمی بێزراوترین جۆەکانی گفتاری ئەدەبی و چەنەبازیی سۆزی خۆشەویستی ببوو. بەڕێز کارل گرون نوێنەرێکی نموونەیی ئەم ڕەوتە بوو.

پێویستە ئەوەشمان لە بیر نەچی کە قوتابخانەی هیگڵیی هەڵوەشایەوە، بەڵام ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی هیگڵی هێشتا، سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. شتراوس و باوێر هەر یەکەیان لایەنێک لە لایەنەکانییان بەدەستەوە گرتبوو، کە بە وێنەی چەکی پلمیک لە دژی یەکتر بەکاریان دەبرد. فۆێرباخ سیستەمەکەی تێکشکاند و بە سانایی خستییە پەراوێزەوە، بەڵام ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئەم فەلسەفەیە، فەلسەفەیەکی هەڵەیە مانای ئەوە نییە کە ئیتر بەسەریدا زاڵبووینە. ئەوەش مەحاڵە کە تەنها بە هۆی گوێنەدانەوە، کارێکی ئەوەندە مەزن، وەکو فەلسەفەی هیگڵی، کە لە پەرەسەندنی ڕۆحیی میللەتێکدا کاریگەرییەکی خۆی «بڵند» بکرێتەوە، یانی ئەرکی ڕەخنەیە کە شێوەکەی تێکبشکێنێ و ناوەڕۆکێکی تازەش کە ئەو بەدەستیهێناوە، ڕزگار. دەواتر ئەبینین کە ئەم مەسەلەیە بە چ شێوەیەک چارەسەرکراوە.

بەڵام لەم نێوەدا، شۆڕی 1848 ڕێک بە هەمان بێپەروایيەک کە چۆن فۆێرباخ هیگڵی خستە کەنارەوە، گشت جۆرە فەلسەفەیەکی خستە کەنارەوە. لەهەمان کاتدا خودی فۆێرباخیشی خستەدواوە.

## بەشی دووەم: ماتریالیزم

مەسەلەی بنەڕەتی گـەورە لە گشت فەلسەفەیەک، بەتایبەت لە فەلسەفەی هاوچەرخدا، بریتییە لە مەسەلەی پەیوەندی نێوان فیکر و بوون. هەر لە کۆنترین چاخەکانەوە لەو کاتەوە، کە مرۆڤ هێشتا بچووکترین زانیاریی دەربارەی پێکهاتەی لەشی خۆی نە دەزانی و نەی ئەتوانی لێکدانەوەیەک بۆ خەوبینین بکات ، بەو بڕوایە گەیشتووە، کە سەرچاوەی فیکر و هەستی خودی لەشی نییە، بەڵکو ئەو روحەیە کە لەو لەشەدا جێگیر بووە و لە پاش مردن بەجێی ئەهێڵێ، لەوکاتەوە ئیتر ئەبوو بیر لە پەیوەندی نێوان ئەو روحە و جیهانی دەرەوە بکاتەوە. ئەگەر روح لەکاتی مەرگ لە جەستە جیا ئەبێتەوە و درێژە بە ژیان ئەدات، ئەوا هیچ خۆیەک لە ئارادا نییە تاوەکو بە مەرگێکی تایبەتی بۆ روح ڕازیبن. بەو شێوەیە بیرۆکەی نەمریی روح سەری هەڵدا، کە لەو پلەیە لە پەرسەندن مایەی هیچ سەرەخۆشییەک نەبوو، بەڵکو بە وێنەی چارەنوسێکی ناچاریی دەهاتە پێش چاوهەروەکو لای گریکەکانی بە بەڵایەکی واقیعی دەژمێردرا. ئەوە پێویستییەکی ئاینی بۆ سەرەخۆشی نەبوو، کە لە هەموو جێگەیەک بووە هۆی هێنانەکایەوەی خەیاڵی بێزارکەری نەمریی کەسەکان، بەڵکو ڕاستییەکی سادە بوو، کە ئەویش بریتی بوو لەوەی پاش قبووڵکردنی روح لەلایەن مرۆڤەوە بەهۆی بیرتەسکی بیرکدنەوەی گشتییەوە، بەهیچ جۆرێک مرۆڤ نەی ئەتوانی ئەوە بۆ خۆی ڕۆشنبکاتەوە، کە لە پاش مردنی جەستە روح بۆ کوێ ئەچێت. ڕێک بەم شێوەیە، لە میانەی دیاریکردنی هێزەکانی شروشتدا، یەکەمین خوداکان کە لە رەوتی پەرەسەندنی دواتری ئاینزیاتر و زیاتر، وێنەی هێزەکانی دەرەوەی سروشتی بە خۆوەگرت و هەتا لە کۆتاییدا و لە مێشکی مرۆڤ لە ئەنجامی پرۆسەی تەجریددا خەریکبوو بڵێم:

پرۆسەی دڵۆپاندن کە لە ڕەوتی پەرەسەندنی مێشکدا، شتێکی زۆر سروشتییە لە فرەخوداییەوە، کە خاوەن دەسەڵاتێکی سنورداری تا ئەم ڕادەیە یان تا ئەو ڕادەیەیە، کە هەندێکیان هەندێکی تریان دیاری ئەکەن چەمکی خودای تاکوتەنیا و ڕەهای ئاینە یەکتاییەکان پەیدابوو.

بەم پێیە ڕیشەی بەرزترین مەسەلەیەک لە تـەواوی فەلسەفەدا، مەسەلەی پەیوەندی نێوان فیکر و بوون، روح و سروشت بۆ ئەو وێنا سنوردار و تەماییانەی کە لەلای مرۆڤ لە سەردەمی دڕندەییدا هەبووە، کە هیچی لە ڕیشەی هەر ئاینێک لەم وێنایانەدا کەمتر نییە ئەگەڕێتەوە. بەڵام ئەم مەسەلەیە کاتێک توانی بەوپەڕی هێزەوە خۆی بنوێنێ و تەواوی گرنگی خۆی وەربگرێ، کە خەڵکی ئەوروپا لە خەوی سڕبووی دوورودرێژی سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحیەت بێدار بووەوە. مەسەلەی پەیوەندی فیکر بە بوون مەسەلی ئەوەی کە روح لە پێشە و یەکەمە یان سروشت ئەو مەسەلەیەی، کە لە فەلسەفەی سکۆلاستیکی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا، ڕۆڵی گرنگی گێڕا و لە بەرامبەر کەنیسەدا شێوەیەکی توندی بە خۆوە گرت و بەم جۆرە خۆی نواند: ئایا جیهان لەلایەن خوداوە ئافرێندراوە، یان هەر لە ئەزەلەوە هەبووە؟

فەیلەسوفەکان بە پێی وەڵامێک کە بەم پرسیارەی ئەدەنەوە، بەسەر دوو ئۆردووگای گەورەدا دابەش ئەبن. ئەوانەی کە جەخت لەسەر ئەوە ئەکەنەوە، کە روح لە پێش سروشتەوەیە ئەوانەی دواتر و سەرەنجام بەم شێوەیە یان بەوی تر، دانیان بە ئافراندنی جیهاندا نا (ئەبێ ئەوە بڵێین کە لولای فەیلەسوفەکان بۆ نموونە لەلای  هیگڵ ئافراندنی جیهان زۆر جار شێوەیەکی ئاڵۆزتر و نا باوتریان وەک لە مەسیحییەت بە خۆیانەوە گرتووە)، ئۆدووگای ئایدیالیستی پێکئەهێنن. بەڵام ئەوانەی کە پێیانوایە سروشت بنەڕەتییە، ئەوا سەربە قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی ماتریالیزمن.

ئەم دوو دەستەواژەیە: ئایدیالیزم و ماتریالیزم، جگە لەم مانایە هیچ شتێکی دی نییە و بەکارهێنانیشی لێرەدا، تەنها بەو مانایەیە. دواتر ئەبینین کاتێک کە مانایەک تر بەسەر ئەم دەستەواژانەدا ئەدەن چ ناڕۆشنییەک دێنەکایەوە.

بەڵام مەسەلەی پەیوەندی نێوان فیکر و بوون، ڕوخسارێکی تریش لە خۆدەگرێت: پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەکانمان سەبارەت بە جیهانی دەورووبەرمان و خودی ئەم جیهانە چییە؟ ئایا بیرکردنەوەی ئێمە لە توانایدایە کە جیهانی واقیعی بناسێت ئایا لە وێنا و چەمکەکانمان لە مەڕ جیهانی واقیعی ئەتوانین ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستگۆیانە و واقیعی بەدەست بهێنین؟ ئەم مەسەلەیە لە زمانی فەلسەفیدا بە مەسەلەی جوتهاتنەوەی فیکر و بوون ناودەبرێت. زۆربەی فەیلەسوفە گەورەکان وەڵامی ئەم پرسیارەیان بە پۆزێتف داوەتەوە. بۆ نموونە وەڵامی پۆزتیفی هیگڵ بەم مەسەلەیە، خۆی بۆ خۆی ڕۆشنە: ئەوەی لە جیهانی واقیعیدا دەیزانین ئەوە ڕێک ناوەڕۆکە فیکرییەکەیەتی، کە لە ژێر ڕۆشنایی ئەودا، جیهان پیادەکراوی بیرۆکەی ڕەهایە، کە هرە لە ئەزەلەوە لە شوێنێک سەربەخۆ لە جیهان و پێش جیهان بوونی هەبووە. ئەوە شتێکی بەڵگەنەویستە کە فیکر ئەتوانێت دەربارەی ئەو ناوەڕۆکە زانیاری بەدەستیهێنێ کە خۆی پێوەخت ناوەڕۆکی فیکرە. بە هەمان ئەندازەش ئەوە ڕۆشنە کە ئەوەی پێویستە لێرەدا بیسەلمێنین ئەویە کە هەر لەسەرتاوە بە تایبەت، بە شێوەیەکی نهێنی هەبووە. بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێک ڕێگە لە هیگڵ ناگرێت کە لە سەلماندنەکەی، دەربارەی جوتهاتنەوەی نێوان فیکر و بوون، بەم ئەنجامگیرییە بگات. بەو پێیە بیرکردنەوەی ئەم بڕیاری ڕاست و دروستیی فەلسەفەکەی ئەدات، مانای وایە کە فەلسەفەکەی ئەم تاکە فەلسەفەی ڕاست و دروستە و پێویستە

مرۆڤایەتی بە حوکمی جوتهاتنەوەی فیکر و بوون ئەم فەلسەفەیە بە پەلە لەمەیدانی تیۆرەوە بۆ مەیدانی جێبەجێکرد بگوازێتەوە و سەرانسەر جیهان بەگوێرەی پرانسیپەکانی هیگڵ بگۆڕێت. ئەم ناڕۆشنییە تایبەتمەندیی هیگڵ و زۆربەی هەرەزۆری فەیلەسوفەکانی ترە.

بەڵام لە کەناری ئەمەدا، ژمارەیەکی تر لە فەیلەسوفەکان هەن، کە توانای ناسین یان بەلای کەمەوە توانای ناسینی تەواوەتی جیهان، ڕەت ئەکەنەوە. لە نێو فەیلەسوفە هاوچەرخەکاندا پێویستە قامک بخەینە سەر هیوم و کانت، کە بەم کۆمەڵەیەوە پەیوەسان و ڕۆڵی زۆر گەورەیان لە پەرەپێدانی فەلسەفەداگێڕاوە. هیگڵ بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم تێڕوانینە تا ئەو جێگایەی کە دیدگای ئایدیالیستی ڕێگە ئەدات قسەی بڕێنەرەوەی کردووە. ئەو شتەش کە فۆێرباخ لە ڕووی ماتریالیستییەوە بۆی زیادکردووە، زیاتر گاڵتەجاڕانەیە تا بگات بەوەی کە قووڵ بێت. بەڵام بڕێنەوەترین ڕەتکردنەوە بۆ ئەم فریوکارییە فەلسەفییە و گشت فریوکارییەکی تر پراکتیک بە تایبەت تاقیکردنەوە و پیشەسازییە. هەر کاتێک توانیمان دروستیی تێگەیشتنمان بۆ دیاردەیەکی سروشتیی بە سازکردنی ئەو دیاردەیە لەلایەن خۆمانەوە و بە هێنانەکایەوەی ئەو دیاردەیە لە دەروونی هەولومەرجەکانی خۆیەوە، سەرباری ئمانەش بۆ مەبەستەکانی خۆمان بەکاری بهێنین بسەلمێنین ئەوکاتە ئیتر کۆتایی بەو تێگەیشتنەی کانت سەبارەت بە « شت لە خۆیدا»، کەلە توانادا نییە درک بکرێت دێت. ئەو مادەکیمیاوییانەی کە پێکهاتەی تەنی ڕوەک و گیانەورانە تا ئەو دەمەی کە کیمیای ئۆرگانیک یەک لە دوای یەکیانی ئامادەکرد هەروەکو «شت لە خۆیدا» مابووەوە، بەم کارە «شت لە خۆیدا» بە شت بۆ ئێمە گۆڕدرا بۆ نموونە ئێمە ئێستا ئالیزیرین کە مادەیەکی ڕەنگکردنە لە ڕووەکی ڕۆنیاسدایە (الفوه)، لە ڕەگی ڕۆنیاسەوە

کەلە کێڵگەکاندا ئەچێنرێ دەرناهێنین، بەڵکو بە نرخێکی هەرزانتر و بەشێوەیەکی زۆر ساناتر لە قەترانی خەڵوزی بەردینەوە دەری دەکێشین. سیستەمی خۆریی کۆپەرنیک بۆ سێ سەد ساڵ هەر وەکو گریمانەیەک ماوەتەوە، ئەگەری ڕاست و دروستییەکەی بە ڕادەیەکی زۆر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە چوارچێوەی گریمانەیەک تێپەڕی بوو. بەڵام کاتێک کە لوڤیریی بە پشتبەستن بەژمارەگەلێک کە ئەم سیستەمە بەدەستی هێنابوو، نەک هەر سەلماندی کە هەسارەیەکی تر ئەبێ هەبێ، کە تا ئەو دەمە نە دۆزرابووەوە، بەڵکو بە هۆی ژمێریارییەوە، ئەو جێگایەشی دەستنیشان کرد، کە ئەم هەسارەیە لە بۆشایی ئاسمان ئێستر ئەو کاتە دروستیی سیستەمی کۆپەرنیک سەلمێندرا. ئەگەر کانتیستە نوێکان لە ئەڵمانیا لە هەوڵی زیندووکردنەوەی بیروباوەڕەکانی کانتدان و ئاگنوستیکەکانیش لە ئینگلتەرا لە هەوڵی زیندووکردنەوەی بیروباوەڕەکانی هیومدان (بیروباوەڕێک کە هەرگیز لەو شوێنەدا نەمردووە)، سەرباری ئەوەی کە دەمێکە لە بارەی تیۆر و پراتیکەوە ڕەتکراوەتەوەن پێویستە بووترێت کە ئەم کارە لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە هەنگاوێکی بەرەو پاش دیسانەوە لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە شێوەیەکی شەمنۆکانەی قبوڵکردنی ماتریالیزمە بە نهێنی و خۆ بێبەریکردنە لێی بە ئاشکرا.

بەڵام لەو ماوە دوورودرێژەی کە لە دیکارتەوە تا هیگڵ لە هۆبسەوە تا فۆێرباخ درێژەی هەیە، بەپێچەوانەی ئەوان وێنای ئەکەن ئەوەی کە فەیلەسوفەکان بەرەوپێشیان برد، بە تەنها فیکری پەتی نەبوو. بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ڕاستیدا ئەوەی ئەوان بەرەوپێشیان برد بە شێوەیەکی تایبەت،پێشخستنی سروشتناسی و پیشەسازی پێشخستنێکی بە جۆش و گورج بوو، ئەم مەسەلەیە هەر لە سەرەتاوە لەلای ماتریالیستەکان سەرنجڕاکێش

بوو، بەڵام سیستەمی ئایدیالیستەکان کە ئەوانیش زیاتر وەک لە پێشوو، بە چەمکگەلی ئایدیالیستی ئاخنرابوو لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە بە هۆی چەمکی پانتئیستی (یەکێتی بوون: وەحدە الوجود/ و.کوردی)یەوە، ناکۆکی نێوان روح و مادە چارەسەر بکەن. سەرئەنجام لەسیستەمی هیگڵدا کار بەوە گەییشت، کە ئەم سیستەمە چ لە ڕووی شێواز و چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ماتریالیستە تەنها ئەوەیە کە لنگەوقوچ بەشێوەی ئایدیالیستی ڕاوەستاوە.

پاش ئەم قسانە ئیتر ئەوە ڕۆشنە کە بۆچی شتارکە، کاتێک دێتە سەر باسی تایبەتمەندییەکانی فۆیرباخ، پێش هەر شتێک لە هەڵوێستی فۆیرباخ لەم مەسەلە بنەڕەتییەدا، یانی مەسەلەی پەیوەندی فیکر و بوون دەکۆڵێتەوە. لە دوای پێشەکییەکی کورت کە تیایدا تیۆری فەیلەسوفەکانی پێشین بە تایبەت لە کانتەوە بە زبانێکی لە ڕادەبەدەری قورسی فەلسەفیی خرایەڕوو، بەجۆرێک کە هیگڵ لەو دانراوەدا مافی خۆی پێ نەدراوە، چونکە شتارکە بە شێوەیەکی زۆر فۆرماڵی خۆی بە هەندێک بڕگە لە دانراوەکانی هیگڵ ئەبەستێتەوە ڕەوتی گەشەکردنی خودی «میتافیزیک»ی فۆیرباخ کەلە دانراوە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم فەیلەسوفە سەبارەت بەم باسە ڕەنگئەداتەوە، خراوەتەڕوو. ئەم باسە بە وردی و زۆر بە ڕۆشنیی خراوەتەڕوو. بەڵام ئەوەی زیانی بەم باسە گەیاندووە ، هەروەکو زیانی بە سەرتاپای پەڕاوەکەی شتارکە گەیاندوە، ئەو هەموو جەستەواژە فەلسەفییانەیە، کە مەرج نەبوو بەکاربهێنرایە. ئەم هەموو دەستەواژانە کاتێک باسەکەی قورستر ئەکات کە نوسەر خۆی بە بەکارهێنانی دستەواژەی قوتابخانەیەکەوە نابەستێتەوە وەیان بەلای کومەوە، ئەو دەستەواژانەی کە هی خودی فۆیرباخن، بەڵکو دەستەواژەی قوتابخانە جۆراوجۆرەکان، بەتایبەت ئەوانەی کە ئەمڕۆکە بە چەشنی پەتا بە ناوی گرایشانی فەلسەفییەوە بڵاوئەبنەوە، تێکەڵ ئەکات و بەکاریان ئەهێنێ.

ڕەوتی پەرەسەندنی فۆیرباخ، ڕەوتی پەرەسەندنی کەسێکی هێگلییە ئەگەرچی فۆیرباخ هەرگیز، هیگڵییەکی ئەتەدۆکس نەبووە بەرەو ماتریالیزم. لە قۆناغێکی دیاریکراوی ئەم پەرەسەندنەدا، فۆیرباخ پەیوەندی خۆی بە تەواوی لەگەڵ سیستەمی ئایدیالیستی بەر لە خۆی ئەپچڕێنێ. سەرئەنجام بەهێزێکی لەشکانتەهاتووەوە بەو درکە گەیشت، کە «بیرۆکەی ڕەها» کە بەلای هیگڵەوە پێش بوونی زەوی کەوتووە، «لە ئارادابوونی چەمکە لۆژیکییەکان» بەر لە پەیدابوونی جیهان جگە لە پاشماوەی خەیاڵی بڕوابوون بە خالقێکی ئەودیو سروشتەوە، شتێکی دی نییە و جیهانی مادی کە ئێمە خۆشمان هەر سەر بەوین و بەهۆی هەستەکانەوە دەشێ درک بکرێت، تاکە جیهانی واقیعییە. هەرچی هەست وبیرکردنەوەی ئێمەیە هەرچەندە وەک شتگەلێک کە لە سەرووی هەستەوە بێت دێنە پێش چاو، بەرهەمی ئۆرگانێکی مادیی جەستەیە واتە مێشک. مادە بەرهەمی روح نییە، بەڵکو خودی روح جگە لە باڵاترین بەرهەمی مادە، شتێکی تر نییە. بێگومان ئەمە ماتریالیستێکی پوختە، بەڵام کاتێک فۆیرباخ بەم خاڵە ئەگات، لە ناکاو وازئەهێنێ و ناتوانێت بەسەر ئەو خورافە فەلسەفییە لوە کە بە کرۆکی مەسەلەکەوە پەیوەست نییە، بەڵام پەیوەستە بە وشەی «ماتریالیزم»ەوە، زاڵبێت.

ئەو ئەڵێت: «بەلای منەوە ماتریالیزم بناغەی بینای ماهییەتی مرۆیی و زانستی مرۆییە، بەڵام بەلای منەوە ئەم ماتریالیزمە ئەو شتە نییە وەک بەلای فیزیۆلۆگ و سروشتناسەکان، بە مانای بەرتەسکی وشەکی بێت، هەروەکو بۆ مولیشوت بەو جۆرەیە، کەبەپێی ڕوانگە و پسپۆرییەک کە هەیانە ناکرێت بەو جۆرە نەبێت واتە بەلای منەوە ماتریالیزم، خودی بیناکە نییە. کاتێک کە بەرەو دوا ئەگەڕێنەوە، من بەتەواویی لەگەڵ ماتریالیستەکانم کاتێک کە

بەرەو پێشەوە ئەڕۆین لەگەڵیاندا نیم.

فۆیرباخ لێرەدا، ماتریالیزم وەکو جیهانبینییەکی گشتی کە لەسەر بنچینەی تێگەیشتنێکی دیاریکراو لە پەیوەندی نێوان مادە و روح بنیاتنراوە لەگەڵ ئەو شێوە تایبەتییەی کە ئەم جیهانبینییە لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی یانی لە سەدەی هەژدەیەم بە خۆیەوە گۆتبووینێکەڵ ئەکاث. سەرباری ئەوەش فۆیرباخ لە نێوان ئەم ماتریالیزمە و ئەو شێوە سواوە عامیانەیەی کە ماتریالیزمی سەدەی هەژدەیەم ئەمڕۆ بەو جۆرەی لە مێشکی سروشتناس و پزیشکەکان درێـژەی هەیە، کەلە پەنجاکاندا موژدەبەخشە (مبشر) گەڕیدەکان بوخنەر و فوگث و مۆلیشوث بگەشەیان بۆ ئەکردنێکەڵ ئەکاث. بەڵام ماتریالیزمیش هەروەک ئایدیالیزم چەندین قۆناغی پەرەسەندنی بە خۆوە بینیوە. ماتریالیزم لەگەڵ هەر دۆزینەوەیەکدا کە سەردەمێکی نوێ ئەهێنێتە کایەوە، تەنانەث با ئەو دۆزینەوەیە لە بواری مێژووی سروشتناسیشەوە بێث، پێویستە بە ناچاری شێوەی خۆی بگۆڕێث. هەروەها لە کاتەوەی کە مێژوو بە شێوەیەکی ملتریالیستانە شیئەکرێتەوە، دەرگای نوێ بۆ پەرەسەندنی ماتریالیزم ئاوەڵا بووە.

ماتریالیزمی سەدەی ڕابردوو(11)، زۆرتر ماتریالیزمێکی میکانیکی بوو، چونکە لە نێو گشث زانستە یروشتییەکانی ئەو ڕۆژگـارەدا تەنها میکانیک و بە تایبەث میکانیکی تەنە ڕەقەکان « زەمینی و ئاسمانی)، یان بە دەربڕینێکی کورث میکانیکی کێشکردن بوو بە تەنها بە کاملییەکی دیاریکراو گەیشتبوو. کیمیا هێشتا لە قۆناغی ساواییدا بوو و تیۆری فلۆژیستۆن (12) بەسەریدا زاڵ بوو. بایۆلۆژی هێشتا لە بێشکەدا بوو، لێکۆڵینەوەی ئۆرگانیزمی ڕوەکی و ئاژەڵی بە شێوەیەکی سەرەتایی بوو و بەهۆکاری میکانیکی ڕووث، لێکئەدرایەوە. لە دیدی ماتریالیستەکانی

سەدەی هەژدەیەمەوە، مرۆڤ بریتی بوو لەو جۆرە دەزگایەی کە ئاژەڵ لە دیدی دیکارتەوە هەی بوو. بەکاربردنی بنەماکانی میکانیک بەم شێوە تاک و ڕەهایە بۆ ئەو پرۆسانەی کە سروشتێکی کیمیاوی و ئۆرگانیکییان هەیە بەجۆرێک هێشتا یاساکانی میکانیک کاری خۆی ئەکات، بەڵام لەلایەن یاساگەلێکی تری بەرزترەوە خراوەتە ڕیزی دواوە_ یەکەمین تەسکبینیی خودی تایبەتمەندیەکانی ماتریالیزمی کلاسکی فەرەنسی پێکئەهێنێ، کە لەو ڕژگارەدا شتێکی ناچاریی بوو.

دووەمین تەسکبینیی تایبەتمەندی ئەم ماتریالیزمە، بریتییە لە بێتوانایی ئەم ماتریالیزمە لە درککردنی جیهان بە وێنەی پرۆسەیەک و بە وێنەی ئاوەها مادەیەک کە لە حاڵی پەرەسەندنی مێژوویی بەردەوامدایە. ئەمەش لەگەڵ هەلومەرجی سروشتناسی و ڕێبازی بیرکردنەوەی فەلسەفیی میتافیزیکی واتە دژی دیالکتیک، لەو ڕۆژگارەدا کە بەو هەلومەرجەوە پەیوەست بوو جووتدێنەوە. سروشت لە بزوتنەوەیەکی هەمیشەییدایە: ئەم بابەتەش لەو سەردەمە ئەزانرا. بەڵام ئەم بزوتنەوەیە بە پێی تێگەییشتنی باوی ئەو دەمە، هەمیشە لە بازنەیەکدا دەخولێتەوە، بەم جۆرە لە بنەڕەتدا لە هەمان شوێن دەمێنێتەوە واتە: هەمیشە بەهەمان ئەنجامگیری ئەگاتەوە. لەو ڕۆژگارەدا ئەم تێگەیشتنە شتێکی ناچاریی بوو. تیۆری کانت دەربارەی پەیدابوونی کۆمەڵەی خۆر تازە هاتبووەکایەوە و هێشتا هەروەک قسەیەکی خۆش سەیر دەکرا. هەرچی مێژووی پەرەسەندنی زەوی، واتە زەویناسی بوو هێشتا بە هیچ جۆرێک نە ئەزانرا. لەو کاتەدا وانست بە شێوەیەکی گشتی، لە توانیدا نەبوو کە بیرۆکەی پەیدابوونی بوونەوەرە زیندووەکانی ئێستا لە ڕێگەی گەشەکردنێکی دوورودرێژ، لە سادەوە بۆ ئاڵۆز بەشێوەیەکی وانستی بسەلمێنێ. لەبەرئەوە تیۆری نامێژوویی دەربارەی سروشت وەک

شتێکی ناچاری بوو. لەم ڕووەوە ناکرێت ئەم کەموکوڕییە بخرێتە ئەستۆی فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەیەم تەنانەت بە خودی هیگڵیشەوە. بەلای هیگڵەوە سروشت، کە «بەخۆنامۆبوون»ێکی سادەی فیکرە، ناتوانێت لە کاتدا پەرەبسێنێ ئەتوانێت شێوە جۆربەجۆرەکانی خۆی تەنها لە شوێیندا فراوان بکاتەوە بەم شێوەیە دەرئەکەوێ، کە سروشت ناچارە هەمان بزوتنەوەی پەرەسەندن تەواوی ئەو قۆناغانەی پەرەسەندن کە لە خۆی گرتووە، لە هەمان کاتدا و یەک لە تەنیشتی یەک دووبـراە بکاتەوە. هیگڵ ئەو خورافەیەی کە دەڵێت، پەرەسەندن لە شوێن و لە دەرەوەی کات کە کات مەرجی بنەڕەتییە بۆ پەرەسەندن لە وەختێکدا بەسەر سروشتدا سەپاندی: کە زەمینناسی و کۆرپەلەناسی و فیزیۆلۆژی ڕوەک و گیانەوەر و کیمیای ئۆرگانیک گوییشتبوونە ئاستێکی باش، لە وەختێکدا کە لە سەر بنچینەی ئەم زانستە نوێیانەلەگشت جێگایەک گریمانەی بەر لە تیۆری پەرەسەندن کە دواتر هاتەکایەوە، پەیدابوون (بۆ نموونە هەروەکو لەلای گۆتە و لامارک). بەڵام سیتسەمەکە بەم جۆرە حوکمی ئەکرد، میتۆدەکەش بۆ ڕازیکردنی سیستەمەکە، ئەبوو ناپاکی لە خۆی بکات.

لە بواری مێژووشدا بەهەمان شێوە، تێگەیشتنی مێژوویی بۆ شتەکان لە ئارادا نەبوو. لێرەدا خەبات لە دژی پاشماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست سەرنجراکێشە. سەدەکانی ناوەڕاست بە وێنەی وەستانێکی سادە لە ڕەوتی مێژوو دەژمێرن، کە هۆکارەکەی ئەو بەربەرییەتە گشتییە بووکە هەزار ساڵی خایەند. هیچ کەسێک سەرنجی ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی کە لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەدەستهات، لە فراوانبوونەوەی داوێنی فەرهەنگی لە ئەوروپا لە میللەتانی گەورە کە توانی زیندەگییان هەبوو، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەک لە تەنیشتی یەکتر پەیدابوون و سەرئەنجام لەو سەرکەوتنە

تەکنیکییە گەورانەی سەدەکانی چواردەیەم و پانزەیەم نەدا. بەو شێوەیە لە ئارادابوونی تێگەیشتنێکی دروست لە پەیوەندییە مێژووییە گەورەکان ئەستەم بوو لە باشترین حاڵەتیشدا مێژوو جگە لە کۆمەڵێک نموونە و ێنە، کە لە خزمەتی فەیلەسوفەکاندا بێت شتێکی تر نەبوو.

کۆششکارانێک کەلە ساڵانی پەنجاکان لە ئەڵمانیا ڕۆڵی بڵاوکردنەوەی ماتریالیزمیان لە ئەستۆ گرتبوو، لە هیچ بارێکەوە لە سنوری وانەی مامۆستاکانیان تێ نە ئەپەڕین. سەرکەوتنە تازە بە تازەکانی سروشتناسیش سودێکی بۆیان نەبوو مەگەر وەکو بەڵگەگەلێکی تازە لە دژی هەبوونی خوڵقێنەری گەردوون بەکاربهێنن. ئەوان تەنانەت لە بیری ئەوشدا نەبوونە کە پەرەی زیاتر بە تیۆری بدەن. ئایدیالیزم کە لەو دەمەدا کارامەییەکەی وشکی کردبوو و لەلایەن شۆڕشی 1848ەوە تووشی برینێکی کوشندە ببوو بەوەی، کە لەو دەمەدا ماتریالیزمیشی ئەبینی کە دوچاری داکەوتنێکی زۆر هاتووە دڵخۆش ئەبوو. فۆیرباخ بە تەواوەتی لەسەر حەق بوو کاتێک کە خۆی لە هەرە جۆرە ماتریالیستێکی لەم چەشنە بێبەریی ئەکرد، بەڵام ئەو مافەی نەبوو، کە وانەی گەڕیدە موژدەبەخشەکان و ماتریالیزم بە مانا گشتییەکەی تێکەڵ بە یەکتری بکات.

لەگەڵ ئەوەدا پێویستە کە دوو حاڵەت لەبەرچاو بگرین. یەکەم سروشتناسی لە سەردەمی فۆیرباخدا بە پرۆسەیەکی سەختی هەڵهاتن (احتمار)دا تێئەپەڕی، کە تەنها لەم پێنزە ساڵەی دواییدا بە سەرئەنجامی ڕۆشنی ڕێژەیی قەوارەیەکی وەها کە پێشتر نەبینرابوو کەڵەکە بوو، بەڵام لە توانادا نەبوو کە پەیوەندی و پاشان نەزمێک لە نێوان پەشێویی ئەو دۆزینەوانە، کە بە خێراییەکی زۆر یەک لەسەر یەکتر کەڵەکە ئەبوون، بدۆزرێتەوە مەگەر بەم دواییە نەبێت. ئەوە ڕاستە کە فۆیرباخ هاودەمی

سێ دۆزینەوەی زۆر گرنگ بوو کە بریتی بوون لە دۆزینەوەی خانە تیۆری گۆڕانی وزە، تیۆری پەرەسەندن کە بە ناوی داروینەوە ناونرا. بەڵام فەیلەسوفێک کە گۆشەگیرانە لە گوندێک ژیان بەسەربەرێت، لە کوێ بۆی دەکریت کە بە ئەندازەی پێویست بە دوای پێشڕەوییەکانی زانست بکەوێت، تاوەکو بتوانێت بە ڕادەی پێویست پەی بە بەهای ئەو دۆزینەوانە ببات، کە لە کاتێکدا خودی زانایانی زانستەکانی سروشت لەو سەردەمەدا گومانیان لەوانە هەبوو، یان چۆنیەتی بەکارهێنانیان نەدەزانی؟ گوناهێک کە لێرەدا بۆ هەلومەرجی شەرمهێنەری ئەڵمانیا ئەگەڕێتەوە، کە لەسایەیدا بە تەنها کەسانێکی هیچوپوچی بێمایەی چینەکەر و خۆهەڵکێش کورسییەکانی خوێندنی فەلسەفەیان داگیرکردووە، لە کاتێکدا فۆێرباخ لە ڕدەبەدەر لەو هیچوپوچە بێمایانە لە پێشتربوو، ئەبوو بە ناچاری ژیانێکی جوتیارانە لە سوچی کوێرە دێیەکدا، بە دابڕاوی بەرێتەسەر. کەواتە فوێرباخ لەوەدا گوناهێکی نەبووە، لە کاتێکدا ئەبینین کە تێگەیشتنی مێژوویی بۆ سروشت کە تازەبەتازە فەراهەمە و هەموو ئەو بەشە تەسک و یەکلایەنانەی کە لە ماتریالیزمی فەرەنسیدا هەبوو لەناوبردووە، ئەو دەستی پێ ڕانەئەگەیشت.

دووەم فۆێرباخ بە تـەواوی لەسەر حەق بوو کاتێک کە گوتی ماتریالیزمی زانستی سروشتی بە تەنها (بنچینەی بینای زانستی مرۆڤایەتی پێکئەهێنێ، بەڵام هێشتا خودی بیناکە نییە)، چونکە ئێمە نەک هەر لە سروشت، بەڵکو لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیشدا ژیان بەسەر ئەبەین، کە مێژووی پەرەسەندن و زانیاری ئەو لە هی سروشت کەمتر نییە. کەواتە ئەرکێک کە دەبێ ئەنجام بدرێت گونجاندنی زانستی کۆمەڵە، یانی تێکڕای ئەو زانستانەی بە زانستی مێژوویی و فەلسەفی ناودەبرێن، لەگەڵ بنچینەی ماتریالیزم و دووبارە بیناکردنەوەی لەسەر ئەو بنچینەیە. بەڵام جێبەجێکردنی

ئەم ئەرکە لە چارەی فۆیرباخ نە نوسرابوو. ئەو لێرەدا سەرباری «پایە» ماتریالیستییەکەی هێشتا لە کۆتوبەندی ئایدیالیستی کۆن ڕزگاری نەبووە ئەمەش بۆخۆی دانی پێدا ناوە لەو کاتەیدا کە ئەڵێت: «کاتێک کە بەرەو ڕابـردوو ئەگەڕێمەوە، من بە تەواوەتی لەگەڵ ماتریالیستەکانم کاتێک بەرو پێش ئەڕۆم لەگەڵیاندا نیم» وتێروانینی ساڵی 1840 یان 1844 خۆی تێنەپەڕاندووە، ئەمەش دیسانەوە بە دیاریکراوی بە حوکمی گۆشەنشینی خۆی کە بەهۆی خەسڵەتێکەوە کە هەی بووە، لە هەر فەیلەسەفێکی تر زیاتر پێویستی بە تێکەڵبوونی کۆمەڵگا هەبوو، ناچاربووە بیروباوەڕەکانی خۆی نەک لە چاوپێکەوتنی دۆستانە وەیان دوژمنانە لەگەڵ کەسانێکی هاوئاستی خۆی، بەڵکو لە تەنهاییدا دابنێت. وادتر بە شێوەیەکی درێژتر ئەچێنە سەر باسی ئەوەی کە فۆیرباخ، تا چ ئاستێکی بەرز لەم بوارەی کە باسمان کرد، ئایدیالیستانە ماوەتەوە.

ئەو خاڵەش باس بکەین کە شتارکە ئایدیالیستیی فۆیرباخ، لەو شتەی کە بە واقیعی هەیە نابینێت. «فۆیرباخ ئایدیالیستە، بروای بە پەرەسەندنی مرۆڤایەتی هەیە» (ل19). «لەگەڵ ئەوەدا ئایدیالیزم وەک پایە و بناغەی هەموو شتێک دەمێنێتەوە. ڕیالیزم تەنها ئەو دەمەی کە بەدووی نیازە ئایدیالیستەکانماندا ئەکوین، لە گومڕایی دەمان پارێزێ. مەگەر بەزەیی خۆشەویستیی خزمەتکردنی ڕاستیی و ڕەوایی هێزگەلی ئایدیالیستی نین؟» (ل8).

یەکەم ئایدیالیزم لێرەدا هیچ مانایەکی نییە جگە لە هەوڵدان لە پێناوی ئامانجە ئایدیالەکاندا نەبێت. بەڵام ئەم ئامانجانە بە ناچاری ئەوپەرەکەی بە تەنها بە ئایدیالیزمی کانت و «ئیمپراتیف کاتەگۆریک» (حوکمی یەلایەکەرەوە بەپێی دەقە عەرەبییەکە __ و. کوردی)ەکەیەوە

پەیوەستە. بەڵام تەنانەت کانت بۆخۆی ناوی فەلسەفەکەی کە ناوە «ئایدیالیزمی ترنساندانتال» (ئایدیالیزمی پێش تاقیکردنەوە بەپێی دەقە عەرەبییەکە ( و.کوردی)، لەبەرئەوە نییە کە لە ناوەڕۆکدا باسی ئایدیالە ئەخلاقییەکان ئەکات، بەڵکو ئەم مەسەلەیە هۆکاری تری هەیە، کە لای شتارکە ڕۆشنە. ئەو خورافەیەی کە ئەڵێت کرۆکی ئایدیالیزمی فەلسەفیی بریتییە، لە بڕوابوون بە ئایدیالی ئەخلاقی یانی کۆمەڵایەتی لە دەرەوە فەلسەفە و لەلای هیچوپوچە تەسکبیرە ئەڵمانییەکان ئەوانەی کە چینەی وردە خۆراکی زانستی فەلسەفیی پێویستی خۆیان لە شیعرکانی شیلەرەوە ئەکەن. هیچ کەسێک بە ڕادەی هیگڵ ڕەخنەی توند لە «ئیمپراتیف کاتەگۆرێک»ی بێتواناى کانت ناگرێت (بێتوانا لەو بارەوە کە خوازیاری مەحاڵە و لەبەرئەوە هەرگیز بە ئەنجامێکی واقیعی ناگات)، هەروەها هیچ کەس توندتر لەو شێوەیەی هیگڵ گاڵتەی بەو گرایشە هیچوپوچە و تەسکبیرانەیە بۆ ئەو خەونانەی کە دەربارەی ئایدیالگەلێک بوون کە جێبەجێ نە ئەبوون و لەلایەن شیلەرەوە بڵاوئەکرانەوە نەئەکرد (بڕوانە بۆ نموونە پەرتوکی «فینۆمینۆلۆژیاگ یانی «زانستی دیارە ناوازەکان»). لەگەڵ ئەوەشدا هیگڵ بە تەواوەتی ئایدیالیست بوو.

دووەم بە هیچ جۆرێک ناکرێت لەو واقیعە لابدەیت، کە هەموو ئەو شتانەی پاڵ بەمرۆڤەوە ئەنێن بۆ بەئەنجامگەیاندنی چالاکییەک پێویستە بە مێشکیدا تێ بپەڕێت تەنانەت مرۆڤ خواردن و خواردنەوەشی بە کاریگەریی هەستکردن بە برسێتی و تینوێتی کە لە مێشکیدا ڕەنگئەداتەوە دەستپێئەکات ئەو کاتەش کە هەستی تێربوون لە مێشکیدا ڕەنگی دایەوە، دەست لە خواردن هەڵئەگرێت. کاریگەرییەکانی جیهانی دەرەوە لەسەر مرۆڤ لە مێشکدا ئەنەخشێ و بەشێوەی هەستەکان،

بیرۆکەکان پاڵنەرەکان، ئارەزووەکان، یان بە شێوەی «مەیلە ئایدیالەکان» ڕەنگئەدەنەوە و بەم شێوەیەش ئەو مەیلانەی کە باسمان کردن بۆ «هێزە ئایدیالەکان» ئەگۆڕێن. ئەگەر کەسێک تەنها بەوەی کە «مەیلە ئایدیالەکان»ی هەیە و بڕوای بە کاریگەریی «هێزە ئایدیالەکان» بەسەر خۆیەوە هەیە، ئیتر ببێتە کەسێکی ئایدیالیست ئەوا هەر کەسێک بە ڕادەیەکی ئاسایی کەموزۆر گەشەی کردبێت، بە تەبیعەتی خۆیی ئایدیالیستە و ئەوەی کە لەم نێوانەدا ئەمێنێتەوە و ناڕۆشنە ئەوەیە، چۆن ئیتر ئەکرێ لە دنیادا ماتریالیستەکان هەبن؟

سێیەم یڕوابوون بەوەی کە مرۆڤایەتیی __ لانیکەم لە ئێستادا__ بەشێوەیەکی گشتی بەرەو پێشەوە ئەڕوات بەهیچ جۆرێک پەیوەست نابێتەوە بەو ناکۆکییەی کە لە نێوان ماتریالیزم و ئایدیالیزمدا هەیە. ماتریالیستە فەرەنسییەکان تا ڕادەیـەک دەمارگیرانە بەم بڕوایەوە پەیوەستبوون،- لانیکەم لە ڤۆڵتێر و ڕۆسۆوە کە بڕوایان بە بوونی خودا وەک ئافێنەری جیهان هەبوو __ و زۆرجار گەورەترین قوربانی شەخسییان لە پێناودا داوە. ئەگەر کەسێک تەواوی زیندەگی خۆی لە پێناوی «ڕاستی و ڕەوایی» بە مانی باشی ئەم وشانە تەرخانکردبێت ئەوا بۆ نموونە ئەو کەسە دیدرۆ بووە. کاتێک کە شتارکە تەواوی ئەمانە بە ئایدیالیزم ناوزەد ئەکات، جگە لە پیشاندانی ئەوەی کە بەلای ئەوەوە، وشەی «ماتریالیزم» و لە پاڵیشیدا تێکڕای ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوانی ئەم دوو ئاراستەیەدا هەیە، هەرجۆرە مانایەکی لە دەستداوە شتێکی دیکە نییە.

شتارکە ئالێرەدا بە کردەوە لە بەرامبەر خورافەیەک کە لە دژی ناوی ماتریالیزم لەلایەن هیچوپوچە بیرتەسکەکانەوە ئەکرێت پاشەکشە

ئەکاتێ، پاشەکشەیەک کە لێخۆشبوونی تیادا نییە، ئەگەرچی ئەشێ کە بێئاگاییانە بووبێت، ڕیشەی خورافەیەک کە لەلای ئەو هیچوپوچە بیرتەسکانەیە، ئەگەڕێنەوە بۆ ئەو تۆمەتە کۆنانەی کە لەلایەن کەشیشەکانەوە بۆ ماتریالیزم یانی زۆرخۆریی بەدمەستی شەهوەت، ئارەزووەجەستەییەکان، لەخۆباییبوون، پارەپەرستی، پیسکەیی، تەماح، قازانجپەرستیی، سەوداگەریی (مچاربە) لە بۆرسەدا و بە کورتییەی هەموو کارێکی چەپەڵ کە ئەو بەوخۆی بە دزییەوە ئەی کات، هەروەها بەلای ئەوەوە ئایدیالیزم یانی بڕوابوون بە چاکە و بەخشندەیی خۆشویستنی گشت مرۆڤایەتی و بەشێوەیەکی گشتی بڕوابوون بە «جیهانێکی باشتر» کو لەلای کەسانی تر بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵام بۆخۆی تەنها ئەو دەمە بڕوای پێی هەیە کە تووشی مایەپەچی یان سەرئێشەی پاش مەستبوون هاتبێت، بە کورتییەکەی سەردەمێک کە پێویستە ئەو قۆناغە نەویستراوە تێپەڕێنێ کە بەرئەنجامی زیادەڕەویی «ماتریالیستی» ئاسایی خۆیەتی. لەو کاتەدا گۆرانییە پەسەندکراوەکەی خۆی ئەڵێتەوە: مرۆڤ چییە؟ نیوە گیانەوەر، نیوە فریشتە.

ئەو شتانەی لێ دەرچێت لە باقی شتەکانی تردا شترکە، لە بەرامبەر هێرش و تیۆری ئەو مامۆستایانەی ک ئەمڕۆکە لە ئەڵمانیا بە ناوی فەیلەسوفەوە هاتوهاواریانە، سەرسەختانە لە هەوڵی داکۆکیکردن بووە لە فۆیرباخ، بێگومان ئەمە بەلای کەسانێکەوە کە بایەخ بەو نەوەیە ئەدەن کە لە فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی ماونەتەوە مەسەلەیەکی گرنگە، ئەمە بۆ خودی شتارکەش وە مەسەلەیەکی پێویست دەهاتە پێشچاو. بەڵام ئێمە خوێنەر دەبەخشین.

**بەشی سێیەم: فۆیرباخ**

ئایدیالیزمی واقیعیی فۆیرباخ ئەو کاتە بە خێرایی دەرئەکەوێت، کە لە فەلسەفەکەیدا بچینە سەر مەسەلەی ڕەوشت و ئاین. فۆیرباخ بە هیچ جۆرێک گەرەکی نییە کە ئاین هەڵوەشێنێتەوە، بەڵکو مەبەستی ئەو کامڵکردنی بوو خودی فولسەفە ئەبێ لە ئاییندا بتوێتەوە.

«قۆناغەکانی مرۆڤایەتی تەنها بە ئاڵوگۆڕە ئاینییەکان لە یەکدی جودا ئەکرێنەوە، بزوتنەوەی مێژوویی تەنها ئەو دەمە بە بناغەیەکی قوڵ ئەگات، کە بە قوڵی ڕۆچووبێتە نێو دڵی مرۆڤەوە. دڵیش فۆرمی ئاین نییە، لەبەرئەوە ناشێت کە بووترێت، پێویستە ئاین دیسانەوە لە دڵدا جێگیر بێت، دڵ جەوهەری ئاینە» (لە پەڕاوی شتارکەوە وەرگیراوە ل. 168).

بەپێی تیۆری فۆیرباخن ئاین پەیوەندی هاودڵیی نێوان مرۆڤی لەگەڵ مرۆڤێکی تره و لەسەر بنەمای سۆز دامەزراوە، پەیوەندییەک کە هەتاوەکو ئێستا بەدوای حەقیقەتی خۆیدا، لە ڕەنگدانەوەی خەیاڵیی بۆ واقیع بە هۆی خودایەک، یان چەند خودایەکەوە، کە هەموو ڕەنگدانەوە خەیاڵییەکان لە سروشتی مرۆییدا هەن دەگەڕێ ئێستاکەش ڕاستەوخۆ و بە بێ هیچ ناوەندێک لە خۆشەویستی نێوان «من»و «تۆ»دا دەی بینێتەوە. بەو جۆرە سەرئەنجام مەسەلەکە بەلای فۆیرباخەوە بەوە دەگات، کە خۆشەویستی سێکسی یەکێکە لە بەرزترین، وەیان بەرزترین شێوەیە بۆ پەیڕەویکردن لە ئاینە نوێکەی.

پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ کە لەسەر خۆشەویستی دامەزراوە، بەتایبەت پەیوەندی نێوان تاکەکانی دوو جنسی مرۆڤ هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە لە ئارادابووە، بەڵام سەبارەت بە خۆشەویستی سێکسی بە شێوەیەکی تایبەت، پێویستە بڵێین کە ئەم خۆشەویستییە لە ماوەی

هەشتسەد ساڵی دواییدا گرنگی خۆی پەیداکرد و ڕێوشوێنێکی بۆخۆی داگێرکرد بەجۆرێک کە بووە تەوەرەیەکی پێویستی وا کە هەرچی هونەر هەیە، بە دەوریـدا بچەرخێن. ئاینە جێکەوتەکانی کە هەن تەنها لەو چوارچێوەیەدا خۆ قەتیس ئەکەن، کە لە ڕادەبەدەر ڕێکخستنی خۆشەویستی سێکسی لەلایەن دەوڵەتەوە یانی یاساکانی پەویوەست بە ژن و شوویی پیرۆز ئەکەن، ئەو ئاینانەی کە ڕەنگە سبەی ڕۆژ بە تەواوەتی لە نێوبچن بەبێ ئەوەی لە پراکتیکدا کەمترین ئاڵوگۆڕێک بەسەر خۆشەویستی و دۆستایەتیدا بێت. ئاینی مەسیحی لە فەرەنسا لە ساڵەکانی 1739–1798 بە جۆرێک نەما کە خودی ناپلیۆن نەیتوانی هەروا بە ئاسانی و بەبێ بەرگری بیگێڕێتەوە،بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە هەست بە پێویستی شتێک لە جۆری ئاینە نوێکەی فۆیرباخ نە ئەکرا، تاوەکو جێگەی ئەو بگرێتەوە.

ئایدیالیستی فۆیرباخ لێرە لەوەدایە، کە ئەو خۆشەویستی سێکسی دۆستایەتی بەزەیی خۆنەویستی و شتی تری لەم بابەتانە، یانی تێکڕای پەیوەندییە مرۆییەکان کە لەسەر بنچینەی ئارەزووی هەردوولا دامەزراوە وەک شتێک لە خۆیدا یانی بەبێ پەیوەستکردنی ئەوانە بە سیستەمێکی ئاینی تایبەت، کە بەلای ئەوەوە بە ڕابـردووەوە پەیوەستە لێکناداتەوە، بەڵام ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم پەیوەندییانە تەنها ئەو دەمە مانای تەواوی خۆیان دەبەخشن کە بە دەستەواژەی «ئاین» پیرۆز بکرێن. مەسەلەی سەرەکی بەلای ئەوەوەلەسەر لە ئارادابوونی ئەم پەیوەندییە مرۆڤایەتییە پەتییە نییە، بەڵکو مەسەلە لەسەر تێڕوانینی خەڵکە بۆ ئەم پەیوەندییە بە وێنەی ئاینێکی نوێ و ڕاستەقینە. ئەو تەنها ئەو کاتە ئامادەیە دان بە کامڵی ئەوانەدا بنێت، کە بە مۆری ئاین مۆر کرابن. وشەی Religion (ئاین) لە کرداری religare ەوە هاتوە و لە سەرەتادا بە مانانی

پەیوەندی بووە. لەبەرئەوە هەر جۆرە پەیوەندییەکی دولایەنەی نێوان دووکەس ئاینە. ئەم جۆر یاریکردنە قوتار بکاتْ. بۆ وشەکان ئەو واتایە دانابڕن کە لە میانەی پەرەسەندنی مێژووییەوە بە خۆیانەوە گرتویانە، بەڵکو ئەگەڕێنەوە بۆ ڕیشەی زمانەوانەیی وشەکان. بۆئەوەی وشەی ئاین کە لە بیرەوەرییەکانی ئایدیالیزمدا خۆشەویستە نەپوکێنەوە خۆشەویستی سێکسی و پەیوەندی سێکی تا ئاستی «ئاین» بڵند ئەکەنەوە. لە ساڵانی چلەکاندا ڕیفۆرمیستە پاریسییەکان کە سەر بە ڕێبازی لوئی بلان بوون و لە ڕوانگەی ئەوانەوە مرۆڤ بەبێ ئاین مانەندی دڕندەیەکی کێوییە و بە ئێمە ئەڵێن: «Donc 1 atheisme cest votr religion!» ڕێک بەو جۆرە داوەری ئەکەن. کاتێک فۆێرباخ لە هەوڵی بنیاتنانی ئاینی ڕاستەقینە لەسەر بنەمای خەسڵەتی ماتریالیستی سروشتدا بوو، بەو کەسەی دەکرد کە پێی وابوو کیمیای هاوچەرخ کیمیاگەریی ڕاستەقینەیە. ئەگەر بشێتْ کە ئاین دەستبەرداری خودا بێتْ، ئەوا کیمیاگەریش ئەتوانێتْ دەستبەرداری بەردی فەلسەفی بێتْ. سەرباری ئەوە پەیوەندییەکی زۆر نزیک لە نێوانی کیمیاگەریی و ئایندا هەیە. بەردی فەلسەفی زۆر تایبەتمەدنی تێدایە، کە بە تایبەتمەندیی خوداوەند دەچێتْ کیمیاگەرانی میسری و یۆنایش، لە دوو سەدەی یەکەمی زایینیدا بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بیرتلو و کوپ بە ئێمەیان داوە، دەستیان هەبووە لە دانانی ئاینی مەسیحیدا.

جەختکردنەوەی فۆێرباخ لەسەر ئەوەی کە «قۆناغەکانی مرۆڤایەتیی تەنها بە ئاڵوگۆڕە ئاینییەکان لە یەکتری جودا دەکرێنەوە»، بە تەواویی نادروستە. وەرچەرخانی مێژوویی گەورە بە بێ ئەوەی هاوکاتْ ئاڵوگۆڕێک لە ئایندا هاتبێتە کایەوە، ڕوویداوە ئەوەی تا ڕادەیەک لەم ڕووەوە لەبەرچاوبگیرێ، تەنها سێ ئاینی جیانی یانی بودایی و مەسیحی و

ئیسلامە، کە هاوشانی ئەوانە هەندێک ئاڵوگۆڕ پێکهاتووە. ئاینە کۆنەکان کە لە نێو هۆز و میللەتەکان بە شێوەیەکی خۆبەخۆ پەیدابوونە، خەسڵەتی پڕوپاگەندەیی نەبووە و هەر کاتێک هۆزەکان یان خەڵکیی سەربەخۆیی خۆیان لەدەستدابێت ئەوا ئاینیش تەواوی هێزی بەرگری خۆی لەدەست ئەدات. لەلای ئەڵمانەکا بۆ بە ئەنجامگەیشتنی ئەم کارە بەریەککەوتنێکی کەم لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی جیهانی ڕۆم کە لە حاڵی هەڵوەشانەوەدا بوو وە لەگەڵ ئاینی مەسیحی جیهانی کە لەو دەمەدا ڕۆمەکان تازە چووبوونە سەری و وەڵامدەرەوەی هەلومەرجی ئابوری و سیاسی و روحییان بوو بەس بوو. تەنها لە پەیوەند بەم ئاینە جیهانییەوە کە کەموزۆر بە شێوەیەکی دەسکرد پەیدابوون، بەتایبەت مەسیحی و ئیسلام ئەکرێ بوترێت، کە بزوتنەوە گشتییە مێژووییەکان ڕەنگی ئاینیان بە خۆوە گرتبوو. بەڵام تەنانەت لە بواری بڵاوبوونەوەی مەسیحیەتیشدا، ئەو شۆڕشانەی کە بە ڕاستی گرنگییەکی گشتییان هەبوو، تەنها لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تێکۆشانی بۆرژوازی، لە پێناوی ڕزگاری خۆیدا یانی لە سەدەی سیانزەهەمەوە تا ئەگاتە کۆتایی سەدەی هەڤدەهەم ئەم ڕەنگەی لە خۆ گرتبوو. هۆکاری ئەم مەسەلەیەش بە پێچەوانەی ئەوەی کە فۆیرباخ پێوابوو، بە خەسڵەتی دڵی مرۆڤ و پێویستییە ئاینییەکانی لیکادرێنەوە، بەڵکو بە تێکڕای مێژووی سدەکانی ناوەڕاست، کە جگە لە یەک شێوە ئایدیۆلۆژی یانیئاین و لاهوت، بە شتێکی دی ئاشنا نەبووە لێکئەدرێنەوە، بەڵام بۆرژوازی لە سەدەی هەژدەیەمدا بە ئەندازەی پێوست هێزێکی وای پەیداکرد کە بتوانێت ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت بە خۆی هەبێت، کە هاوشانی هەلومەرجی چینایەتی خۆی بێت ئەو کاتە شۆڕشی مەزن و تەواوی خۆی یانی شۆڕشی فەرەنسا ئەنجام دا ئەو ئاینی، تەنها بە پشتبەستن بە بیروباوەڕی حقوقی و سباسی، بە لاوە گرنگ نەبوو،

مەگەر بەو ڕادەیەی کە ئاین کۆسپی لە ڕێگایدا پێکهێنابێت. بەڵام بۆرژوازی تەنانەت بە خەیاڵیشیدا نە ئەهات، کە لە جێی ئاینی کۆن، ئاینێکی نوێ دابنێ. ئاشکرایە کە ڕۆبسپیر لەم ڕووەوە تووشی چ ناکامییەک هات (13).

لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئێستا ئێمە بە ناچاری ژیانی تێدا بەسەر ئەبەین و لەسەر ناکۆکی چینایەتی و دەسەڵاتی چینایەتی بنیاتنراوە، توانای دەربڕینی هەستە پەتییە مرۆڤایەتییەکان سەربارەت بە پەیوەندییەکانی خۆمان بە کەسانی دیکەوە، بە ڕادەیەکی یەکجار کەمە، بچوکترین هۆکارێک بەدەستەوە نییە کە هەمدیسانەوە، ئەو توانایە کەمتر بکەینەوە ئەوەش بە بڵندکردنەوەی ئەو هەستانە بۆ ئاستی ئاین. بەم شێوەیە زانستی مێژووی باو بە تایبەت لە ئەڵمانیا، تێگەیشتنی ئێمەی بۆ جەنگە چینایەتییە مێژووییە گەورەکان تاریک کردووە و پێویست بەوە ناکات ئەم تێگەیشتنە بە یەکجاری بکەینە شتێکی مەحاڵ لە ڕێگای گۆڕینی مێژووی ئەم خەباتەوە، ئەویش بەوەی کە بکرێتە پاشکۆیەکی سادەی مێژووی کڵێسا. هەر لێرەوە کە ئەمڕۆ چەندە لە فۆیرباخ دوورکەوتووینەتەوە. ئێستا تەنانەت خوێندنەوەی لایەنە «زۆر جوان»ەکانی دانراوەکانی فۆیرباخ کە تیایدا ئاینی نوێی خۆشەویستی هەڵئەنێ ئەستەمە.

تەنها ئاینێک کە فۆیرباخ بە قووڵی لێی کۆڵیبێتەوە، ئاینی مەسیحی بووە ئاینی جیهانی ڕۆژئاوا، کە لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی بنیاتنراوە. فۆیرباخ ئەوە پیشان ئەدات کە خودی مەسیحییەت جگە لە ڕەنگدانەوەی خەیاڵی مـرۆڤ شتێکی تر نییە. بـەڵام ئەم خودایە بە نۆبەی خۆی بەرهەمی بزوتنەوەیەکی دوورودرێژی تەجرید و چڕبوونەوەی ژمارەیەکی زۆروزەبەندی خوادیانی کۆنی خێڵ و میللەتانە. بەهەمان شێوە ئەو مرۆڤەی کە ئەم خودایە ڕەنگدانەوەی ئەو مرۆڤێکی واقیعی نییە، بەڵکو ئەویش

کورتکراوە و چڕبووەوەی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤگەلی واقیعییە، ئەم مرۆڤە مرۆڤێکی تەجریدییە یانی ئەمیش وێنایەکی فیکرییە. خودی فۆیرباخیش کە لە هەموو لاپەڕەیەکدا وەعزی ئەوە ئەدات، کە ڕۆچینە نێو ئارەزووە جەستەییەکان و داوامان لێ دەکات کە نوقمی جیهانی مەلموس و واقیعی بین کاتێک، کە دەبێت قەسە نەک سەبارەت بە پەیوەندی سێکسین بەڵکو سەبارەت بە پەیوەندی تری نێوان مرۆڤەکان بکات، لە ڕادەبەدەر ئەکەوێتە نێو تەجریدەوە.

فۆیرباخ لە هەموو ئەو پەیوەندیانەی کە لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە، جگە لە لایەنێک کە ئەویش ڕەوشتە شتێکی تر نابینێت. لێرەدا جارێکی تر هەژاریی سەرسوڕهێنەری فۆیرباخ بە بەراورد لەگەڵ  هیگڵ سەرساممان دەکات. بەلای  هیگڵەوە، زانستی ڕەوشت یان تیۆرەکەی لە مەڕ ڕەوشت فەلسەفەی مافە، کە ئەویش بە نۆبەی خۆی ئەمانە ئەگرێتەوە: خێزان، کۆمەڵگەی مەدەنی، دەوڵەت.

لێرەدا، بە هەر ئەندازەیەک شێواز ئایدیالیستییە بەهەمان ئەندازە ناوەڕۆک ڕیالیستییە. ئەم ناوەڕۆکە سەرباری ڕەوشت تێکڕای مەیدانی ماف و ئابوری و سیاسەت ئەگرێتەوە. بەڵام بەلای فۆیرباخەوە مەسەلەکە بە تەواوی پێچەوانەیە. فۆیرباخ لە ڕووی شێوازەوە ڕیالیستییە و مرۆڤ خاڵی لێوە هەستانییەتی، بەڵام هیچ قسەیەک دەربارەی جیهانێک کە ئەو مرۆڤە زیندەگی تێدا ئەکات ناهێنێتە گۆڕ، لەبەرئەوە مرۆڤ بەلای فۆیرباخەوە بە هەمان ئەو مرۆڤە موجەڕەدەی کە لە فەلسەفەی ئایندا دەبینرێ دەمێنێتەوە. ئەو مرۆڤە لە سکی دایکەوە پەیدا نەبووە، بەڵکو هەوەکو چۆن پەروانە لە قۆزاخە دێتە دەرەوە، لە خودای ئاینە یەکتاپەرستییەکانەوە هاتوەتە دەر. لەبەرئەوە، ئەو مرۆڤە لە جیهانی واقیعی کە خاوەن پەرەسەندنی

مێژوویی و سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراوە ناژێت. ئەگەرچی ئێکەڵی لەگەڵ خەڵکانی تردا هەیە، بەڵام هەر یەکێک لەو خەڵکانە بە ڕادەی خودی موجەڕەدە. لە فەلسەفەی ئاینددا بەلای کەمەوە ژن و پیاو لەیەک جیا ئەکەینەوە، بەڵام لە ڕەوشتدا ئەم جیاوازییە دەپوکێنەوە. ئەوە ڕاستە کە لە لای فۆیرباخ بە دەگمەن بابەتگەلی وەکو ئەمەی خوارەوە بەرچاو ئەکەوێت:

«لە کۆشکەکاندا بە جۆرێکی تر وەک لەوەی لە کۆلیتەکاندا هەیە بیر ئەکرێتەوە»، «ئەگەر بەهۆی برسێتی و کوێرەوەری، هیچ مەوادێکی خۆراکی لە لەشتدا نەبوو، ئەوا لە مێشک و هەست و دڵیشتدا، هیچ خۆراکێکت بۆ ڕەوشت پێ نابێت»، «ئەبێ سیاسەت ببێتە ئاینمان» ...هتد.

بەڵام فۆیرباخ بە هیچ جۆرێک ناتوانێت ئەم بابەتگەلانە بەکربهێنێ، لەلای ئەو ئەوانە تەنها دەربڕینن و تەنانەت شترکە ناچارە دان بەوەدا بنێت، کە سیاسەت لەلای فۆیرباخ مەیدانێکە دەستڕاگەییشتن پێی ئەستەمە و» زانست دەربارەی کۆمەڵ وەیان سۆسیۆلۆژی__ terra incognita» .

لەو جێگایەدا کە فۆیرباخ ناکۆکی نێوان خێر و شەڕ لێکئەداتەوە، بەهەمان ئەندازە تێگەیشتنی ڕووکەشییانەی فۆیرباخمان بە بەراورد لەگەڵ هیگڵ بۆ دەرئەوکێ.

هیگڵ ئەنوسێت: «کەسانێک هەن پێیان وایە ئەگەر بڵێین: مرۆڤ بە پێی سروشتی خۆی خێرەومەندە، ئەوا بیرۆکەیەکیان خستوەتە ڕوو، یەکجار قوڵ، بەڵام ئەوە فەرامۆش ئەکەن کە لە ڕستەی: مرۆڤ بە پێی سروشتی خۆی شەڕەنگێزە بیرۆکەیەکی زۆر قوڵتر هەیە».

شەڕ بەلای  هیگڵەوە ئەو فۆرمەیە کە هێزی بزوێنەری پەرەسەندنی مێژوویی تێدا بەرجەستە بووە. ئەم بیرۆکەیەش دوو واتای هەیە: لە لایەکەوە هەر هەنگاوێکی تازە بۆ پێشەوە، بە ناچاری وا ئەنوێنێت کە سوکایەتییە بە

یەکێک لە شتە پیرۆزەکان یاخیبوونە لە دژی هەلومەرجی کۆن و بەسەرچوو، بەڵام پیرۆزە بەهۆی نەریتەوە. لەلایەکی ترەوە، لەو کاتەوەی کە ناکۆکی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان پەیدابووە ئاشوبی ناپەسەندی مرۆڤ وەکو چاوچنۆکی دەسەڵاتخوازی بوونەتە نوێڵی پەرەسەندنی مێژوویی. بۆ نموونە مێژووی فیۆدالیزم و بۆرژوازی، سەلمێنەری هەمیشەیی ئەم مەسەلەیەن. بەڵام تەنانەت ئەوە بە مێشکی فۆیرباخدا نەهاتووە، کە لە ڕۆڵی مێژوویی شەڕی ئەخلاقی بکۆڵێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی مەیدانی مێژوو بۆ فۆیرباخ شیا و ئاسودە نییە. تەنانەت ئەم وتەیەی:

«ئەو دەمەی کە مرۆڤ لە دامێنی سروشتەوە هاتە دەرەوە، جگە لە بوونەوەرێکی سروشتیی پەتیی نەک مرۆڤ شتێکی تر نەبوو. مرۆڤ بەرهەمی مرۆڤ و فەرهەنگ و مێژووە».

تەنانەت ئەم قسەیەش لەلای فۆیرباخ، قسەیەکی بێبەرهەم بوو.

پاش هەموو ئەو شتانەی کە وترا، ئێستا ئەوە ڕۆشنە کە ئەو قسانەی فۆیرباخ دەربارەی ڕەوشت بە ئێمەی ئەڵێ، شتگەلێکی زۆر چروساوەیە . لەلای مرۆڤ تێکۆشان لە پێناوی بەختەوەرییدا، شتێکی خۆڕسکە هەر بۆیە ئەبێ ئەم تێکۆشانە ببێتە بناغەی ڕەوشت. بەڵام ئەم تێکۆشانە لە پێناوی بەختەوەریدا، لەدوو ڕووەوە مل بۆ ڕسنکردنەوە کەچ ئەکات. یەکەم لە ڕووی سەرئەنجامە سروشتییەکانی کردارەکانمانەوە: لە پاش مەستی ژانەسەر و لە پاش زێدەڕۆیی کە ئەبێتە خوو، نەخۆشی دێت. دووەم لە ڕووی سەرئەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی کردارەکانمانەوە: ئەگەر ئێمە ڕێز لە هەمان ئەو تێکۆشانەی کە کەسانی دیکە بۆ بەختەوەریی ئەیدەن نەگرین، ئەوا ئەوان بەرگری ئەکەن و دەبنە کۆسپی بەردەم تێکۆشانی ئێمە لە پێناوی بەختەوەریدا. لێرەدا ئەو ئەنجامگیرییە بەدەستدێت، ئەگەر ئێمە

خوازیاری ئەوەین کە تێکۆشانمان لە پێناوی بەختەوەریدا سەرکەوتوو بێت، پێویستە بزانین کە چۆن بە شێوەیەکی دروست سەرئەنجامی کارەکانمان هەڵئەسەنگێنین و سەرباری ئەوەش ڕێز لە مافی کەسانی دیکە، کە هەمان تێکۆشانیان هەیە ئەگرین. کەواتە، ڕێسای بنەڕەتیی ڕەوشت لەلای فۆیرباخن کە هەموو ڕێساکانی تری لێوە هەڵئەگۆزن بریتییە لە بەرتەسککردنەوەی عەقڵانییانە سەبارەت بە خۆمان و بە خۆشەویستی (هەمیشە خۆشەویستی!) لە پەیوەندیمان بە کەسانی دیکەوە. نە پاساوە زۆر هۆشمەندانەکانی فۆیرباخ، نە پیاهەڵدانە زێدەڕۆییەکانی شتارکە، ناتوانن هیچوپوچی ئەم دوو و سێ حوکمە بشارنەوە.

ئەگەر مرۆڤ بایەخی هەر بە خۆی دا، ئەوا تەنها لە هەندێک حاڵەتی زۆر کەمدا، کە ئەویش بە هیچ جۆرێک کەڵکی نەبۆ خۆیی و نە بۆ کەسانی دیکەش ئەبێت، ئەتوانێت سەرکەوتن لەو کۆششەی لە پێناوی بەختەوەریدا ئەیکات بەدەستبهێنێ. پێویستە ئەو لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا پەیوەندی بگرێت و بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی خۆی، خاوەنی هۆیەکانی وەک: خـۆراک، هاوسەر، پـەڕاو، گفتوگۆ، وتوویژ، چالاکی، ستومەکی بەکاربردن بۆ ژیان و شتومەکی کاربێت. لە دوو حاڵەت بەدەر نییە: یان ئەوتا گریمانەی ڕەوشت لەلای فۆیرباخ هەر لە سەرەتاوە، گریمانەی ئەوە دائەنێت، کە هەموو ئەو شتومەک و هۆیانە بێئەملاوئەولا لە بەردەستی هەموو مرۆڤێکدایە، وەیان ئەوەتا ئەو ڕەوشتە بە تەنها، ئامۆژگاریی جوان فەرماییش ئەکات، کە نایاتە دی و لەلای کەسانێک کە لەو هۆیانە بێبەشن، بەهای تاڵە موویەکی نییە.

لەم بارەیەوە خودی فۆیرباخ بە ڕشکاوی ئەڵێت:

«لە کۆشکەکاندا بە جۆرێکی تر وەک لەوەی لە کۆلیتەکاندا هەیە بیر

ئەکرێنەوە»، «ئەگەر بەهۆی برسێتی و کوێرەوەری، هیچ مەوادێکی خۆراکی لە لەشتدا نەبوو، ئەوا لە مێشک و هەست و دڵیشتدا، هیچ خۆراکێکت بۆ ڕەوشت پێ نابێت».

ئایا، سەبارەت بە مافی یەکسانی لە بەختەوەریی بۆ گشت کەسێک، هەلومەرجێکی باشتر لەوە لە ئارادایە؟ فۆێرباخ ئەم مافە بەبێ قەید و مەرج داوا ئەکات و پێوایە کە لە هەموو سەردەم و بارودۆخێکدا پێویستە. بەڵام لە کەیەوە تێکڕای خەڵکی، دان بەم مافەدا ئەنێن؟ ئایا لە سەردەمەکانی ڕابردودا هیچ کاتێک مافی یەکسانی لە بەختەوەریی بۆ گشت کەسێک، لە نێوان کۆیلە و کۆیلەداران، وەیان لە سەدەکانی ناوەڕاست، لە نێوان سێرفەکان و بارۆنەکان ، بۆتە جێگەی قسەوباس؟ ئایا تێکۆشانی چینە ستەمکێشەکان لە پێناوی بەختەوەرییدا، بێبەزەییانەو «بەپێی یاسا» نەبوەتە قوربانی هەمان ئەو تێکۆشانەی کە چینە دەسەڵاتدارەکان لە پێناوی بەختەوەریدا ئەی دەن؟ بەڵێ بەو جۆرە بوو، بەڵام ئەمە پێچەوانەی ڕەوشت بوو، بەڵام ئەمڕۆ مافی بەرابەر، دانی پیادا نراوە. تەنها بە قسە دانی پێدانراوە، ئەویش لەو کاتەوە کە بۆرژوازی ناچار بوو، لە تێکۆشانیدا دژی فیۆدالیزم و بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی سەرمایەداری تـەواوی ئیمتیازاتی پلەوپایەکان(«مراتب».و. کوردی)، یانی ئیمتیازاتە کەسایەتییەکان لە نێوبەرێت و بەرابەریی لە مافە دادوەرییەکان بۆ تاک سەرتا لە چوارچێوەی مافە تایبەتییەکان و پاشانیش وردەوردە لە مەیدانی مافەکانی دەوڵەت («مافە گشتییەکان» بە پێی دەقە فارسییەکە. و. کوردی)، بڕیار بدات.

بەڵام مافە ئایدیالە خۆراکییەکان شتگەلێکی زۆر کومن بۆ تێکۆشان لە پێناوی بەختەوەریدا. تێکۆشان لە پێناوی بەختەوەریی لە هەموو شت زیاتر لە ڕێگەی هۆیە مادییەکانەوە ئەچێتە سەر و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری

لە سۆنگەی ئەمەوەیە کە هەوڵدەداتء ئاوەکو زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئاکانەی کە مافی یەکسانیان هەیە، تەنها خاوەنی شتگەلێکی کەمی زۆر پێویست بن، کە بۆ ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەری پێویستن. بەم شێوەیە ئەوە جێگەی گومانە کە سەرمایەداری ڕێزێکی زیاتر لە مافی یەکسانی زۆربە بگرێت بۆ بەختەوەری، وەک لەوەی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی گرتوویانە. ئایا هەلومەرجێکی باشتر لە پەیوەند بە هۆیە رۆحییەکان بۆ فەراهەمکردنی بەختەوەریین هەروەها هۆیەکانی فێرکردن، لە ئارادایە؟ مەگەر خودی «ئەو مامۆسای خوێندنگا سەرەتاییی کە لە جەنگی سادوا سەرکەوت» (14) کەسایەتییەکی ئەفسانەیی نەبوو؟

لەوانەش زیاتر. بەپێی تیۆری ڕەوشتی فۆێرباخ، بۆرسە بەرزترین پەرستگای ڕەوسشتە، ئەگەر بێتو ژیرانە سەوداگەری بەڕیوە بچێت. ئەگەر تێکۆشانی من لە پێناوی بەختەوەری بەرەو بۆرسەم بباتء و ئەگەر بزانم لەوێدا سەرنجامی کارەکانم بە دروستی سەنگوپێوانە بکەم، بە جۆرێک کە ئەم کارانە بۆ من جگە خۆشی شتێکی تر بۆ نەهێنێ و هیچ جۆرە زیانێکم پێ نەگەیەنێت، یانی ئەگەر من هەمیشە قازانج بکەم، ئەو دەمە ئامۆژگارییەکەی فۆێرباخ دێنەدی. بڕوانن کە من لەم بارەیەوە بە هیچ جۆرێک کۆسپ ناخەمە بەردەم هاوشێوەی خۆم کە بۆ بەختەوەریی تێئەکۆشێت. هاوشێوەکەمیش هەروەکو من، بە ویستی خۆی بۆ بۆرسە هاتووە. ئەو کە مامەڵەی کێبەرکێم لەگەڵدا ئەکات، بە هەمان شێوەی من بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەریی تێوەکۆشێت. ئەگەر پارەکانی دۆڕاند ئەوە نیشانەی بێڕەوشتی کردارەکانییەتی، چونکە سەرئەنجامی کردارەکانی نادروست هەڵسەنگاندووە. من ئەتوانم ئەو بە سزای شاییسنەی خۆی بگەیەنم، تەنانەت ئەتوانم بە ناونیشانی ڕامانت (15)ی هاوچەرخ، سەربەرزانە سینگی خۆم دەرپەڕێنم. لە

بۆرسەدا تەنانەت خۆشەویستیش دەستەواژەیەکی سۆزیی پەتی نییە، بەڵکو فەرمانڕەوایە، لەبەرئەوە هەریەکە بە کۆمەکی کەسانی تر، تێکۆشانی خۆی لە پێناوی بەختەوەریدا بە سەرکەوتن ئەگەیەنێت، ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە پێویستە خۆشەویستی بیکات و جێبەجێبوونی بە کردەوەی خۆشەویستیش لەو چوارچێوەیەدا خۆی ئەبینێتەوە. لەبەرئەوە ئەگەر من سەرئەنجامی کارەکانی خۆمم بە دروستی پێشبینی کر، یانی ئەگەر سەرکەوتوانە یاریم کرد، ئەوکاتە بە دڵنیاییەوە پابەندی گشت خواستە ئەخلاقییەکانی فۆیرباخ ئەبم، سەرباری ئەوەش دەوڵەمەند ئەبم. بە مانایەکی تر، مەبەست و ئارەووەکانی فۆیرباخ هەرچییەک بن، ڕەوشتەکەی لەسەر شێوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەمڕۆ بڕڕوە.

بەڵام خۆشەویستی! بەڵێ، خۆشەویستی بەلای فۆیرباخەوە هەمیشە و لە گشت شوێنێک موعجیزە دروست ئەکات و پێویستە مرۆڤ لە هەموو دژوارییەکانی ژیانی عەمەلی ڕزگار بکات ئەمە دەربارەی کۆمەڵگەیەکە کە بۆ چینە بەرژەوەند ناکۆکەکانی دابەش بووە! بەم جۆرە فەلسەفەکەی فۆیرباخ دوا مۆرکی شۆڕشگێڕانەی خۆی کە ماوەتەوە لە دەست ئەدات و تەنها گۆرانییەکی کۆن ئەمێنێتەوە کە ئەڵێت: یەکتریان خۆشبوێت، بەبێ جیاوازی لە پلەوپایە و جنس، یەکتری لە باوەش بگرن، ژیانێکی ئاشتییانە، ئاشتییەکی گشتی، بەرپا بکەن! بە کورتییەکەی ئەوەی بەسەر تیۆری ڕەوشتی فۆیرباخدا هاتوە، هەمان ئەو شتەیە کە بەسەر تێکڕای تیۆرەکانی پێشیندا هاتوون. ئەم ڕەوشتە بە بەر هەموو سەردەمێک و هەموو گەلێک و هەموو هەلومەرجێدا بڕاوە، ڕێک لەبەرئەوە، لە هیچ کات و لە هیچ شوێنێکدا بۆ جێبەجێکردن دەستنادات. ئەم ڕەوشتە بە هەمان ئەندازەی حوکمی ئیمپراتیف (بڕێنەرەوە/ و.کوردی)ی هیگڵ لە بەرامبەر جیهانی

واقیعی دەستەوەستانە. لە ڕاستیدا هەر چینێک و تەنانەت هەر پیشەیەکیش ڕەوشتی تایبەتی خۆیی هەیە، سەرباری ئەوە هەرکاتێک بزانێت رووبەڕووی سزا نابێتەوە، لە دژی ئەوەستێتەوە، بەڵام لە پەیوەند بە خۆشەویستییەوە کە پێویستە هەموو شتێک یەکگرتوو بکات، بە شێوەی جەنگ، شکاڵا، ناکۆکی خانەوادەگی، تەڵاق و چەوسانەوەی هەندێک بۆ هەندێکی تر، دەرئەکەوەێ.

ئیتر چۆن ئەبێ، کە ئەو تەکانە بەهێزەی فۆێرباخ بە بزوتنەوەی هزریی دا، بۆ خۆی بە تەواویی بێ بەرهەم بێت؟ زۆر بە سادەیی، لەبەرئەوەی فۆێرباخ ئەو ڕێگایەی کە لە جیهانی تەجریدییەوە کە خودی فۆێرباخ هەتاوەکو مردن نەفرەتی لێکرد، بەرەو جیهانی زیندووی واقیعی ئەبرد، نەدۆزییەوە. ئەو بە هەموو هێزێکییەوە خۆی بە سروشت و مرۆڤەوە چەسپاندبوو، بەڵام سروشت و مرۆڤ لەلای ئەو، جگە لە دوو وشە، شتێکی دی نەبوون. ئەو لەسەر سروشتی واقیعی نەی ئەتوانی شتێکی ڕۆشن بڵێت، بۆئەوەی لە مرۆڤێکی موجەڕەدەوە هەروەکو فۆێرباخ وێنای ئەکرد، بگەینە مرۆڤێکی زیندووی واقیعی، پێویستە ئەو مرۆڤانە لە کردارە مێژووییەکانەوە لێیان بکۆڵدرێتەوە، بەڵام فۆێرباخ بە توندی لە دژی ئەوە وەستایەوە، لەبەرئەوە ساڵی 1848 (16) کە لێی تێناگات، هیچ مانایەکی نەبوو، جگە لە داپچڕانی یەکجارەکی لەگەڵ جیهانی واقیعی و چوونە نێو گۆشەگیری تەواوەتی نەبێت. تاوانی ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی هەمدیسان ئەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەڵمانیا، کە ئەوی بەئەنجامێک گەیاند جێگای بەزەیی بێت، بەڵام ئەو هەنگاوەی کە فۆێرباخ نەی نا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ بنرێت. پێویستە پەرستنی مرۆڤی موجەڕەد کە ناوکی ئاینی نوێی فۆێرباخی پێکئەهێنێ، بە زانستێک بگۆڕێت، کە

پەیوەندە بە خەڵکی واقیعی و پەرەسەندنی مێژووییانەوە. ئەم پەرەسەندنە دوایی تیۆری فۆیرباخ، کە چوارچێوەی فەلسەفەی فۆیرباخی، مارکس، لە ساڵی 1845، لە پەڕاوی «خێزانی پیرۆز»دا دەستی پێکرد.

**بەشی چوارەم: مارکس**

شتراوس، باوێر، شتیرنەر و فۆیرباخ، تا ئەو جێگایەی کە مەیدانی فەلسەفەیان بەجێ نەهێشتووە، نەوەکانی فەلسەفەی هیگڵی بوون. شتراوس لە پاش ئەو دوو پەڕاوەی «ژیانی مەسیح» و «دۆگمتتیک»، زیندەگی خۆی بۆ ئەدەبیاتی فەلسەفی و مێژوویی کلێسایی بە شێواوی ڕینانی تەرخان کرد. هەرچی باوێرە، بە تەنها لە بواری سەرهەڵدانی مەسیحییەتدا، تا ڕادەیەک کاری پڕ بایەخی ئەنجامدا. شتیرنر، تەنانەت پاش تێکەڵکردنی باکۆنین و پرۆدۆن لەگەڵ یەکتر و لە ئاو هەڵکێشانی (تعمید) ئەم تێکەڵکردنە بە ناوی «ئەنارشیزم»ەوە، هەروەکو ڕووداوێکی خۆشی گاڵتەئامێز مایەوە.بە تەنها فۆیرباخ فەلسەفەکارێکی بەرجەستە بوو، بەڵام فۆیرباخ نەک هەر نەیتوانی لە چوارچێوەی فەلسەفەیەک کە خۆی بە زانستی زانستەکانی لە قەڵەم ئەدا و بەسەر هەموو زانستەکاندا دەفڕێ و لە یەکەیەکدا کۆیان دەکاتەوە، تێیپەڕێت (چونکە ئەم فەلسەفەیە لە ڕوانگەی فرێرباخەوە هەروەک شتێکی پیرۆز کە نابێت دستی لێ بدرێت، مایەوە)، بەڵکو تەنانەت بە ناونیشانی فەیلەسوفێکیش لە نیوەی ڕیدا وەستا. فۆیرباخ لە ژێرەوە ماتریالیست و لە سەرەوە ئایدیالیست بوو. فۆیرباخ نەیتوانی بە چەکی ڕەخنە بەسەر هیگڵدا زاڵ بێت، بەڵکو ئەو ئەوی وەک شتێکی وەها مە بۆ بەکارهێنان ناشێت خستە کەنارەوە، لە کلتێکدا خودی خۆی نەی ئەتوانی لە بەرامبەر سامانی دەوڵەمەندی هەمەلایەنەی هیگڵی، جگە لە ئاینی فسەڵی ئەوین و ڕەوشتی لاواز و زەبوون، هیچ شتێکی پۆزەتیف بهێنێت.

بەڵام لەگەڵ پوکانەوەی قوتابخانەی هیگڵیدا، ئاراستەیەکی تریش پەیدا بوو، کە تاقە ئاراستە بوو بە ڕاستیی بەرهەمێک بێنێتە بەر، ئەم ئاراستەیەش بە شێوەیەکی گشتی، بە ناوی مارکسەوە پەیوەستە .

لێرەدا دابڕانێک لە فەلسەفەی هیگڵ، لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕوانگەی ماتریالیستی، هاتەکایەوە. ئەم مانای وایە، پشتیوانانی ئەم ئاراستەیە بڕیاریان داوە جیهانی واقیعی سروشت ومێژوو هەر بەو جۆرەی کە لە دیدی هەموو ئەوانەی بە بێ قبوڵکردنی پێشوەختی خەیاڵاتی ئایدیالیستی تێی ئەڕوانن، درک بکەن، ئەوانە بڕیاریان داوە، هەموو ئەو خەیاڵە ئایدیالیستییانەی کە جووت نایاتەوە لەگەڵ ئەو واقیعەتانەی لە پەیوەندییەکی تایبەتییدان لەگەڵی نەک لە پەیوەندییەکی خەیاڵی، بە بێ زەییانە، بکەنە قوربان. ماتریالیزمیش بە شێوەیەکی گشتیی جگە لەمە، مانایەکی دیکەی نییە. جیایی ڕێبازی تازە بە تەنها لەوەدا بوو، کە بۆ یەکەمین جارە سەبارەت بە تێگەییشتنی ماتریالیستیی بۆ جیهان، شێوازێکی جیدی بگیردرێتەبەر و بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ، لە کەمەوە لە ڕووی هێڵە گشتییەکانییەوە.

هەروا بە سوک و سانایی هیگڵ نەخرایە کەنارەوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، لایەنە شۆڕشگێڕییەکانی فەلسەفەکەی، کە لە سەرەوە باسمان کرد، واتە مینۆدە دیالێکتیکییەکەی ئەو، کرایە خاڵی دەسپێک. بەڵام ئەم مینۆدە بە شێوازە هیگڵییەکەی، بێ کەڵک بوو. دیالێکتیک لەلای هیگڵ بریتییەلە پەرەسەندنی خۆبەخۆی بیرۆکە. بیرۆکەی ڕەها نازانین لە کۆی نەک هەر لە ئەزەلەوە هەیە، بەڵکو ڕۆحی حەقیقی و زیندەگییەخشی تەواوی ئەم جیهانەیە. ئەم بیرۆکەیە بۆئەوەی بۆ خودی خۆی بگەڕێتەوە، لە میانەی هەموو ئەو قۆناغە سەرەتاییانەوە کە لە پەڕاوی «لۆژیک»دا بە درێـژی ڕوون کراونەتەوەن، کە ئەو قۆناغانەش لە نێو بیرۆکەکە

دان، پەرەئەسێنێ. پاشان ئەم بیرۆکە ڕەهایە دوای ئەوەی بە خۆی «نامۆئەبێت»، خودی خۆی «ئەگوازێتەوە» و بۆ سروشت ئەگۆڕێت، بە بێ ئەوەی ئاگاییەکی لە خۆی هەبێت، پاش ئەوەی شێوەی پێویستی سروشتی بە خۆگرت، بە پەرەسەندنێکی نوێدا تێ ئەپەڕێت و سەئەنجام لە وجودی مرۆڤدا سەرلەنوێ بە خودئاگایی ئەگات. بەڵام ئەم خودئاگاییە لە مێژوودا جارێکی دی لە حاڵەتی بەرایی قوتار دەبێت تا ئەو دەمەی سەرئەنجام لە فەلسەفەی هیگڵ بیرۆکەی ڕەها بە تەواویی بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە. پەرەسەندنی دیالێکتیکی، کە لە سروشت و مێژوودا دەرئەکەوێت، واتە پەیوەندی هۆکاریی (السببیە/ و.کوردی) ئەو بزوتنەوە پێشڕەوەندەی کە لە میانەی هەموو پێچ و پەنا و هەر هەنگاوگەلێکی کاتیی بەرەوپاش، ڕێگە بۆ خۆی دەکاتەوە کە لە خوارەوە بەرەو سەرەوە پەرەبسێنێ، بەلای هیگڵەوە تەنها ڕەنگدانەوەی بزاوتی خۆبەخۆی بیرۆکەیە کە لە ئەزەلەوە لە شوێنێکی نەزانراوەوە، بەڵام سەربەخۆ لە هەر مێشکێکی بیرکەرەوەی مرۆیی لە ڕەوت دایە. ئەم شێواندنە فیکرییە ئەبوو لە نێو ببرێت. کاتێ ئێمە بۆ ڕوانگەی ماتریالیستی گەڕاینەوە، سەرلەنوێ لە بیرۆکە مرۆییەکاندا، ڕەنگدانەوەی شتگەلە واقیعییەکانمان بینی، ئەمە لە جیاتی ئەوەی لە شتگەلە واقیعییەکاندا ڕەنگدانەوەی ئەم یان ئەو قۆناغە لە بیرۆکەی ڕەها ببینین. بەم جۆرە دیالێکتیک بووە زانستی یاسا گشتییەکانی بزوتنەوە چ لە جیهانی دەرەوە، یان لە بیرۆکەی مرۆییدا: لیرەدا دوو کۆمەڵە یاسا هەن کە لە ناوەرۆکدا وەک یەکن، بەڵام لە دەربڕینیاندا لێک جودان، واتە مێشکی مرۆیی دەکارێت کە بە هوشیارییەوە پیادەیان بکات، لە کاتێکدا ئەوان لە سروشتدا هەتا هەنووکە، زۆرجار لە مێژووی مرۆییشدا__ بە بێ ئاگایانە، بەشێوازی پێویستییەکی دەرەکی، لە میانەی زنجیرەیەکی

بێ پایان لە ڕێگای ڕبکەوتی ڕوکەشەوە، ڕێگای خۆیان ئەدۆزنەوە. بەم شێوەیە خودی دیالێکتیکی بیرۆکەکان، جگە لە ڕەنگدانەوەی هوشیارانەی بزوتنەوەی دیالێکتیکی جیهانی واقیعی شتێکی تر نییە. هاوشانی ئەمە، دیالێکتیکی هیگڵی سەرەوخوار بووەوە، بە واتایەکی دروستتر، سەرلەنوێ لەسەر پێییەکانی خۆی وەستایەوە، چونکە پێشووتر لەسەر سەر ڕاوەستابوو. شتێک کە شایانی باسە ئەوەیە، ئەوە تەنها ئێمە نین کە ئەم دیالێکتیکی ماتریالیستییەمان، کە ئێستا ئیتر ساڵانێکی دووردرێــژە باشترین هۆی کارکردنمان و بڕندەترین چەکی دەستمانە، دۆزیوەتەوە، بەڵکو بە جیا لە ئێمە و تەنانەت بە جیا لە هیگڵیش، کریکارێکی ئەڵمانی بە ناوی یوسف دیتسگن ، ئەمەی دۆزیوەتەوە.

بەم شێوەیە لایەنە شۆڕشگێڕانەکەی فەلسەفەی هیگڵی، زیندوو بووەوە و لە هەمان کاتدا لەو بەرگە ئایدیالیستییەی کە لە جێبەجێبوونی هاوئاهەنگی ئەوانە، لەفەلسەفەی هیگڵیدا، کۆسپی پێک ئەهێنا، ڕزگارکرا. بیرۆکەی مەزنی بنەڕەتیی کە دەڵێت، جیهان لە شتگەلی ئامادە و تەواکراو پێکنەهاتووە، بەڵکو کۆمەڵێک پرۆسەیە، کە شتەکان تیایدا بە وەستاوی دێنە پێش چاو، هەروەها وێنای ئەوانە کە بەرهەمی مێشکن، واتە چەمکەکان، لە گۆڕانی بــەردەوام دان و دەمێک سەرهەڵئەدەن و دەمێکی دی لە بەین دەچن و لەم نێوەدا پەرەسەندن، سەرباری هەر ڕێکەوتێکی بە ڕووکەش و هەر پاشەکشەیەکی کاتیی، سەرئەنجام ڕێگە بۆ خۆی ئەکاتەوە ــ ئەم بیرۆکە مەزنە بنەڕەتییە لە سەردەمی هیگڵەوە تا ڕادەیەک لە هوشیاری گشتیدا جێگیر بووە، بە جۆرێک کە زەحمەتە کەسێک بتوانێت لە شێوە گشتییەکەیدا نکۆڵی لێ بکات، بەڵام دانپێدانان بە قسە شتێکە و جێبەجێکردنی بۆ هەر بارێک بە جیاکار و لە هەر بەشێک لە بەشەکانی

توێژینەوە شتێکی ترە. ئەگەر ئێمە لە توێژینەوەکانماندا هەمیشە پەیڕەویمان لەم خاڵە کرد، ئەوا ئیتر چاوەڕوانیکردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری یەکجاری و حەقیقەتی هەتاهەتایی، یەکجار و بۆ هەمیشە ئەسڕینەوە، ئێمە هەرگیز ئەوەمان لە یاد نەچێت، کە تەواوی ئەو زانیارییانەی بەدەستمان هێناون، بە ناچاری سنوردارە و بەو هەلومەرجەوە پەیوەستە کە زانیارییەکەمان لێیەوە چنگ کەوتووە. لە هەمان کاتدا ئیتر ڕێزی لە ڕادەبەدەری ناکۆکییەکانی وەکو ناکۆکی نێوان ڕاستی و هەڵە، چاکە و خراپە لێکچوو و لێک جیاواز، پێویستی و ڕێکەوتن یانی ناکۆکیگەلێک کە بۆ میتافیزێک، کۆن بەڵام هێشتا لە ڕادەبەدەر بڵاو، سەخت بوو، ناتوانن کاریگەرییان لەسەر دەروونی ئێمە هەبێت. ئێمە ئەزانین کە ئەم ناکۆکییانە تەنها بەهایەکی ڕێژەییان هەیە: واتە ئەوەی کە ئێستا بە ڕاستی دەژمێردرێت، لایەنی هەڵەی تێدایە، کە ئێستا شاراوەیە، بەڵام لەگەڵ ڕۆژگار خۆی دەرئەخا، ڕێک بەهەمان شێوە ئەوەی کە ئەمڕۆ بە هەڵە ناوزەد ئەکرێ، لایەنی ڕاستیی تێدایە کە بە هۆی ئەوەوە ئەکرا پێشوتر بە ڕاست دابنرایە، ئەوەی کە بە پێویست ناوزەد کراوە، لە ڕێکەوتی پەتی پێکهاتووە و ئەوەی کە بە ڕێکەوت دەژمێردرێت فۆرمێکە پێویستیی، خۆی لە ژێریدا حەشارداوە.. هتد.

شێوازی کۆنی توێژینەوە و بیرکردنەوە کە هیگڵ بە «میتافیزیکی» ناوی ئەبات، کە شتەکان ویاتر بە ناونیشانی چتگەلی تەواو و لە گۆڕاننەهاتوو لەبەرچاو ئەگرێت، کە هێشتا پاشماوەکەی لە هزردا بنج پتەوە، لە سەردەمی خۆیدا پاساوێکی دیرۆکیی گەورە هەبووە. پێویستە سەرتا لە شتەکان بتۆژرێنەوە تا بکرێت هەنگاو بۆ توێژینەوەی پرۆسەکان هەڵبهێنرێتەوە. پێویستە یەکەم جار ماهییەتی ئەم یان ئەو شتە دیاریکراوە بزانرێت، تا بکارێیت لەو گۆڕانانەی کە بەسەریاندا دێن بکۆڵێتەوە. بارەکە بۆ زانستە

سروشتییەکان کتومت بەم جۆرە بوو.میتافینافیزیکی کۆن کە پێی وابوو پێکهاتەی شتەکان بە سەرئەنجامی خۆیان گەییشتون، لە سروشتناسییەوە نەشونمای کرد، کە لە شتە گیاندار و بێ گیانەکانی سروشتی، وا دەکۆڵێتەوە، وەک ئەوەی شتگەلێکن، پێکهاتەیان بە سەرئەنجامی خۆیان گەییشتوون. بەڵام کاتێک پانتایی توێژینەوەکان لە شتگەلی دابڕاو لەیەک گەییشتە ئاستێک کە هەڵهێنانەوەی هەنگاوی یەکلاکەرەوەی تازە بەرەو پێش لە توانادابێت، واتە دەستدانە توێژینەوەی سیمستماتیکی ئەو گۆڕانانەی کە لە خودی سروشتدا بەسەر ئەو شتانەدا دێت، ئەو دەمە لە مەیدانی فەلسەفەشدا، زەنگی مەرگی میتافیزیکی کۆن لێ ئەدرێت. لە ڕاستیدا ئەگەر تا کۆتایی سەدەی ڕابردوو سروشتناسی، زیاتر زانستی کەڵەکە (تراکم)، زانستی ئەو شتانەی کە پێکهاتنیان بە سەرئەنجام گەییشتوە، بوو ئەوا ئیتر لەم سەدەیەی ئێمەدا بووە بە زانستی پۆلێنکردن، زانستی پرۆسەکان، زانستی پەیدابوون و پەرەئەستاندنی شتەکان و ئەو پەیوەندییانەی کە ئەو پرۆسە سروشتیانە لە یەکەیەکی گەورەدا کۆ ئەکاتەوە. فیزیۆلۆژی کە لەو کارلێکی لە ئۆرگانیزمی ڕووەک و گیانەوەردا هەن دەکۆڵێتەوە، کۆرپەلەناسی کە لە پەرەسەندنی هەر ئۆرگانێک لە کۆرپەییەوە تا پێئەگات دەکۆڵێتەوە، زەمیناسی کە لە پێکهاتنی بەرەبەری توێکڵی زەوی دەکۆڵێتەوە، تێکڕای ئەم زانستانە لە نەوکانی ئەم چەرخەی ئێمەن.

زانستی پەیوەندی پرۆسە (کارلێک، تفعل)کان کە لە سروشتدا ڕووئەدەن، بەهۆی سێ دۆزینەوەی مەزنەوە بە تایبەت، هەنگاوی مەزنی بەرەو پێش نا:

یەکەم، دۆزینەوەی سێڵ (خانە) بەو پێناسەیەی، ئەو یەکەیەی کە لە ئەنجامی زۆربوون و دابەشبوونەوە تەواوی پەیکەری ڕووەک وگیاندار گەشە

ئەکاتْ. ئەم دۆزینەوەیە نەک تەنها هەر ئێمەی گەیاندە ئەو بڕوایەی کە پەرەسەندن و نەشونمای گشتْ ئۆرگانیزمە باڵاکان بەپێی یەک ڕێسای گشتی ڕوودەدەن، بەڵکو بە نیشاندانی ئامادەیی سێڵەکان بۆ گۆڕان، ئەو ڕێگایەشی دەستنیشان کرد کە لە ئۆرگانیزماکاندا ئەبێتە هۆی گۆڕانی چەندایەتی و سەرئەنجام ئەو ئۆرگانیزمانە ئەتوانن پرۆسەی پەرەسەندن کە شتێکی زیاترە لە پەرەسەندنی فەردی ڕووتْ، تەی بکەن.

دووەم، دۆزینەوەی گۆڕانی وزە (ئینێرژی) کە نیشانی دا، هەموو ئەوانەی پێیان دەوترێتْ هێزەکان، کە پێش هەر شتێک لە سروشتی نا ئۆرگانیکدا کاری خۆیان ئەکەن هێزی میکانیکی و تەواوکەرەکەی کە بە ماتەوزە نێودەبرێتْ، گەرما، تیشک (ڕوناکی، Resp گەرمای تیشکدەر)، کارەبا، موگناتیس، وزەی کیمیاوی ئەوانە شێوەی جۆراوجۆری دەرگەوتنیبزوتنەوەی گشتین، کە لە هاوسەنگییەکی چەندایەتی دیاریکراودا بۆ یەکتر دەگۆڕێن، بە جۆرێک کەهەرکاتێک بڕێک لە یەکێکیاندا دیار نەمێنێی، لە بری ئەوە بڕێکی دیاریکرارو لە یەکێکی تر دەرئەکەوێ، بە جۆرە هەموو بزوتنەوەیەک لە سروشتدا لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی لێک بەستراو لەگەڵ یەکتر، لە شێوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر ئەگۆڕێتْ.

لە کۆتایی، سێیەم ئەو سەلماندنە لۆژیکییەی کە بۆ یەکمین جار لە لایەن داروینەوە خرایە ڕوو کە دەڵێتْ، هەموو ئەو ئۆرگانیزمانەی کە هەنووکە دەوروبەرمانیان گرتووە، لە نێویشیاندا مرۆڤ، لە ئەنجامی پرۆسەیەکی دوورودرێژی پەرەسەندنی ژمارەیەکی بچوکی ناوکی لە بنەڕەتْ تاک خەنەیی، کە خودی ئەم ناوکە بە نۆرەی خۆی لە پرۆتۆپلازم یان سپێنە، کە بە ڕێگەی کیمیایی پەیدابووە، پێکهاتووە.

بەهۆی ئەم سێ دۆزینەوە گەورەیە و بەهۆی سەرکەوتنە گەورەکانی تری سروشتناسییەوە، ئەمرۆ ئێمە دەتوانین، نەک تەنها هەر پەیوەندی نێوان پرۆسەکانی سروشت لە مەیدانی جۆراوجۆرەکاندا کە هەن بدۆزینەوە، بەڵکو دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی، ئەو پەیوەندییەی کە ئەم مەیدانە هەمە جۆرانەش لێک دەبەستێت، بدۆزێتەوە. بەم چەشنە بە کۆمەکی ئەو زانیارییانەی کە خودی سروشتناسی ئەزمونگەری بەدەستی هێناوە، دەتوانرێت بەشێوەیەکی تا ڕادەیەک سیستماتیک، تابلۆیەکی گشتیی سروشت بەو پێیەی کە یەکەیەکی تێهەڵکێشە، پیشان بدرێت. خستنەڕووی تابلۆیەکی گشتیی سروشتی لەم چەشنە لە ڕابردودا، ئەرکی ئەو بەشە بوو کە پێی دەگوترا فەلسەفەی سروشتی، کە لە توانایدا نەبوو بە کارێکیوا هەستێتن مەگەر لە بری پەیوەندییە واقیعییەکانی نێوان دیاردەکان کە هێشتا لەلای ڕۆشن نەبوو، پەیوەندییە ئایدیال و خەیاڵییەکان دابنێت، دانانی خەیاڵەکانیلە شوێنی واقیعەکان، بۆشاییە واقیعییەکان تەنها بە وێناکان پڕ دەبنەوە. کاتێک ئەمەی کرد، بیرۆکەی بلیمەتانەی زۆروزەبەندی گوت، پێشبینی زۆری بۆ دۆزینەوەکان کە دواتر هاتنەدی کر، بەڵام لەهەمان کاتدا شتە پڕوپوچەکانیشی کەم نەبوون. لەو دەمەدا جگە لەمە شتێکی دی لە توانادا نەبوو، بەڵام هەنووکە ئەوە بەسە، کە بە تێڕوانینێکی دیالێکتیکییانە، واتە لە ڕوانگەی پەیوەندی تایبەتی نێوان ئەم بەرئەنجامانەوە، بڕوانینە بەرئەنجامەکانی توێژینەوەی سروشت، بۆئەوەی «سیستەمی سروشت»بە جۆرێک دابنێین کە وەڵامگۆی سەردەمەکەمان بێت و درکی خەسڵەتی دیالێکتیکی ئەم پەیوەندییە تەنانەت لە مێشکی ئەو توێژەرانەی سروشت، کە بەدەر لە ویستی خۆیان، بە ڕێگایەکی میتافیزیکییانە پەروەردە کراون، بچەسپێت ئەمڕۆکە وئیدی، دەورانی کۆتایی فەلسەفەی سروشت هات. هەرجۆرە کۆششێک بۆ زیندوکردنەوەی نەک هەر

زیادەیە، بەڵکو هەنگاوێکیشە بەرەو دوا.

بەڵام ئەوەی کە بەسەر سروشتدا، کە ئێستا ئێمە بە وێنەی پرۆسەی مێژوویی پەرەسەندن درکی ئەکەین، جێبەجێ ئەبێت، بەسەر هەموو بەشەکانی مێژووی کۆمەڵیش، هەروەها بەسەر تێکڕای ئەو زانستانەی کە لە مەسەلە مرۆڤایەتی (خودایی)یەکان دەکۆڵنەوە، جێبەجێ دەبێت. فەلسەفەی مێژوو، ماف و ئاین... هتد. هەروەکو فەلسەفەی سروشت، بریتی بوون لەوەی کە پەیوەندی ساختەی دروستکراوی فەیلەسوفەکان، جێگەی پەیوەندی واقیعی گرتبۆوە، کە پێویستە لە ڕەوتی ڕووداوەکانەوە بدۆزێتەوە و بریتی بوون لەوەی، کە مێژوو بەگشت و بەشە لێکجیاکانییەوە جێبەجێبوونی بەرەبەر و بەردەوامی ئایدیاکان بوو، هەڵبەتە تەنها ئایدیا پەسەندکراوەکانی لای هەر فەیلەسوفێکی دیاریکراو. لەم ڕوانگەیەوە بەو بەرئەنجامە ئەگەیت، کە مێژوو بە شێوەیەکی نا ئاگایانە بەڵام بە ناچاریی لە پێناوی بەدیهاتنی ئامانجێکی ئایدیالی دیاریکراو، کە پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە، کار ئەکات، بۆ نموونە ئەم ئامانجە بەلای هیگڵەوە، بەدیهێنانی بیرۆکە ڕەهاکەیەتی، کە پێیوایە، هەوڵی هەمیشەیی بەرەو ئەم ئایدیا ڕەهایە، پەیوەندی دەروونی ڕووداوە مێژووییەکان پێک ئەهێنێ. بەم جۆرە لە شوێن پەیوەندیی واقیعی کە هێشتا ڕۆشن نبوو، زاتێک (خودا)ی نوێ، پەنهانی و ناهوشیار- یان وردەوردە بە هوشیاریی ئەگاتە، قەرار ئەگرێت. پاشان لێرەشدا، ڕێک بەو جۆرەی کە لە مەیدانی سروشت ڕوویدا، پێویستە ئەم پەیوەندییە ساختە و دروستکراوانە بخرێنە لاوە، تاوەکو پەیوەندییە واقیعییەکان بدۆزرێنەوە. سەرئەنجام ئەم ئەرکە بە دۆزینەوەی ئەو یاسا گشتییانەی بزوتنەوەوە پەیوەستە کە لە مێژووی کۆمەڵگەی مرۆییدا بە وێنەی یاسای زاڵ کاری خۆیان کردووە.

بەڵام مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵ، لە یەک خاڵدا، لەگەڵ مێژووی پەرەسەندنی سروشت، جیاوازی بنەڕەتی هەیە. ئەو جیاوازییەش ئەوەیە کە لە سروشن (بەو ڕادەیەی کە ئێمە کاردانەوەی مرۆڤ لەسەری بخەینە لاوە)دا، تەنها هێزە کوێر و نا ئاگاکان کار لە یەکتری ئەکەن و لە میانەی کاریگەرییەکانیانەوە لە سەر یەکتر، یاسا گشتییەکان پەیدا ئەبن.لێرەدا هیچ ئامانجێکی هوشیارانە و خوازراو لە ئارادا نییە: نە لە ڕێکەوتە ڕووکەشە بێشومارەکان و لە ڕوودا بینراو، نە لەو دوا بەرئەنجامانەی کە جەخت لەسەر هەبوونی نەزمێکی قانونمەندانە لە دەروونــی ئەو ڕێکەوتانە ئەکەنەوە. بەڵام لە مێژووی کۆمەڵدا مەسەلەکە بە پێچەوانەیە، لە مێژووی کۆمەڵدا، ئەو مرۆڤانەی کە بەهرەی هوشیارییان هەیە چالاکی دەنوێنن و بە هۆی بیرکردنەوە، یان کاریگەری سۆز کار ئەکەن و ئامانجێکی دیاریکراو لەبەرچاوئەگرن. لێرەدا هیچ کارێک بە بێ نیازێکی وشیارانە و بە بێ ئامانجێکی داواکراو بە ئەنجام ناگات. بەڵام مەترسی ئەم جیتوازییە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی بە تایبەت بۆ لێکۆلینەوە سەردەم و ڕووداوە جیاوازەکان بەهر ئەندازەیەک بێت، هێشتا بە هیچ کلوجێک شتێک لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە ڕەوتی مێژوو پابەندی یاسای گشتی دەروونییە. لە ڕاستیدا ڕێکەوت، بە شێوەیەکی گشتی و وەک دێتە دیتن، لەم مەیدانەشدا و لە ئاستی دیاردەکان، سەرباری ئەو ئامانجانەی کە ئاگایانە خواستی هەموو تاکێکە هەریەکە بە جودا، فەرمانڕەوایە. ئەوەی خوازیارین، لە هەندێک حاڵەتی کەمدا نەبێت نایەتەدی، بەڵام ئەو ئامانجانەی کە خەڵکی لە بەردەم خۆیانیان داناوە، زۆر کات توشی بەیەکدادان و ناکۆکی دێن، یان مرۆڤ دستی پێیان ڕاناگات، هۆیەکانی جێبەجێکردنەوە. بەیەکدادانی کۆششە بێشومارە جودا (منفرد)کان و کردارە بێشومارە جوداکان لە مەیدانی مێژوودا،

ئەبێتە هۆی هێنانەکایەوەی هەلومەرجێک کە بە تەواویی هاوشێوەی ئەو هەلومەرجە زاڵەیە کە بێئاگایانە لە سروشتدا فەرمانڕەوایە. کە لەو کردارانە ئەوکەونەوە، بە تەواویی نەخوازراون. ئەگەر ئەم بەرئەنجامانە لە سەرەتادا وا دەربکەون، کە لەگەڵ ئامانجە خوازراوەکەدا جووت دێنەوە، بەڵام لە دواییندا هەڵگری شتێکە کە لە شتە خوازراوەکەوە دوورە. بەو جۆرە بەو سەرئەنجامە ئەگاتە، کە ڕێکەوت لە مەیدانی دیاردەکانی مێژووشدا ئێکڕا و بەهەمان شێوە، فەرمانڕەوایە. بەڵام لە هەر شوێنێک گەمەی ڕێکەوت کەوتە ڕوو، ئەوا هەمیشە خودی ئەو ڕێکەوتە لەوێدا، ملکەچی یاسای دەروونی و نهێنییە. گشت مەسەلەکەش بە تەنها، دۆزینەوەی ئەم یاسایانەیە.

ڕەوتی مێژوو هەر چۆنێک بێت، خەڵکی بەم جۆرە دروستی ئەکەن: هەر کەسێک پەیڕەوی لەو ئامانجانە ئەکات، کە بە هوشیارییەوە لەبەردەم خۆی دایناوە، سەرئەنجامی گشتی ئەم هەموو کۆششانەی کە بە ئاراستەی جیاواز کار ئەکەن و کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانیان لە جیهانی دەرەکیدا، ئەوا مێژوو ڕێک ئەوەیە. بەم پێیە، مەسەلەکە لەو چوارچێوەیەدا دەمێنێتەوە کە ئەم ژمارە فراوانەی لە خەڵکی جودا، خوازیاری چین. سۆز یان بیرکردنەوە ئیرادە دیاری ئەکات، بەڵام ئەو پاڵنەرانەیکە بە نۆبەی خۆیان ڕاستەوخۆ سۆز و بیرکردنەوە دیاری ئەکەن، گەلێک لایەنی جۆراوجۆری هەن. ئەشێ سەروەختێک شتگەلی دەرەکی بن، سەروەختێکی تر پاڵنەرە ئایدیالەکان: ناوبانگخوازی «خزمەتکردنی ڕاستیی و ڕەوایی»، کینەی شەخسی و تەنانەت جۆرەها ئارەزووی (هەوەس) کەسێتیی ڕووت. بەڵام لە لایەکەوە، ئەو کۆششە فراوانە جودایانانەمان بینی کە لە مێژوودا کار ئەکەن و زۆر وەخت بەو ئەنجامەی کە لە بەردەم خۆیانیان داناوە، نەگەیشتون، بەڵکو زۆرجار بە ئەنجامێکی تەواو پێچەوانە لەوەی کە مەبەستە گەیشتوون، لەبەرئەوەی

ئەم پاڵنەرانەش بۆ سەرئەنجامی کۆتایی، تەنها گرنگیی پلەی دوویان هەن.

لەلایەکی تـرەوە، مەسەلەیەکی تـازە پەیدا ئەبێت: ئەو هێزە بزوێنەرانە کامانەن کە بە نۆبەی خۆیان لە پشتسەری ئەم پاڵنەرانەدا خۆیان حەشارداوە، ئەو هۆکارە مێژووییانە چین کە شێوەی ئەم پاڵنەرانە لە مێشکی خەڵکانی کارکەر بەخۆی دەگرێت؟

ماتریالیزمی کۆن هەرگیز، ئەم پرسیارەی لە خۆی نەکردووە. لەبەرئەوە ڕوانگەی ئەو بۆ مێژوو تا ئەو جێگایەی کە بە شێوەیەکی گشتی خاوەن ڕوانگەیەکی لەو جۆرە بێت لە بنچینەدا ڕوانگەیەکی پراگماتیک (pragmaatic، عملی)ی بوو: دادوەریی ئەو بۆ هەر شتێک بە پێی پاڵنەری کردارە، پیاوانی مێژوو بە شەرافەتمەند و کەڵەکباز دابەش ئەکات، پێیوایە کە وەک باوە، شەرەفمەندان شکست ئەخۆن و کەڵەکبازانیش سەرئەکەون. لێرەوە بۆخۆی بەو ئەنجامگیرییە ئەگات، کە پەند لە مێژوودا یەکجار کەمە، بەڵام بۆ ئێمە ئەم ئەنجامە دێتە دەست کە ماتریالیزمی کۆن لە مەیدانی مێژوودا ناپاکی لە خۆی کردووە، چونکە پێیوایە، هێزە پاڵنەرە ئایدیالەکان کە لەوێدا کار ئەکەن دوا هۆکاری ڕووداوەکانن، لە جیاتی ئەوەی لەوە بکۆڵێتەوە کە چ شتێک لە پشت ئەوەوە خۆی حەشار داوە و پاڵنەرەکانی ئەم هێزە پاڵنەرانە چین. نەبوونی هاوئاهەنگی ناگەڕێتەوە بۆ دانانان بە بوونی هێزە پاڵنەر ئایدیالەکان، بەڵکو ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لەوێدا دەوەستێت و دوورتر ناڕوات، تاوەکو بە هۆکاری بزوێنەری ئەم هێزە پاڵنەرە ئایدیالە بگات. بە پێچەوانەوە، فەلسەفەی مێژوو، بە تایبەت لە کەسی هێگلدا، دان بەوەدا دەنێت، کە پاڵنەری کەسایەتییە مێژوییەکان، ژ ڕووکەشەکان یان ڕاستەقینەکان، بەهیچ جۆرێک دوا هۆکاری ڕووداوە مێژووییەکان نین و لە پشت ئەم پاڵنەرانەوە هێزی بزوێنەری دیکە خۆیان حەشارداوە، کە پێویستە

بە دوویاندا بگەڕێین. بەڵام فەلسەفەی مێژوو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم هێزانە لە خودی مێژوودا ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لە دەرەوە لە ئایدیۆلۆژی فەلسەفییەوە ئەیان هێنێت. بۆ نموونە، لە جیاتی شیکردنەوەی مێژووی یونانی کۆن بە پێی پەیوەندییە ناوخۆییەکەی، هیگڵ زۆر بە سادەیی ڕای دەگەیەنێت، کە ئەم مێژووە جگە لە دانانی «شێوەکانی تاکێکی قەشەنگ» و بە عەمەلیکردنی یەک «هونەری ناوازە» وەک ئەوەی کە هەیە، شتێکی تر نییە. هیگڵ بەم بۆنەیوە تێبینیگەلێکی بەرز و قوڵ و فراوان سەبارەت بە یۆنانییە کۆنەکان ئەدات، بەڵام لەم سەردەمەدا شیکردنەوەیەکی لەو چەشنە کە تەنها ڕستەسازییەکی پەتین، ئێمە ڕازی ناکات.

بەم پێیە، کاتێک قسە دێتە سەر توێژینەوە لەسەر ئەو هێزە بزوێنەرانەی کە لە پشت پاڵنەری کەسایەتییە مێژووییەکانەوە وێستاون (ئیتر ئەوانە بە ئاگاییەوە بن، وەیان هەروەکو زۆر کات بینراوە بە ناگایی)، بە مانیەکی تر کاتێک قسە دێتە سەر توێژینەوە لە هێزگەلێک کە دەرئەنجام هێزی بزوینەری واقیعیی مێژوو پێک ئەهێنن، نابێت پاڵنەری تاکە جوداکان، تەنانەت ئەگەر چەندەش دەرکەوتبن، بە ڕادەی ئەو پاڵنەرانەی کە جەماوەرێکی زۆری خەڵکی، سەرتاپا گەلێک، لەنێو هەر گەلێکیش بە نۆبەی خۆی، سەرتاپای یەک چین، ئەهێنێتە جوڵە، لەبەرچاوبگیرێن. ئەوەی لێرەدا گرنگە، تەقینەوە کورتماوەکان و چەخماخە هەنوکەییەکان نییە، بەڵکو ئەو بزوتنەوە درێژخایەنانەیە کە پێویستی ئاڵوگۆڕی مێژوویی گەورە ئەهێننە کایەوە. توێژینەوە لەو هۆکارە بزوێنەرانەی کە بە ڕۆشنیی یان نا ڕۆشن، ڕاستەوخۆ یان بەشێوەی ئیدئۆلۆژیک و تەنانەت خەیاڵی لە مێشکی جەماوەری هەڵسوڕاو و ڕابەرانیدا، ئەوانەی پێیان ئەگوترێت پیاوانی مەزن وەک پاڵنەری هۆشیار، رەنگ ئەداتەوە یانی گرتنەبەری ئەو تاکە ڕێگایەی

که بە زانینی ئەو یاسایانە دەگاتە، کە لە مێژوودا بە گشتی و لە سەردەمە جیاوازەکان و لە وڵاتە جیاوازەکاندا فەرمانڕەوا بوونە. هەموو ئەو شتانەی کە خەڵکی ئەبزوێنێ، بە ناچاری ئەبێ بە هزریاندا گوزەر بکات. بەڵام ئەوەی کە لەم هزرەدا چ شێوەیەک بە خۆ دەگرێت، ئەوە تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر بە هەلومەرجەکەوە پەیوەستە. ئێستا ئیتر کرێکاران ئامرازەکانی تێکناشکێنن، هەر بەو جۆرەی کەلە ساڵی 1848 لە ڕاین کردیان. بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێک بەو مانایە نییە، کە ئەوان لە بەکارهێنانی ئامرازەکاندا، بەشێوازی سەرمایەداری ڕازین.

بەڵام ئەگەر توێژینەوە لە هۆکارە بزوێنەرەکانی مێژوو لە تەواوی قوناغەکانی ڕابردو بەهۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکانی نێوا ئەم هۆکارانە و بەرئەنجامەکانیان شێواو و شاراوە بوو، لە تواناداد نەبووبێت، ئەوا لەم چەرخەی ئێمەدا ئەم پەیوەندییانە بە ئەندازەیەک سادەبوونەتەوە، کە تەنانەت سەرئەنجام، کردنەوەی هێماکان لە توانادا بێت. لە سەردەمی پەیدابوونی پیشەسازی گـەورەوە، واتە لانی کەم لە سەردەمی پەیمانی ساڵی 1815ی ئەوروپاوە، لە ئینگلتەرا، بەلای هیچ یەکێکەوە ئەوە شاراوە نەبوو، کە چەقی قورسایی سەرتاپای تێکۆشانی سیاسی لەم وڵاتەدا بریتی بوو، لە هەوڵی دوو چین بۆ گرتنی دەسەڵات: ئەریستۆکراتی زەویدار (Landed aristocracy) لە لایەک و بۆرژوازی (Middel class) لەلایەکی دی. لە فەرەنسا لە پاش گەڕانەوەی بۆربۆنەکان، هەستیان بە هەمان واقیع کرد. مێژوونوسان لە قۆناغی گەڕانەوە (17)، لە تێری هەتا ئەگات بە گیزو و مینیە و تێر، هەمیشە ئەو واقیعە وەکو کلیلی تێگەییشتن لە مێژووی فەرەنسا لە سەدەکانی نێوەند بە دواوە، ئاماژە پێ ئەکەن. لە ساڵی 1830یەوە لە هەردوو ئەم دوو دوڵەتەدا، دان بە چینی کرێکار،

پرۆلیتاریا، هەوڵدەری سێهەم بۆ گرتنی دەسەڵات، نرا. پەیوەندییەکان بە ڕادەیەک سادە بوونەوە، مەگەر تەنها ئەوانەی بە ئەنقەست چاوی خۆیان ئەنوقان، ئەتوانن ئەوە ببینن کە ململانێی ئەم سێ چینە مەزنە و پێکدادانی بەرژەوەندییەکان، هێزی بزوێنەری سەرتاپای مێژووی هاوچەرخ لانی کەم لەم دوو وڵاتە یانی لە پێشڕەوترین وڵاتان، پێک ئەهێنن.

بەڵام ئەم چینانە چۆن پەیدابوون؟ ئەگەر لە یەکەم تێڕوانیندا پەیدابوونی ملکداری گـەورەی زەوی، ملکدارییەک کە سەردەمانێک فیۆداڵی بوو، لانی کەم لە سەرتای کـاردا، بە هۆکاری سیاسی، وەکو داگیرکردنی بە زەبر و زۆر، لێک ئدرایەوە، ئەوا لێکدانەوەی لەم جۆرە بۆ بۆرژوازی و بۆرلیناریا ئیتر مەحاڵ بوو. ئەوەی لە ڕادەبەدەر ڕۆشنە کە پەیدابوون و پەرەسەندنی ئەم دوو چینە مەزنە بەرئەنجامی هۆکاری ئابووری بوون بە تەنها. بەهەمان ئەندازە ڕۆشن بوو، کەتێکۆشانی نێوان زەویداری گەورە و بۆرژوازی، ڕێک وەکو تێکۆشانی نێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریا، لە پێش هەر شتێکەوە، لەسەر بەرژەوەندیی ئابوری بوو، کە دەسەڵاتی سیاسی جگە لەوەی هۆیەک بوو بۆ دابینکردنی ئەم بەرژەوەندییە شتێکی تر نەبوو. بۆرژوازی بە هەمان شێوە پرۆلیتاریاش، بەهۆی ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندییەکانی ئابوور، یان ڕەوانتر بڵێین بەهۆی ئاڵوگۆڕ لە شێوازی بەرهەمهێناندا پەیدابوون. سەرەتا گوێزانەوە لە سیستەمی بەرهەمهێنانی پیشەییەوە بۆ مانیفاکتۆر، پاشان لە مانیاکتۆرەوە بۆ پیشەسازی گەورە بۆ بەرهەمهێنان بەهۆی ئامرازگەلێکەوە، کە هەڵمی تێدا بەکاربێت ئەمە بووە مایەی پەرەسەندنی ئەم دوو چینە. لە قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندندا، هێزە بەرهەمهێنەرە نوێکان کە بۆرژوازی بەڕێوەی ئەبردن (بەپلەی یەکەم، دابەشکردنی کار و کۆکردنەوەی ژمارەیکی زۆری کرێکارانی پەرشوبڵاو،

له دامـەزراوەی هاوبەشی مانیفاکتۆرەدا) و هەلومەرج و پێویستییەکانی گۆڕینەوە کە بە هۆی ئەم هێزانەوە پەرەیسەندووە، لەگەڵ ئەو سیستەمی بەرهەمهێنانەی کە لە ئارادا بووە، کە میراتی مێژووییە و بە یاسا پیرۆز کراوە، ناتەبا بوو، واتە لەگەڵ ئیمتیازەکانی سیستەمی پیشەیی بەرهەمهێنان و لەگەڵ ئیمتیازە زۆر و زەبەندەکانی تر، شەخسی و ناوچەیی ( کە بۆ ئەو دەستەگەلەی ئیمتیازێکیان نییە، کۆتوبەندێکی زۆری تێدایە) کە بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی فیۆداڵی پێویستە، نا تەبا بوو. هێزە بەرهەمێنەرەکان لە شەخسی نوێنەرەکەی خۆیاندا واتە بۆرژوازی، لە دژی ئەم سیستەمە بەرهەمهێنانەی کە زەویـداران و فیۆداڵەکان و وەستا پیشەییەکان نوێنەرایەتییان ئەکرد شۆڕشیان کرد. دەرئەنجامی تێکۆشان ڕۆشنە. کۆتوبەندی فیۆداڵی تێکشکا: لە ئینگلتەرا بە شێنەیی لە فەرەنسا بە یەک کەڕەت، لە ئەڵمانیا هێشتا لە نێو نەبراوە، بەڵام ئەو شێوەیەی کە مانیفاکتۆرە لە قۆناغێکی پەرەسەندنی خۆیدا لەگەڵ سیستەمی بەرهەمهێنانی فیۆداڵیدا بەیەکیاندا دا، ئەمڕۆ ئیتر پیشەسازی گەورە لەگەڵ سیستەمی بۆرژواییدا، کە جێنیشنی سیستەمی فیۆداڵییە، کەوتوەتە ململانێ و پێکدادان. ئەم پیشەسازییە کە وابەستەی ئەم سیستەمەیە و لە چوارچێوەی تەنگی شێوازی بەرهەمێنانی سەرمایەداریدا قەراری گرتووە، لە لایەکەوە ئەبێتە هۆی بە پرۆلیتاریزەکردنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر و بێ پسانەوەی جەماوەری مەزنی خەڵک، لەلایەکی ترەوە برێکی بەرهەم کە بەردەوام لە زیادبووندایە و بازاڕی فرۆشی نییە، بەرهەم ئەهێنێ. زێدەبەرهەم و هەژاریی جەماوەریی کە هۆکاری یەکترین، ئەوەیە ئەو ناکۆکییە پوچەی کە پیشەسازی گەورە تووشی ئەبێت و بە ناچاریی ئەبێ لە رێگای گۆرینی شێوازی بەرهەمهێنانەوە، هێزە بەرهەمهێنەرەکان لەو کۆتوبەندە ڕزگار بکرێن.

بەم شێوەیە، لانی کەم بۆ مێژووی هاوچەرخ ئەوە جێگیر بوو، کە هەر تێکۆشانێکی سیاسی تێکۆشانی چینایەتییە و هەر تێکۆشانێک لە لایەن چینەکانەوە بۆ ڕزگاری خۆیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی شێوەکەی کە بە ناچار سیاسییە (چونکە هەموو تێکۆشانێکی چینایەتی، تێکۆشانی سیاسییە) سەئەنجام تێکۆشانە لە پێناو ڕزگاریی ئابووری. کەواتە گومانێک لەوەدا نییە، لانی کەم لە مێژووی هاوچەرخدا کە دەوڵەت و سیستەمی سیاسی توخمی دووەم، بەڵام کۆمەڵگەی مەدەنی کە مەیدانی پەیوەندییەکانی ئابوورییە، توخمی بڕێنەرەوە پێکئەهێنن. بە پێی تێگەییشتنی کۆن سەبارەت بە دەوڵەت، کە هیگڵیش تیایدا بەشدار بوو، دەوڵەت بە پێچەوانەوە، توخمی بڕیاردەرە و کۆمەڵگەی مەدەنی توخمی بڕیار لەسەرداو بوو. ڕواڵەتی کارەکەش لەگەڵ ئەم تێڕوانینە جووت دێتەوە. هەروەکو چۆن فەردێک، بۆ ئەوەی دەستبەرکارێک بکات، پێویستە هەموو ئەو هێزە پاڵنەرانەی کە وای لێ دەکات بەو کارە هەستێت بە مێشکیدا تێپەڕێت و بە پاڵنەری ئیرادەی ئەو فەردە بگۆڕێت، بە هەمان شێوە بێگومان، هەموو پێویستسەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەو ساتە دیاریکراوەدا، کام چینە دەسەڵاتدارە بە ناچار، بەئیرادەی دەوڵەتدا تێئەپەڕن، تاوەکو لە بەرگی یاسادا گرنگییەکی ئیلزامی، بۆ هەموان پیشان بدات. ئەمە لایەنی ڕووکەشی مەسەلەکەیە کە خۆی بۆخۆی بەڵگەنەویستە،بەڵام ئامانجەکە، زانینی ناوەڕۆکی ئەم ئیرادە ڕووکەشییە ڕووتەیە ئیتر ئەوە ئیرادەی کەسە جوداکان، یان ئیرادەی دەوڵەت بێت، و زانینی ئەوەی کە ئەم ناوەڕۆکە لە کوێیەوە بۆچی ئەم شتەیان گەرەکە و ئەوەی تر نا؟ ئێمە لە میانەی گەران بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بەوە دەگەین، لە مێژووی هاوچەرخدا ئەو فاکتەرەی کە ئیرادەی دەوڵەت دیاری ئەکات تێکرا، پێویستییەکانی

کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە گۆڕاندایە و دەسەڵاتداریی ئەم چین یان ئەوی دیکە، سەرئەنجام پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەویوەندییەکانی گۆرینەوەیە.

بەڵام ئەگەر دەوڵەت تەنانەت لەم چەرخەی ئێمەشدا، بە هۆی بەهێزەکانی بەرهەمهێنان و هۆیە قەبەکانی گەیاندنەوە، مەیدانێکی سەربەخۆ نەبووبێت و بە شێوەیەکی سەربەخۆ پەرەی نەسەندبێت، بەڵکۆ بوون و پەرەسەندنی سەرئەنجام، بە هەلومەرجی ئابوری زیندەگی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست بێت، ئەواو ئەم مەسەلەیە بۆ هەموو سەردەمەکانی ڕابردووش یانی سەردەمێک کە هێشتا بە فـراوانـی هۆیەکانی بەرهەمێنان بۆ بەرهەمێنانی زیندەگی مادی خەڵک لە ئارادانییە و بەم پێیە، پێویستییەکانی ئەم بەرهەمهێنانی وا دەکات، کە حوکمڕانییەکی بەسەر خەڵکەوە بکرێت، هەر دروستە. ئەگەر دەولـەت تەنانەت هەتا ئەمڕۆش، یانی ڕۆژگاری پیشەسازی گەورە و هێڵی ئاسندا، بێجگە لە گوزارشتێکی چڕوپڕی پێویستییە ئابوورییەکانی چینی دەسەڵاتدار لە بەرهەمهێناندا، شتێکی تر نەبێت ئەوا ئەو ڕۆڵەی کە هەیەتی، بۆ ڕۆژگارێک کە هەر نەوەیەک لە خەڵک ئەبوو بەشێکی گەلێک زیاتر لەوەی کە بۆ زیندەگی خۆی داناوە، بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە مادییەکانی تەرخان بکات و وابەستەییەکەی ئەو بۆی، زیاترە لەوەی ئێمە ئەمڕۆ پێوەی وابەستەین، ناچاری (حەتمیەت) یەکی زیاتری هەیە. توێژینەوە لە چەرخەکانی ڕابردوو، لەو کاتەوەی کە ئەم ڕووەی مەسەلەکەمان بە بایەخێکیجیدییەوە وەرگرتووە، بە شێوەیەکی باوەڕپێکراوتر جەخت لەسەر دروستی ئەوەی کە گوتمان ئەکاتەوە. بەڵام بێگومان لێرەدا ئێمە ناتوانین بە درێژی بچینە سەر باسی ئەم مەسەلەیە. ئەگەر دەوڵەت و مافەکانی دەوڵەت، پەیوەندییەکانی ئابوری دیارییان بکات،

ئەوا بەڵگەنەویستە کە خودی ئەو پەیوەندییانە مافە مەدەنییەکانیش، کە لە ناوەڕۆکدا ڕۆڵیان برینێن لە، بە ڕەوا پیشاندانی ئەو پەیوەندییە ئابورییانەی کە لە نێوان تاکەکاندا دروست ئەبن، کە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا، پەیوەندگەلێکی سروشتی دیاری ئەکات، بەڵام ئەم ڕەوایی پیشاندانە ئەشێ جۆراوجۆر بێت. ئەشێ بۆ نموونە بەشێکی زۆری شێوەگەلی مافەکانی کۆنی فیۆداڵی بهێڵێنەوە، ئەویش بەوەی ناوەڕۆکێکی بۆرژواییان پێ ببەخشێت، تەنانەت هەر بەو جۆرەی کە لە ئینگلتەرە ڕووی دا، بە گونجاندن لەگەڵ تێکڕای ڕەوەندی پەرەسەندنی میللیدا، ڕاستەوخۆ ناوەڕۆکە بۆرژواییەکە لە ژێر ناوی فیۆداڵیدا بشارێنەوە،بەڵام ئەکرێ هەر بەو شێوەیەی کە لە ڕۆژئاوای کیشوەری ئەوروپادا ڕوویدا، ڕەفتار بکرێت. واتە یەکەمین یاسای جیهانی بۆ کۆمەڵگەی بەرهەمهێنەرانی کاڵا، یانی یاسای ڕۆمانی، کە بەوپەڕی وردەکارییەوە تەواوی پەیوەندییە حقوقییە بنەڕەتییەکان کە لە نێوان کاڵادارانی سادە (کڕیار و فرۆشیار، قەرزار و خاوەن قەرز، گرێبەست و پەیماننامە و هتد)دا هەیە، داناوە بکرێتە پایە. ئەکرێ لەوێدا بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی کۆمەڵگەیەکی وردەبۆرژوازی کە هێشتا نیوە فیۆداڵیشە یان ئەم یاسایانە بە شێوەیەکی سادە، بەهۆی پراتیکی دادوەرییەوە (یاسای گشتی ئەلمانیی)، تا ئاستی کۆمەڵگەیەکی لەو جۆرە بهێنرێنە خوارەوە، وەیان بە کۆمەکی مافناسانێک کە دەم لە ڕەوشت ئەکوتن، ئەم یاسایانە چاک بکرێن و بە کۆمەڵە یاسایەکی تایبەت بگۆڕدرێن کە لەگەڵ پەرەسەندنی ئەو کۆمەڵگەیەی قسەی لەسەر ئەکەین بگونجێن، کۆمەڵە یاسایەک کە لەم هەلومەرجەدا، لەباری مافناسیشەوە خراپە (یاسا ناوچەییەکانی پروس). سەرئەنجام لە دوای شۆڕشی گەورەی بۆرژوازییەوە، لەسەر بنچینەی هەمان ئەم یاسا رۆمانییەوە ئەکرێت، کۆمەڵە یاسایەکی کلاسیکی بۆ کۆمەڵگەی

بۆرژوازی، زوکز یاسای Code civil (یاسای مەدەنی) فەرەنسی دابنرێن. بەم پێیە ئەگەر بڕیارەکانی یاسای مەدەنی بە بەرگی مافناسییەوە، گوزارشت لە هەلومەرجەکانی ئابوری ژیانی کۆمەڵایەتی بکەن، ئەوا بە پێی هەلومەرج، جارێک باش و جارێک خراپ گوزارشتی لێ ئەکەن.

یەکەمین هێزی فیکری زاڵ بەسەر مرۆڤدا، لە بوونی دەوڵەتدا خۆی ئەنوێنێ. کۆمەڵگە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی خۆی لە پەلامارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، دەزگایەک پێکئەهێنێ، ئەو دەزگایەش دەسەڵاتدارێکی دەوڵەتە. هەرکە دەوڵەت پەیدابوو، ئیتر لە کۆمەڵگە خۆی جیائەکاتەوە و هەرچی زیاتر خۆی بە دەزگای چینێکی دیاریکراو بگۆڕێت و هەرچی زیاتر دەسەڵاتدارێتی ئەو چینە ڕاستەوخۆتر پراکتیزە بکات، بەو ئەندازەیەش سەرکەوتن لەم ڕووەوە بەدەست ئەهێنێ. خەباتی چینی چەوساوە لە دژی چینی دەسەڵاتدار، بە ناچاری بە خەباتێکی سیاسی یانی بە خەباتێک، کە پێش هەر شتێک لە دژی دەسەڵاتی سیاسی ئەم چینەیە، ئەگۆڕێت. درککردنی پەیوەندی ئەم خەباتە سیاسییە لەگەڵ پایە ئابوورییەکەیدا، ڕوو لە کزی ئەکات و هەندێکجار هەر نامێنێ، بەڵام ئەگەر لەلای خەباتکاران بە تەواوەتی لە نێونەچوبێت، ئەوا لەلای مێژوونوسان زۆر کات هەر نییە. لە نێو ئەو مێژوونوسە کۆنانەی کە باسی خەباتی نێوجەرگەی کۆماری ڕۆمانییا کردووە، ئەوە بە تنها ئاپپیانە کە بە ڕۆشنی بۆمان دەگێڕێتەوە کە سەرئەنجام ئەم خەباتە لە پێناوی چیدا بووە: لە پێناوی مڵکدارێتی زەوی.

بەڵام هەر کە دەوڵەت لە بەرامبەر کۆمەڵدا، بووە هێزی سەربەخۆ، یەکسەر ئایدیۆلۆژی نوێ ئەهێنێتە کایەوە. واتا پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوە ئابورییەکان، لەلای سیاسەتمەدارانی پیشەیی و تێۆریسینەکانی یاساکانی

دەوڵەت و یاساناسانی یاسای مەدەنی، بە تەواوەتی لەنێوچووە. ڕووداوە ئابورییەکان بۆ ئەوەی مۆڵەتی یاسایی بە خۆیانەوە بگرن، بۆ هەر حاڵەتێکی تایبەت ئەبێ، بە شێوەی بابەتگەلی یاسایی دەربکەون. بێگومان لێرەدا ئەبێ ڕەچاوی تەواوی ئەو سیستەمە یاساییەی کە لە ئارادایە بکردرێت. بەهۆی ئەمەوەیە وا دەرئەکەوێت، کە شێوازی یاسایی، هەموو شتێک و ناوەڕۆکی ئابووری، هیچ شتێک نییە. یاسای گشتی (دەوڵەت) و یاسای مەدەنی، وەکو دوو مەیدانی سەربەخۆ سەیر دەکرێن، کە خاوەن پەرەسەندنی مێژوویی سەربەخۆی خۆیانن و خۆبەخۆ ملکەچی توێژبەندی سیستەماتیکانەن و لە ڕێگای ڕیشەکێشکردنی خەموو ناکۆکییە دەروونییەکانەوە بە شێوەیەکی ڕاوەستاو و پەیگیر، خوازیاری سیستەمبەندییەکی لەم چەشنەن.

ئایدیۆلۆژییە هەرە بڵندەکان، واتە ئەوانەی کە لە بنەمای مادی ئابوری زیاتر دوور ئەکەونەوە، شێوەی فەلسەفە و ئاین لە خۆ دەگرن. لێرەدا پەیوەندی نێوان بیرۆکەکان و ئەو هەلومەرجە مادییەی کە لە ئارادایە، دەم بە دەم شێواوترئەبێت و لە ئارادابوونی ئەڵقە پەیوەسنکارەکانی نێوانیان ناڕۆشنتر ئەبێت، بەڵام سەرەڕای ئەوە ئەم پەیوەندییە هەر هەیە. تێکڕای سەردەمی ڕێنێنسانس لە ناوەڕاستی سەدەی پانزەهەمەوە، هەروەها فەلسەفە، کە ئەو دەمە گیانی هاتەوەبەر، لە بنەڕەتدا، دەرئەنجامی پەرەسەدندنی شارەکان، واتە بۆرژوازی بوون. فەلسەفە، جگە لەوەی کە بە شێوازی تایبەتی خۆی گوزارشتی لەو بیروباوەڕانە کردووە کە جووت ئەهاتنەوە لەگەڵ گۆڕانی بۆرژوازی بچوک و ناوەڕاست بۆ بۆرژوازی گەورە، شتێکی تری نەکردووە. ئەم مەسەلەیە لەلای ئینگلیزەکان و فەرەنسییکانی سەدەی ڕابردوو، کە زۆربەیان بە هەمان ئەو ئەندازەیەی کە فەیلەسوف بوون، ئابوریزانیش بوون بە ڕۆشنی بەرچاوئەکەوێت. ئێمە پێشتر ئەم

مەسەلەیەمان لە پەیوەند بە قوتابخانەی  هیگڵەوە، ڕۆشن کردەوە.

ئێستا با بەخێرایی چاوێک بە ئایندا بخشێنین، کە لە هەموان زیاتر لە زیندەگی مادی دوورتر و لە هەموان نامۆ تر دەرئەکەوێ. ئاین لە قۆناغە زۆر سەرەتاییەکاندا، لە نەزانترین و ناڕۆشنترین ئەندێشەی تاکەکان سەبارەت بە سروشتی خۆیان و سروشتی دەرەکی کە بە چواردەوریانەوە بووە، پەیدابووە. بەڵام هەر ئایدیۆلۆژیایەک هەر پاش ئەوەی کە پەیدا ئەبێ، ویتر لە حاڵی پەیوەندی بە ئێکڕای ئەو وێناگەلەوە کە لە ئارادایە، پەرەئەستێنێ و ئاڵوگۆڕی تازەیان بەسەردا ئەهێنێ. ئەگەر نا ئەوە ئایدۆلۆژی نەبووە، واتە ڕووبەڕووی بیروباوەڕەکان نابێتەوە، کە بە ناونیشانی ناسنامە سەربەخۆکان و بەشێوەیەکی سەربەخۆ پەرەئەسێنن و تەنها بۆ یاسا تایبەتییەکانی خۆیان سەر دائەنوێنن. بێگومان ئەو ڕاستییە، کە هەلومەرجە مادییەکانی زیندەگی خەڵک کە پرۆسەی بیرکردنەوە لە مێشکیان ئەخوڵقێنێ، سەرئەنجام ڕێڕەوی ئەم پرۆسەیە دەستنیشان ئەکات، لەلای ئەم خەڵکە بە ناچاریی، بە هەستپێنەکراوی دومێنێتەوە، ئەگەر نا ئەم ئدیۆلۆژییە کۆتایی پێ دێت. وێنا ئاینییە سەرەتاییەکان، کە لە زۆربەی دۆخەکاندا لە نێو هەر گروپێکی دیاریکراو لەو میللەتانەی خزمی یەکدین، هاوبەشن لەدوای دابەشبونی ئەم گروپانە لە هەر میللەتێکدا، بە جیا و بەشێوەیەکی تایبەت بە پێی ئەو هەلومەرجە تایبەتییەی کە تیایدا ئەژی، پەرەئەستێنێ. پرۆسەی پەرەسەندنی وێنا ئاینییەکان لەلای بەشێک لە گروپەکانی ئەم میللەتانە ، بە تایبەت لەلای ئارییەکان (کە پێیان دەڵێن، میللەتە هیندۆ ئەوروپییەکان) لەلایەن میتۆلۆژی بەراوردکارییەوە بە درێژی باسیان لەسەر کراوە. خاوەندەکان ئەوانەی بەم شێوەیە لەلای هەر میللەتێک بەجیا، پەیدابوون خواوەندی میللی بوون و دەسەڵاتیان لە سنوری ئەو سەرزەمینە میللییەیانەی کە ئەم خواوەندانە ئەبێ

پارێزگارییان لێ بکەن، تێناپەڕێت، بەڵام لە لایەکەی تری ئەم سنورەدا، خواوەندی دیکەی فەرمانڕەوای بێ هاوتان هەن. ئەم خواوەندانە تێکڕا، تا ئەو دەمە لە خەیاڵگەی خەڵکیدا ئەمێننەوە، کە ئەو میللەتەی بەدیهێنەری ئەمانە بوو، لە ئارادابێت و لەگەڵ فەوتانی ئەم میللەتە، ئەویش ئەفەوتێ. میللەتانی کۆن، بە هۆی جەزرەبەکانی ئیمپراتۆرییەتی جیهانیی ڕۆمەوە، کە ناکرێت لێرەدا لە هەلومەرجە ئابوورییەکانی پەیدابوونی بکۆڵینەوە، داڕوخان. خوداوەندە میللییە کۆنەکان سڵوسامیان لە دەست دا، تەنانەت خوداکانی ڕۆمیشی گرتەوە، کە بە پێی ئەلگۆی بچوکی شاری ڕۆم لە قاڵب درابوون. پێ ,یستییەکانی تەواوکردنی ئیمپراتۆریەتی جیهانی بە هۆی ئاینێکی جیهانییەوە، لە هەوڵەکانی ڕۆم بۆ پەرستنی تێکڕای خوداوەندە بێگانە ڕێزدارەکان بەم یان بەو ڕادەیـە، لە پاڵ پەرستنی خوداوەندە ناوچەییەکان بە ڕۆشنی خۆی دەرئەخست، بەڵام ناکرێت ئاینێکی نوێی جیهانیی، بە فەرمانی ئیمپراتۆر دابهێنرێ. ئاینی نوێی جیهانیی، واتە مەسیحییەت، بەبێ هەرا بە تێکەڵکردنی لاهوتی ڕۆژهەڵاتیی گشتگیر، بە تایبەت یەهودی، لەگەڵ فەلسەفەی باوی یۆنانی، بە تایبەت فەلسەفەی ڕەواقی پەیدابوو، بۆئەوەی ئێمە ئەمڕۆ بزانین، کە شێوەی یەکەم جاری مەسیحییەت چۆن بووە، پێویستە توێژینەوەی فراوان ئەنجام بدەین، چونکە ئەوە شێوە فەرمییەکەی مەسیحییە بە ئێمە گەییشتوە، کە کۆڕی ڕۆحانی نیقایی شتیان بۆ زیادکردووە، تاوەکو بیگونجێنن و بتوانێت ڕۆڵی ئاینی دەوڵەت بگێڕێ (19). بە هرە حاڵ، ئەو واقیعەتە یانی ئەوەی کە ئەم ئاینە لە دوای پەیدابوونییەوە بە دووسەدوپەنجا ساڵ، بە ئاینی دەوڵەت ئەگۆڕێت، بە تەواوەتی نیشانی ئەدات، کە مەسیحییەت وەک ئاینێک تا چ ڕادەیەک لەگەڵ هەلومەرجی ئەو چەرخەدا خۆی گونجاندبوو. مەسیحییەت

لە سەدەکانی نێوەڕاستدا هاوپای پەرەسەندنی فیۆدالیزم، دێمەنێکی ئاینی وای بەخۆیەوە گرت کە لەگەڵ فیۆدالیزم و زنجیرە پلەوپایەکانیدا جووت بێتەوە. کاتێکیش کە بۆرژوازی جێگیر بوو، ئاتەئیزمی پرۆتستانتی لە دژی ئاینزای کاتۆلیکی، سەرتا لەلای ئالبیژییەکان (20) لە باشوری فەرەنسا، لە هەرەتی گەشە و ڕەونەقی شارەکانی ئەوێدا، نەشونمای کرد. سەدەکانی نێوەڕاست، سەرجەم ئایدۆلۆژییەکانی تر، واتە فەلسەفە سیاسەت و مافناسی بە لاهوتەوە گرێ دا و کردیانی بە پاشکۆ بە بەشێک لە لاهووت. دەرئەنجامی ئەم کارە هەر بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە ناچاریی، ئەبوو بەرگی ئاین لەبەر بکات، لەبەرئەوە بۆ هێنانەکایەوەی بزوتنەوەیەکی بە جۆشی جەماوەریی، کە مێشکیان تەنها بە خۆراکی ئاینی ئاخنراوە، ئەبوایە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئەم خەڵکە لەبەرگێکی ئاینیدا پێشکەش بە خەڵک بکرابایە. بەهەمان شێوە بۆرژوازی کە هەر لە سەرەتاوە بۆخۆی لایەنگرانێکی لە جۆری خەڵکانی ڕەشۆکی دەسنەنگی شارەکان، کرێکارانی کرێگرتە و خزمەتکاران بە هەموو جۆرەکانیەوە واتە پێشینانی پرۆلیتاریای ئەمڕۆ ئەوانەی کە سەربە هیچ درودەستەیەک و خاوەن هیچ پلەوپایەیەک نەبوون، دروستکرد، بەهەمان شێوە ئاتەئیستی ئاینیش زۆر زوو، بە دوو جۆر دابەش بوون: ئاتەئیستی بۆرژوازی میانڕەو و ئاتەئیستی ڕەشۆکی شۆڕشگێڕ کە تەنانەت ئاتەئیستە بۆرژواکانیش نەفرەتیان لێ ئەکردن.

ئەوەی کە وای کرد ئاتەئیستی پرۆتستانتی نەکرێت تێکبشکێنرێ، مەسەلەی لەشکانەهاتنی بۆرژوازی بوو، کە دەمبەدەم توانا و هێزی زۆرتر ئەبوو. کاتێک کە بۆرژوازی بە ڕادەی پێویست خۆی سەقامگیرکرد، لە دژی خانەدانە فیۆداڵەکان دەستی دایە خەبات، کە تا ئەو دەمە شێوەیەکی ناوخۆیی بە خۆیەوە گرتبوو. ئەو خەباتە ئیتر، بەرەبەرە پێوەرێکی نیشتمانی

بە خۆیەوە گرت و سەرجەم خەڵکی گرتەوە. یەکەمین جەنگی مەزن، کە پێی دەگوترا ڕیفۆرم، لە ئەڵمانیا ڕوویدا. بۆرژوازی هێشتا بەو ڕادەیە بەهێز و پەرەسەندوو نەبوو، کە بتوانێت تەواوی پێکهاتە شۆڕشگێڕەکانی دیکەی وەکو، خەڵکی ڕەشۆک لە شار خانەدانە بچوکەکان و جوتیاران لە لادێ، لە ژێر ئاڵای خۆیدا، یەکگرتوو بکات. لە پێش هەموویانەوە، خانەدانەکان شکستیان خوارد لەو کاتەدا، ڕاپەڕینی جوتیاران، کە ترۆپکی سەراپا ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە پێکئەهێنێ، دەستپێکرد. بەڵام شارەکان پشتیوانییان لە جوتیاران نەکرد و شۆڕش بە هۆی لەشکری شازادەکانەوە، کە دواتر لە هەموو دەرئەنجامە بەکەڵکەکانی ئەم شۆڕشە سوودمەنبوون، سەرکوت کرا. لەو کاتەوە ئەڵمانیا، بۆماوەی سێ سەدەی ڕەبەق، لە جەرگەی ئەو وڵاتانەی کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و چالاک لە مێژوو کاریان ئەکرد، دائەبرێت. بەڵام بێجگە لە لۆتەری ئەڵمانی کالفینی فەرەنسیش هەبوو. کالفین بە تینوتەوژمی ڕەسەنی فەرەنسییانەوە، خەسڵەتی ڕیفۆرمی بۆرژوازی لە پلەی یەکەمدا دانا و شێوەیەکی کۆماریی و دیموکراسی بە کڵێسا بەخشی. لە کاتێکدا کە ڕیفۆرمی لۆتەر لە نوشوستیدا بوو و وڵاتی بە فەتارەت ئەدا، کرمارییەکان لە ژنیف هۆلەندا و ئۆسکۆتلەندا، ڕیفۆرمی کالفینییان کردە ئاڵای خۆیان و هۆلەندا لە دەسەڵاتی ئیسپانیا و ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی ڕزگاری بوو، هەروەها ڕیفۆرمی کالفینی پۆشاکی ئایدۆلۆژی بۆ پەرەی دووەمی شۆڕشی بۆرژوانی کە لە ئینگلتەرە ڕووی دا، سازکرد. کالفینیزم لێرەدا، وەک دەمامکی واقیعیی ئاینی لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕژگارەی بۆرژوازیدا، خۆی دەرخست، هەر بۆیە نەی توانی لە دوای شۆڕشی ساڵی 1689دا، ڕەزامەندی گشتیی بەدەستبهێنێ، کە بە سازشی نێوان بەشێک لە خانەدانەکان و بۆرژوازی کۆتایی هات. کڵێسای دەوڵەتیی ئینگلیز

سەرلەنوێ گەڕایەوە، بەڵام نەک بە شکڵ و شێوە کۆنەکەی واتە، نەک بە شێوەی کاتۆلیزم لەگەڵ پاشا، کە ڕۆڵی پاپی دەگێڕا، ئێستا ئیتر ئەم کڵێسایە، ڕەنگی کالفینیزمە بە تۆخی بە خۆیەوە گرت. کڵێسای کۆنی دەوڵەتیی، یەکشەمەی پڕ لە خۆشی و شادی کاتۆلیکی کردە جەژن و یەکشەمەی کالفینیی وەڕسکەری ڕاوەدوو نا، بەڵام کڵێسای نوێ، کە بە ڕۆحی بۆرژوازی پاراو بوو، بڕیاری لەسەر ئەوەی دواوە دا، کە تا هەنووکەش، بە ئینگلتەرا، جوانی ئەبەخشێت.

لە فەرەنسا لە ساڵی 1685 کەمایەتی سەرکوت کران، ناچاربوون کە بە کاتۆلیزم ڕازی بن، یان دەرئەکران. بەڵام ئەم مەسەلەیە بە کوێ گەییشت؟ لەو سەردەمەدا بیرمەندی ئازادیخواز پیر بێل لەو پەڕی هەڵسوڕانی خۆیدا بوو و لە ساڵی 1694 ڤۆڵتێر لە دایک بوو. بەهۆی کەڵەگایی و زۆردارییەکانی لویسی چواردەهەمەوە، بۆ بۆرژوازی فەرەنسا ساناتر بوو، کە شۆڕشەکەی خۆی بە شێوەیەکی نا ئاینی و بەشێوەی شۆڕشێکی سیاسی پەتی، کە تەنها شێوەیەکی گونجاو بوو لە تەک دۆخی بۆرژوازی پەرەگرتوودا، جێبەجێ بکات. لە جیاتی پرۆتستانتەکان، بیرمەندانی ئازادیخواز چوونە نێو کۆمەڵە نیشتمانییەکانەوە. ئەمەش یانی مەسیحییەت لە دوا قافی خۆیدایە. ئیتر ئاین ئەو توانایەی لە دەستدا، کە پۆشاکی ئایدیۆلۆژی بۆتێکۆشانی هەر چینێکی چێشکەوتنخواز دەستەبەر بکات و زیاتر و زیاتر بووە موڵکی چینە سەردەستەکان بە تەنها، کە وەک وئامرزێکی فەرمانڕەوایی و بۆ لغاوکردنی چینە ژێردەستەکان بەکار ئەهێنرا. لەم میانەدا هەر چینێک لە چینە دەسەڵاتدارەکان ئاینی تایبەتی خۆی بەکارئەهێنا: خانەدانە ملکدارەکان ژزوئیتیزمی کاتۆلیک یان ئەرتەدۆکسی پرۆتستانی، بۆرژوازی لیبراڵ و ڕادیکاڵ ڕاسیۆنالیزم (ratinalism، عەقڵانییەت). ئەوەش بڵێن، کە ئایا ئەم بەڕێزانە بڕوایان بە ئاینەکەی خۆیان هەیە یان نا، ئەوە مەسەلەیەکە، لە پراکتیکدا

هیچ بایەخێکی نییە.

بەم جۆرە ئەبینین، کە ئاین لە دوای پەیدابوونییەوە هەمیشە، پارێزگاری لە زەخیرەیەکی دیاریکراو لەو وێنایانەی کە لە سەردەمەکانی ڕابردووەوە بەجێماوە ئەکاتْ، چونکە نەریتْ لە تێکڕای مەیدانە فیکرییەکاندا، هێزێکی کۆنەپارێزی مەزنە. وەلێ ئاڵوگۆڕێک کە بەسەر ئەم زەخیرەی وێنایانەدا دێتْ، دەرئەنجامی پەیوەندییە چینایەتییەکانە، واتە پەیوەندییەکانی ئابووری نێوان تاکەکان، کە ئەم ئاڵوگۆڕانە پێکدەهێنن. لێرەدا ئیتر ئەوەندە بەسە.

لەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوەدا، تەنها ئەوەندە لە توانادا بوو، کە باسێکی گشتیی دەربارەی تیۆری مارکس لە مێژوودا، بخەینە ڕوو، ئەوپەڕەکەی بە هەندێک نموونە، ڕۆشنیان بکەینەوە. بەڵگەی ڕاستْ و دروستی ئەم تیۆرییە تەنها لە مێژوودا ئەکرێتْ بۆی بگەڕێتْ، مافی ئەوەم هەیە لێرەدا من بڵێم، کە لە دانراوەکانی دیکەدا، بە ڕادەی پێویستْ لەم جۆرە بەڵگانە باسکراوە. بەڵام تیۆری مێژوویی مارکس لە مەیدانی مێژوودا، زەبرێکی کوشندەی لە فەلسەفەدا، ڕێک بەو جۆرەی کە تێگەیشتنی دیالێکتیکی لەمەڕ سروشتْ، هەر جۆرە فەلسەفەیەکی بۆ سروشتْ، بە کارێکی نا پێویستْ و نەشیاو گۆڕی. ئێستا، چ لێرە و چ لەوێ ئەرکەکە برێتی نییە لەوەی کە پەیوەندییەکان لە هزردا وەک داهێنان دابهێنین، بەڵکو برێتییە لە دۆزینەوەی ئەم پەیوەندییانە لە خودی واقیعەکان. بەم پێیە، ئەوەی کە ئێستا بۆ فەلسەفەی ڕاوەدونراو لە سروشتْ و لە مێژوودا ماوەتەوە تەنها، جیهانی ئەندێشەی ڕووتە، ئەویش تا ئەو جێگایەی کە ئاوەها جیهانێک هێشتا لەئارادایە. ئەم جیهانە برێتییە لە: زانستی یاساکانی خودی پرۆسەی بیرکردنەوە، مەنتیق و دیالێکتیک.

*******

لە پاش شۆڕشی ساڵی 1848، ئەڵمانیای «ڕۆشنبیر» دەستی لە تیۆری کێشایەوە و چووە نێو چالاکی عەمەلییەوە. پیشەی بچوک و مانیفاکتۆرە کە پیشیان بە کاری دەستی ئەبەست، جێگایان بۆ پیشەسازی گەورەی ئەم سەردەمە چۆڵکرد. ئەڵمانیا دووبارە بۆ نێو مەیدانی بازاڕی جیهانیی گەڕایەوە. ئیمپراتۆریەتی نوێی ئەڵمانیای بچوک (21)، لانی کەم گەورەترین ئەو ئاسەنگانەی کە بەهۆی لە ئارادابوونی ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتی بچوک، پاشماوەکانی فیۆدالیزم و بیرۆکراسی، ئەهاتنە بەردەم ڕێگای پەرەسەندنی، لەنێوبرد. لێ بەو ڕادەیەی کە سپێکولاسیۆن (SPECULATON، مچاربە) بیرۆی فەیلەسوفەکان بەجێئەهێڵێ و لە بۆرسەی دراو ڕووگەیەک بۆخۆی بنیائەنێ، بەو ڕادەیـەش ئەڵمانیای ڕۆشنبیر، ئەو بایەخە زۆرەی کە بە تیۆری ئەداث، کە لە دەورانـی ئەو پەڕی زەلیلی سیاسی خۆیدا، مایەی شانازی ئەو بوو، یانی بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی زانستیی ڕووث، بەدەر لەوەی دەرئەنجامی کردارەکییەکەی بە کەڵکە یان نا، لەگەڵ مۆڵەتی پۆلیسدا دژایەتی هەیە یان نا، لە دەسث ئەداث. ئەوە دروستە کە سروشتناسی فەرمیی ئەڵمانی، بە تایبەث لە بواری توێژینەوە تایبەتییەکاندا، لە ئاستی سەردەمەکەیدایە، بەڵام بە پێی ئەو تێبنییە بە جێیەی کە گۆڤاری ساینس (SCIENCE)ی ئەمریکایی کردوویەتی، سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەکان لە مەسەلەی توێژینەوە لە پەیوەندییە مەزنەکانی نێوان دیاردە(فاکث) جوداکان و بە گشتیکردنی ئەم دیاردانە لە چوارچێوەی یاساکان، ئێستا ئیتر بە پێچەوانەی پێشتر، نەک لە ئەڵمانیا، بەڵکو زۆرتر لە ئینگلتەرا، ئەنجام ئەدرێن. بەڵام سەبارەث بە زانستەکانی مێژوو ولە نێویاندا فەلسەفەش، پێویستە بگوترێث، کە ڕۆحی کۆنی توێژینەوەی تیۆریی، کە لە هەمبەر هیچ شتێک ڕانەدەوەستا، هاوشانی فەلسەفەی کلاسیکی، بە تەواوەتی لە نێوچوو. فەلسەفەی ئیختیاریی

بێمایە و ئاراستە ترسنۆکانە بۆ پلەوپایە و سود و قازانج، تەنانەت جێخواز (وصولی) بە نزمترین شێوەی، شوێنی گرتەوە. نوێنەرانی فەرمی ئەم زانستە، بوونە بیرمەندانی ئاشکرای بۆرژوازی و ئەو دەوڵەتەی کە لە ئارادایە، ئەمەش لە سەردەمێکدا، کە ئەم دوانە هەردوک، دوژمنی ئاشکرای چینی کرێکارن.

تەنها لە نێو ڕیزەکانی چینی کرێکاردایە، کە هێشتاکو بایەخی ئەڵمانی بۆ تیۆریی هەر بەردەوامە و نابڕێتەوە. لێرەدا ئیتر هیچ هێزێک ناتوانێت، بیکاتە دەرەوە. لێرەدا هیچ جۆرە چاوبڕینێک بۆ پلەوپایە و سود و قازانج و پاراستنی بە بەزەییانە لە لایەن پلەوپایەدارەکانی سەرووەوە، لە ئارادانییە. بە پێچەوانەوە، بە هەر ڕادەیەک زانست، جەسورانەتر و لیبڕاوانەتر هەنگاو بنێ، بە هەمان ڕادەش لەگەڵ بەرژەوەندی و ئامانجەکانی کرێکاراندا جووت دێتەوە. ئەم ڕێبازە نوێیە کە لە مێژووی پەرەسەندنی کاردا، کلیلی تێگەیشتنی تێکڕای مێژووی کۆمەڵگەی بەدەستهێناوە، هەر لە دەستپێکەوە چینی کرێکاری، بە پلەی یەکەم دواندووە و لەلایەن ئەوەوە ئەو سۆزەی بەدییکردووە کە لە زانستی فەرمیدا، نە بۆی گەڕاوە نە ئەو چاوەڕوانییەی لێی هەبووە. بزاڤی کرێکاریی ئەڵمانیی، واریسی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانییە.

لە ساڵی 1886 لەلایەن ف. ئەنگلسەوە نوسراوە. لەهەمان ساڵدا، لە گۆواری «Die neue Zrit»، لە هەردوو ژمارەی 4 و 5 بە چاپ گەیشتووە. پاشان لە ساڵی 1888 لە شتوتگارت، بەشێوەی چاپێکی سەربەخۆ بڵاوکرایەوە.

❊❊❊

## پاشکۆ

## تێزەکان دەربارەی فۆیرباخ

### تێزی یەکەم:

کەموکوڕیی بنەڕەتی تـەواوی ماتریالیزمەکانی هەتا ئێستا بە ماتریالیزمەکەی فۆیرباخیشەوە ئەوەیە، کە شت (Gegenstand)، واقیعییەت، دنیای هەستپێکراو تەنها بە شێوەی بابەت (object)، یان بە شێوەی تێڕامان (تەئەمول) (Anschauung)، بە زەین، درک دەکرێن، نەک بە شێوەی چالاکیی دیاریکراوی (موشەخەس) مرۆیی . لێرەوە بۆمان دەئەکەوێ، بە پێچەوانەی ماتریالیزمەوە، ئایدیالیزم پەرەی بە لایەنی پراکتیک داوە، بەڵام تەنها بە شێوەیەکی تەجریدیی، چونکە ئایدیالیزم، بەتەبیعەتی حاڵ، چالاکیی واقیعیی دیاریکراو، وەک ئەوەی کە هەیە، ناناسێت. فۆیرباخ بابەتە کۆنکرێتەکانی ئەوێ، کە لەڕستیدا جودایە لە بابەتە فیکرییەکان، بەڵام خودی چالاکی مرۆیی، وەک چالاکییەکی بابەتیی و واقیعی (gegenstandliche) نابێت. هەر بۆیە، لە چالاکیی تەواوی بەشەریی، چاولێناکات، لە کاتێکدا ناڕوانێتە پراتیک و دیاری ناکاتن مەگەر لە شێوە بازرگانییە پیسەکەیەوە نەبێت. هەر بۆیە گرنگیی چالاکیی (شۆڕشگێڕانەی)، (ڕەخنەیی عەمەلیی)، هەست پێ ناکات.

**تێزی دووەم:**

مەسەلەی ئەوەی کە ئایا، بیرکردنەوەی مرۆیی ڕاستییەکی بابەتییە (gegenstandliche) یان نا، بە هیچ جۆرێک مەسەلەیکی تیۆریی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی عەمەلییە. پێویستە مرۆڤ لە پراکتیکدا، حوقیقەت بسەلمێنێت، یانی واقیعیبوون و بەهێزیی بیرکردنەوەی و هەبوونی (Disseitigkeit) ئەم بیرکردنەوەی دابڕاو لە پراکتیک، مەسەلەیەکی سکولاستیی پەتییە.

**تێزی سێیەم:**

تیۆری ماتریالیستی، کە پێیوایە، خەڵک بەرهەمی هەلومەرج و پەروەردەیە و لەو بڕوایەدایە کە بۆ گۆڕینی خەڵک، پێویستە هەلومەرج و پەروەردە بگۆڕدرێت، ئەوە فەرامۆش ئەکات، کە ئەوە خودی خوڵکە، هەلومەرج ئەگۆڕێت و ئەوە خودی پـەروەردەکـەرە، کە پێویستی بە پەروەردە هەیە. لە ڕوانگەی تیۆرێکی ئاوەهاییەوە بە ناچار، کۆمەڵگە ئەبێتە دوو بەشەوە، کە یەکێک لەو دوو بەشە، لە خودی کۆمەڵگە باڵاترە (بۆ نموونە، لەلای ڕۆبەرت ئەوین).

بەراووردکردنی گۆڕانی هەلومەرج و چالاکیی مرۆیی، یان ئاڵوگۆڕی خۆبەخۆ، تەنها لە ڕووی پراکتیکی شۆڕشگێڕانەوە دەتوانرێت لێی بڕوانرێ و بە شێوەیەکی عەقلانی درکی پێ بکرێت.

**تێزی چوارەم:**

فوێرباخ لەو واقیعەوە دەستپێئەکات کە ئاین، مرۆڤ لە خودی خۆی دوورئەخاتەوە ، لەسەر ئەم بنچینەیە، جیهان ئەکاتە دوو بەشەوە: جیهانێکی ئاینی خەیاڵی و دنیایەکی واقیعی . کاری ئەو لەو چوارچێوەیەدا، کە جیهانی ئاینی لە دنیای واقیعیدا کە پایەی جیهانی ئاینییە، لە نێوبەرێت . ئەو لەوە بێ ئاگایە، هەر کاتێک ئەم کارە تەواو بوو، ئەوا مەسەلەی

بنەڕتی هەر وەک خۆی ماوەتەوە . لە ڕاستییدا دنیای واقیعی، خۆی جیائەکاتەوە لە خودی خۆی و بە وێنەی قەڵەمڕەوێکی سەربەخۆ خۆی لای هەورەکان جێگیر ئەکات. ئەم جیاکردنەوەیە، تەنها لەسەر بنچینەی کێشە و ناکۆکییە دەروونییەکانی دنیای واقیعی، ئەشێ شیبکرێتەوە. کەواتە پێویستە، یەکەم: جیهان لە ناکۆکییەکانی خۆیەوە درک بکرێت، تاوەکو بتوانرێت دواتر، (جیهان/ و.کوردی) بەشێوەی شۆڕشگێڕانە و بەڕەێگای لابردنی ئەو ناکۆکییانە، ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێنرێت. بۆ نموونە، هەروەکو زانیمان کە خێزانی زەمینی، ڕاز و نهێنیی خێزانی ئاسمانییە ، ئیتر ئەبێ ڕەخنەی تیۆری لە خودی خێزانی زەمینیی بگیردرێت و بە پراتێک، ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی بەسەردا بهێنرێت.

**تێزی پێنجەم:**

فۆێرباخ، کە بە بیرکردنەوەی ڕووت ڕازی نەبوو، پەنای بۆ تێڕامانی هەستیی (حسی) ئەبرد، بەڵام جیهانی هەستپێکراوی وەک بەرهەمی پراکتیکی دیاریکراوی مرۆڤ نەدەبینی .

**تێزی شەشەم:**

فۆێرباخ ئەگەرچی کرۆکی ئایینی، لە کرۆکی مرۆیی دەتوێنێتەوە، بەڵام (ئەوە لەبەرچاو ناگرێ) کە کرۆکی مرۆیی، کارێکی دابڕاو لە دەروونی تاکی مرۆیی جودا لە تاکەکانی دیکە، نییە . لە ڕاستییدا ئەم کرۆکە بۆخۆشی کۆی تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە.

فۆێرباخ، کە ڕەخنە لەم کرۆکە ڕاستەقینەیە ناگرێت، ناچار ئەبێت کە: 1.ڕەوتی مێژوو لەبەرچاو نەگرێت و بەپێی ئەو گریمانەیەی کە تاکی مرۆیی دابڕاو و جودا لە یەکتر لە ئارادایە، وا دەڕوانێتە هەستی ئاینی (Gemut) ، کە شتێکی لە گۆڕاننەهاتووە و خۆی بۆخۆی

له ئارادایه.

2.سەرجەم، کرۆکی مرۆیی تەنها بە وێنەی «جۆر» بە وێنەی شتێکی یەکپارچەیی دەروونیی کەڕ، کە هەڵگری پەیوەندیی ڕووتی سروشتی تاکەکانن بە یەکترییەوە، لەبەرچاو دەگرێت.

**تێزی حەوتەم:**

بەپێی ئـەوە، فۆێرباخ، ئـەوە نابینێ کە (هەستی ئاینیی) بۆخۆشی، بەرهەمی کۆمەڵایەتییە و تاکی ڕووتی مرۆیی کە ئەو (یانی، فۆێرباخ/ و.کوردی) شیئەکاتەوە، لە ڕاستیدا، بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە، پەیوەستە.

**تێزی هەشتەم:**

هەرجۆرە زیندەگییەکی کۆمەڵایەتیی، لە ناوەڕۆکدا، قراکتیکە. ڕێگەچارەی ژیرانەی هەموو نهێنییەکان کە تیۆریی لە سۆفیگەریی دوور بخاتەوە، لە پراکتیکی مرۆیی و تێگەیشتن لەو پراتیکە، سەرچاوەی گرتووە.

**تێزی نۆیەم:**

باڵاترین بەرئەنجامێک کە ماتریالیزمی تەئەمملولیی، یانی ماتریالیزمێک کە چالاکیی هەستەکان بە چالاکیی پراتیکی دانابێت، پێی بگات، ئەوەیە، کە چالاکی هەستەکان، شێوە تەئەممولی تاکەکانی دابڕاو لە یەکتری (کۆمەڵگەی مەدەنی)ن.

**تێزی دەیەم:**

دیدگای ماتریالیزی کۆن، (کۆمەڵگەی مەدەنی) یە. دیدگای ماتریالیزمی نوێ، کۆمەڵگەی مرۆیی، یان مرۆڤایەتییە، کە خەسڵەتی کۆمەڵایەتیبوون، تایبەتمەندییەتی.

**تێزی یانزەیەم:**

فەیلەسوفەکان، بێجگە لە شیکردنەوەی جیهان بە شێوازی جۆراجۆر، کارێکی دیکەیان نەکردووە، بەڵام قسە لەسەر گۆڕینێتی.

*کارڵ مارکس، لە بەهاری ساڵی 1845دا نووسیویەتی. ئەنگلس، بۆ یەکەم جار، لە ساڵی 1888 وەکو پاشکۆی پەرتووکەکەی (لودڤیگ فۆیرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی) بڵاوی کردوەتەوە.

*بە پێی دەقی چاپی 1888، کە لەگەڵ دەسنوسەکەی مارکس بەراوورد کراوە، دەرهاتووە. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە.

**تێبینییەکان**

1.«تۆفان و هێرش»، بزوتنەوەیەکی وێژەیی کۆمەڵایەتی بۆرژوازیی ئەڵمانی، لە ساڵەکانی 70– 80ی سەدەی هەژدەیەم بوو. ئەم بزوتنەوەیە وەکو ڕابوونێکی زێژەیی ڕەسەن کە نوسەرە لاوەکانی ئەڵمانیا لە دژی نیزامی فیۆداڵی ستەمکار پێی هەستان، دەرکەوت.

2.«نۆیێ تزایت» «Die Neue Zeit» (سەردەمی نوێ)، گۆڤارێکی تیۆریی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا بوو، لە ساڵەکانی 1883– 1923 لە شتونگارت دەرئەکرا. لە 1885– 1895 «Die Neue Zeit» هەندێک وتاری ئەنگلسی بڵاوئەکردەوە. ئەنگلس بە ئامۆژگارییەکانی، کۆمەکی زۆری بە دەستەی دەرهێنەری گۆڤارەکە ئەکرد و هەر کاتێک لە مارکسیزم لایان بدایا، بە توندی ڕەخنەی لێ ئەگر تن. لە سەرەتای نیوەی دووەمی نەوەتەکان، لە پاش مەرگی ئەنگلس، ئەم گۆڤارە بە بەردەوامی وتاری لادەرانی بڵاوئەکردەوە.

3.مەبەستی ئەنگلس تێبینییەکانی «هاینە»یە دەربارەی «شۆڕشە فەلسەفییەکانی ئەڵمانیا» کە لە وتارەکانی ساڵی 1833، لە ژێر ناوی

«دەربارەی مێژووی ئاین و فەلسەفە لە ئەڵمانیا» باسکراوە.

4. «زیۆس»، بەهێزترین خودای ئۆلۆمپییە بەپێی ئەفسانەی کۆنی یۆنانی.

5. پییەتیست، لایەنگرانی ڕەوتی ئاینیی لە کڵێسەی لۆتەریی کە لە نێو بۆرژوازی سەر ڕاین و لە فیستفالیا بڵاو بوو.

6. «دۆیتشە یاربیوخێر فیور ڤیزینشافت ئوند کونست» «Deutsche Jahrbucher fur Wissenschaft und Kunsy» (ساڵنامەی ئەڵمانی زانست و هونەر)، ئۆرگانی هیگڵییە لاوەکان کە لە ساڵی 1841 تا 1843 لەلایەن. ڕوگە وئیشتیرمیر بەڕێوەئەبرا.

7. «ڕاینیشە تزایتونگ» «Rheinische Zeitung» (ڕۆژنامەی ڕاینی) ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی ڕادیکاڵ بوو، لە 1842 -1843 لە کۆلۆنیا دەرئەچوو. لە 15ی ئۆکتۆبەری 1842 هەتا 18ی مارسی 1843 لەلایەن مارکسەوە دەرئەهێنرا.

8. مەبەستی ئەنگلس پەڕاوەکەی مارکس شتیرنەر (نازناوی «کاسپار شمیدث»»ە)ە بە ناونیشانی «تاقانە و خووەمانی» , کە لە ساڵی 1845بڵاوبوەتەوە.

9. پەڕاوەکەی فۆێرباخ «کرۆکی مەسیحییەت» لە ساڵی 1841 لە لایپزیک بڵاوبوەتەوە.

10. مەبەست لە هەسارەی «نیبتۆن»ە کە لە ساڵی 1846 لەلایەن «یوهان گالە»کە لە دیدەبانخانە (مرصد/ و ,کوردی)ی بەرلین دیدەبان بوو، دۆزرایەوە.

11. لێرەدا مەبەست سەدەی هەژدەیەمە.

12. تیۆری فلۆژیستۆن، تیۆرێکی ساختە بوو لە کیمیادا، لە سەدەکانی

حەڤدەیەم و هەژدەیەم بلاوبووەتەوە، بە پێی ئەم تیۆرە، سوتان بەهۆی بوونی مادەیەکی تایبەتی نێو تەنەکان، کە پێی ئەڵێن فلۆژیسنۆن، ڕوئەدات.

13 .ئاماژەیە بەو هەوڵەی ڕۆبسپیر، کە بۆ جێگیرکردنی ئاینێکی نوێ بە ناوی «بوونەوەری باڵا»وە دای.

14 .دەستەواژەیەکی زۆر بڵاوی نێو پۆپۆلستەکانی بۆرژوازی ئەڵمانیا بوو، کە لە پاش سەرکەوتنی پرۆسەکان لە سادوا (لە جەنگی نەمسا و پرۆسیا ساڵی 1866) بڵاوبووەتەوە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە گوایە، سەرکەوتنی پرۆس بەرئەنجامی باڵایی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی گشتی پرۆسییە.

15 . ڕادامانت، بەپێی ئەفسانە یۆنانییەکان، بە بۆنەی بەدادی خۆیەوە، لە دۆزەخ بە دادوەر دامەزرێنرا.

16 .لێرەدا مەبەست شۆڕشی 1848– 1849ی بۆرژوا دیموکراتیکی ئەڵمانیایە.

17 .گەڕانەوەی پاشایەتی 1814 1830–، قۆناغی دووەمی فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی بۆربۆنەکانە لە فەرەنسا، شۆڕشی یۆلیۆ (تەموز) 1830 نیزامی کۆنەپەرستی نەوەکانی بۆربۆن، کە نوێنەری بەرژەوەندییەکانی خانەدان و ئیلکیریکییەکان بوو، تێکوپێک دا.

18 .ڕێنێنسانس، قۆناغێکە لە پەرەسەندنی ژمارەیەک لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوای نێوەڕاست، لە مەیدانی ڕۆشنبیری و ئایدیۆلۆژیدا. ڕێنێنسانس بە گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی سەرمایەدارییەوە بەسترابووەتەوە و نیوەی دووەمی سەدەی پانزەیەم و سەدەی شانزیەمی گرتەوە. هەروەکو باوە، قۆناغی ڕێنێنسانس بە گەشانەوە بە گوڕی هونەر و زانست و بایەخدان بە فەرهەنگی جیهانی کۆن (هەر لێرەوەش ناوی ئەم قۆناغە هاتووە)، ئەلکێنرێت. ئەنگلس لە سەرەتای پەڕاوەکەی «دیاڵکتیکی یروشت»دا، ستایشی ڕێنانسانسی کردووە.

19. کۆڕی نیقایی (325ی زایینی)، کۆڕێکی ئاینی سەربە کڵێسە بوو، لە شاری نیقا لەسەر بانگهێشتی قوستەنتین ئیمپراتۆری ڕۆمانی کۆبوونەوە. ئەم کۆڕە «یاسای باوەڕ»، کە بە شێوەیەکی کورت بیروباوەڕی کڵێسای مەسیحی تیادا نووسرابوو، دانا. بەپێی فەرمانی ئیمپراتۆر، ئەبێ هەموو مەسیحییەکان بە «یاسای باوەڕ»ەوە پەیوەست بن، دانپێدانەنانی، هەروەکو تاوانی دژی دەوڵەت چاوی لێ ئەکرێ و سزا ئەدرێت.

20. ئالبیژییەکان (لە ناوی شاری ئالبی باشوری فەرەنساوە هاتووە)، تیرەیەکی ئاینی بوون، لە سەدەکانی 12 13- ڕابەرایەتی بزوتنەوەی دژی کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆمانیایان ئەکرد.

21. زاراوەیەکە بە مانای ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی (بە بێ نەمسا) دێت، کە لە ساڵی 1871 لە ژێر ڕابەرایەتی پرۆسیا هاتە کایەوە.

**ڕێنمای ناوەکان**

- ئابیا لە ئەسکەندەرییەوە (سەدەی دووەمی زایینی)، نوسوری پەڕاوی «مێژووی ڕۆما».
- ئەنگلس فریدریک (1820) (Engels–1895)، ڕابەر و مامۆستای پرۆلیتاریا، برادەری کارل مارکس و هاوڕێی فیکر و تێکۆشانی بوو. بە هاوبەشی لەگەڵ مارکس تیۆری کۆمۆنیزمی زانستیی دانا، لە پێناوی ڕزگاریی چینی کرێکار و کۆمۆنیزمدا خەباتی کرد.
- ئۆوین (Owen) ڕۆبێرت (1771- 1858)،سۆسیالیستێکی یۆتۆپی ئینگلیزی مەزن بوو.
- باکۆنین میخائیل ئەلیکسەندرۆفیتش (1814–1876)، نوێنەرێکی هەڵکەوتووی ئەنارشیستەکان و نەیاری مارکسیزم بوو.
- باوێر برونۆ (1809–1882)، نوسەرێکی سیاسی ئەڵمانی و سەربە هیگڵییە چەپەکان بوو.

● بایل (Bayle) بییر (1706–1647)، فەیلەسوفێکی گومانگەرای فەرەنسی بوو.
● پرۆدۆن (Proudhon) بییر یۆسیف (1809–1865)، نوسەرێکی سیاسی فەرەنسی، ئابورىناس و زانایەکی کۆمەڵایەتی سواو (vulgar، مینژل، سوقی، دارج)، بیرمەندێکی وردەبۆرژوا، دامەزرێنەرێکی ئەنارشیزم بوو.
● بلان (Blanc) لویس (1811–1882)، سۆسیالیستێکی وردەبۆرژوای فەرەنسی بوو.
● بوخنێر (Buchner) لودڤیگ (1824–1899)، پزیشکێکی ئەڵمانی لە پەخشکارانی زانستی سروشتی بوو. لە فەلەسەفەدا ماتریالیستێکی سواو بوو.
● بـۆربـۆن، خێزانێکی پاشایەتی فەرەنسییە، فەرمانڕەوایەتی فەرەنسایان لە کۆتایی سەدەی شانزەیەم هەتا 1792 و لە سەردەمی گەڕاەوە (1814 1830–) کردووە.
● بێرتێلۆت (Berthelot) مارسیلین (1827–1907)، کیمیاگەرێکی فەرەنسی و دانەری یەکەمین ئاوێنەی مادە ئۆرگانیکییەکانە.
● تییر (Thiers) ئـادۆلـف (–1797 1877)، مـێـژوونـووس و سیاسەتمەدارێکی بۆرژوازی فەرەنسی و ئەشکەنجەگەرێکی کۆمۆنەی پاریس بوو.
● تییری (Thierry) ئۆگستان (–1795 1856)، مێژوونوسێکی لیبراڵی فەرەنسی بوو.
● داروین (Dwin) چارلس (1809–1882) زانایەکی مەزنی ئینگلیز، بنیاتنەری زانستی بایۆلۆژی ماتریالیستی، داهێنەری تیۆری نەشونمای جۆرە پەرەسەندووەکان، بوو.
● دیتزگین (Dietzgen) یۆسیف ( –1828 1888)، فەلسەفەکارێکی ماتریالیستی پرۆلیتێری ئەڵمانی، ئەندامی یەکێتی کۆمۆنیستەکان، کرێکاری دەباخانە بوو.
● دیدرۆ (Diderot) دنیس (1713 1784–)، فەلسەفەکارێکی فەرەنسی دەرکەوتوو، نوێنەری ماتریالیزمی میتافیزیکی، یەکێک لە بیرمەندانی بۆرژوازی شۆڕشگێڕی فەرەنسی لە سەدەی هەژدەیەم، ڕۆشنگەر، سەرۆکی

ئینسکلوپیدییەکان، بوو.

● دیکارت (Descartes) ڕینی (1596 – 1650)، فەلسەفەکار و ماتماتیکزانێکی فەرەنسی دەرکەوتوو، لە فەلەسەفەدا فەلسەفەکارێکی دووانەیی (dual، پنائی)، لە فیزیا ماتریالیستێکی میکانیکی بوو.

● ڕۆبسپیر (Robespierre) ماکسیمیلیان (1758 –1794) تێکۆشەرێکی دەرکەوتووی شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنسی لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم، ڕێبەری یاقوبییەکان، سەۆرکی حکومەتی شۆڕشگێڕ لە 1793– 1794، بوو.

● ڕۆسۆ (Rousseau)جان جاک (1712 1778–)، ڕۆشنگەرێکی فەرەنسی دەرکەوتوو، دیموکراتخواز، بیرمەندێکی وردەبـۆرژوازی، فەلسەفەکارێکی بڕوادار بە بوونی خودا وەک ئافرێنەری جیهان بوو.

● ڕێنان (Renan) ئەرنست (1823 1892–)، فەلسەفەکارێکی ئایدیالیستی و مێژوونوسێکی فەرەنسی، نوسەری توێژینەوە لە مێژووی ئاینی مەسیحی بوو.

● شتارکە (Starcke) کارڵ نیکۆڵای (1858 1926–)، فەلسەفەکا ر و کۆمەڵناسێکی دانیماریکی بوو.

● شتراوس (Strauss) داڤید (1808–1874)، لە لایەنگرانی  هیگڵییە چەپەکان بوو، نوسەری پەڕاوی «ژیانی یەسوع»ە، کە بە شێوەیەکی مێژوویی، ڕەخنە اە ئینجیل ئەگرێت.

● شتیرنێر (Stirner) ماکس، ناوی خوازراوی گاسبار شمیدت (–1806 1856)ە، لە لایەنگرانی  هیگڵییە چەپەکان و تیۆریسینێکی ڕێبازی تاکگەرای بۆرژوازی ئەنارشیستی بوو.

● شیلێر (Schiller) فریدریک (1759–1805)، شاعیرێکی مەزنی ئەڵمانی بوو.

● گالە (Galle) یوهان گۆتفرید (1812–1910)، گەردووناسێکی ئەڵمانی بوو، لە ساڵی 1846 هەسارەی «نیبتۆن»ی دۆزییەوە.

● گرون (Grun) کارل (1817–1887)، نوسەرێکی سیاسی ئەڵمانی بوو، یەکێک بوو لە نوێنەرانی ئەوانەی ناو ئەبران بە «سۆسیالیستە ڕاستەقینەکان».

- گۆتە (Goethe) یوهانن ولفگانگ (1749 1832–)، شاعیر و بیرمەندێکی مەزنی ئەڵمانی بوو.
- گیزۆ (Guizot) فرانسوا (–1787 1874)، مێژوونوسێکی بۆرژوازی فەرەنسی، کەسایەتییەکی دەوڵەتکار (رجل الدولە)ی لایەنگری پاشایەتی بوو.
- فریدریک ولهیلمی سێیەم (1770–1840)، پاشای پرۆسیا (1797–1840) بوو.
- فریدریک ولهیلمی چوارەم (1795–1861)، پاشای پروسیا (1840–1861) بوو.
- فۆیرباخ (Feuerbach) لودڤیک (1804–1872)، فەلسەفەکارێکی ماتریالیستی و ئاتەئیست (atheist) و ئەڵمانییەکی دەرکەوتوو بوو. ماتریالیزمی فۆیرباخ سەرباری تەنگەبەری و خەسڵەتی تەئەمولی، یەکێک بوو لە سەرچاوەکانی تیۆری فەلسەفەی مارکسی.
- فۆگت (Vogt) کارل (1817–1895)، ماتریالیستێکی سواوی ئەڵمانی، دوژمنێکی سەرسەختی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی، لە لایەنگرانی بۆناپارت بوو.
- ڤۆڵتێر (Voltaire) فرانسوا ماری (ئەرواى) (1694–1778)، گەورەترین ڕۆشنگەری فەرەنسی سدەی هەژدەیەم، نوسەر و فەلسەفەکار بوو.
- کانت (Kant) ئەمانۆئیل (1724–1804)، فەیلەسوفێکی ئەڵمانی دەرکەوتوو، بنیاتنەری فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، ئایدیالیستێکی خۆیی و نازانمگەر (agnostic، لا ئەدری)، بوو.
- کالفین (Calvin) جان (1509–1564)، بیرمەندێکی بزوتنەوەی ڕیفۆرمیستی ئاینی لە سویسرا بوو.
- کۆپێرنێک نیکۆلای (1472–1543)، گەردووناسێکی مەزنی پۆلۆنییە، دامەزرێنەری ئەو سیستەمەیە کە دەڵێت، رۆژ ناوەندی جیهانە.
- لامارک (Lamarck) جان باتیست (1744–1829)، سروشتناسێکی فەرەنسی، بەر لە داروین سەربە ڕێبازی پەرەسەندن بوو.
- لوتەر (Luther) مارتین (1483–1546)، بنیاتنەری ئایینزای پرۆتستانتی (لوتەریست) بوو لە ئەڵمانیا.

● لو ڤیریه (Leverrier) ئۆربان ژان ژۆزیف (1811–1877) گەردووناسێکی فەرەنسی بوو.

● لویسی چواردەیەم (1638–1715)، پاشای فەرەنسا (1643–1715) بوو.

● مارکس (Marx) کارل (1818–1883)، دامەزرێنەری بلیمەتی کۆمۆنیزمی زانستیی و مامۆستا و ڕابەری مەزنی پرۆلیتاریای جیهانی بوو.

● مۆلێشۆت (Moleschott) جاکوب (1822–1893)، زانایەکی فیزیۆلۆژی هۆڵەندی، نوێنەری ماتریالیزمی سواو، بوو.

● مینیه (Mignet) فرانسوا ئۆگوست (1796–1884)، مێژوونوسێکی بۆرژوازی فەرەنسیی سەر بە باڵی لیبراڵی بوو.

● ناپلیۆنی یەکەم (بوناپارت) (1769–1821)، ئیمپراتۆری فەرنسا (1804–1815،1814) بوو.

● هۆبس (Hobbes) تۆماس (1588–1679)، فەیلەسوفێکی ماتریالیستیی دەرکەوتووی فەرەنسیی بوو.

● هیگڵ (Hegel) جۆرج ولهیلم فریدریک (1770–1831)، فەیلەسوفێکی گەورەی ئەڵمانی، ئایدیالیستێکی بابەتی و دیالێکتیکی، گەورەترین نوێنەری فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی بوو.

● هاینە (Heine) هنریخ (1797–1856)، شاعیر و نووسەرێکی سیاسی گەورەی ئەڵمانیا بوو.

● هیوم (Hume) داڤید (1711–1776)، فەیلەسوفێکی ئینگلیزی، ئایدیالیستێکی زاتی، نازانمگەر، بوو.

*****

وەرگێڕانی «لودڤیک فۆیرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی» بۆ زمانی کوردی، لەم سەرچاوانەوەبووە:

– لودفیع فویرباخ ونهایه الفلسفه الکلاسیکیه الالمانیه، فریدریک انجلس، دار التقدم، موسکو 1971. ترجمه: الیاس شلهین.

– لودویک فویرباخ پایان فلسفه کلاسیکی المانی، فریدریش انگلس، ترجمه محمد پورهرمزان، انتشارات حزب تودەایران.

www. tudehpartyiran. org

وەرگێڕانی «تێزەکان دەربارەی فۆیرباخ» بۆ زمانی کوردی، لەم سەرچاوانەوە بووە:

– لودفیغ فویرباخ ونهایه الفلسفه الکلاسیکیه الالمانیه، فریدریک انجلس، دار التقدم، موسکو 1971. ترجمه: الیاس شاهین.

– تزهایی دربارەی فویرباخ، کارل مارکس، ترجمه: باقر پرهام، پیشگفتار: م. رازی، بازنویس: یاشار اژری.

http://www. javaan. net/nashr. htm –

# مارکس و ڕەخنە لە هیگڵ
## یەکەمین دەستوربەندی کۆمەڵگای مەدەنی

لە فارسییەوە: یوسف عەلی پور

ڕەخنەی مارکس لە هیگڵ نوێنەری یەکەمین نمونەی باسکردن و پێچەوانەکردنەوەی بابەتێکە. مارکس پێشەکییەکانی هیگڵ قبوڵ دەکات سەبارەت بەوەی کە دەڵێت، مەدەنییەت تایبەتمەندیی جیهانی نوێیە، ئەوەی قبوڵە کە کۆمەڵگای نوێ زۆر شتی بۆ خستنەڕوو هەیە، چونکە دەتوانێ بنەمای سەربەخۆخوازیی تاک یاسامەند بکات، بە دەستوربەندیەکانی هیگڵ رازییە و لە نیگەرانییەکانی هیگڵدا بەشداره سەبارەت بەوەیکە کۆمەڵگای مەدەنی مەڵبەندی خۆپەرەستییە و کەوابوو دەبێ ڕێکبخرێت، بەوەش رازییە کە زاتی دەوڵەت دەستوربەندیەکی بنەمایی گشتیخوازانەیە کە نەیاری بەرژەوەندییە هەندەکیخوازانەی تاکەکان لە کۆمەڵگای مەدەنی دایە، بەڵام دیسانیش دەتوانێ لە ڕێگای ڕەخنەوە، جەخت کردنەوەی هیگڵ لە سەر دەوڵەت پێچەوانە بکاتەوە. ئەو بە پێشەکیەکانی هیگڵ دەستی پێکرد، بەڵام لۆژیکی شیکاریەکانی ئەو، هەروەها ئاکامەکانیشی ڕەتکردوە. هیگڵ لە پێشێنی کۆمەڵگای مەدەنیەوە دەستی پێکرد و بەرەوپێش چوو بۆ ئەوەیکە گوێڕایەڵی دەوڵەتی بکات. مارکس پێشێنی کۆمەڵگای مەدەنی زیندوو کردەوە، هەربۆیە دەوڵەتی کردە پەیڕەوی ئەو مەڵبەندە. لە دەستوربەندی مارکسدا کۆمەڵگای مەدەنی بوو بە گۆڕەپانێک کە دیالکتیکی نێوان کاری کۆمەڵایەتی و کاری سیاسی، نێوان باڵادەستیی و خۆڕاگریی، نێوان سەرکوت و رزگاریی لەودا بەکردەوە دەردێت. مارکس باسی ئەوەی دەکرد لەو ڕووەوە کە کۆمەڵگای

مەدەنی شانۆی مێژوویە دەبێ بۆ رزگاربوونی چاو لە ناوخۆی خۆی بکات، دەبێ ئەکتەرێک بدۆزێتەوە کە لەناو ئەودا جێی ببێتەوە و گۆڕانکاریی تێدا پێکبێنێت، بە سیستمێکی داسەپاوی تێوبژیەکان ناکرێ رزگار بکرێت.

مارکس بە پێی پێشێنی کۆمەڵگای مەدەنی لە جیهانی نوێدا کارەکانی بەڵگەمەند دەکرد. ئەو دەیوت تاکی نوێ، بە پێچەوانەی «ئاژەڵی سیاسی»ی دەوڵەتشاری یۆنانی، لە قۆناغی یەکەمدا سیاسی نییە، واتا هەر لە زاتی خۆیدا سەرقاڵی کاروباری دەوڵەتشار نییە، هەروەک چۆن پێکهاتەکانی ئەمڕۆیی دەوڵەت کۆسپی سەر رێگای ئەون. دەوڵەتی نوێ بە ئامرازە تایبەتیەکانی خۆی، ژیانی سیاسی پاوان دەکات. بوروکراسی کە هیگڵ پێیدەگوت چینی گشتیی سنا، بۆ مارکس فۆڕمێکە کە ناهێڵێت تاک دەستی بە دەوڵەت رابگات. کەوابوو تاکی لە سیاسەت دابڕاوی نوێ دەبێ ژیانی خۆی لە کۆمەڵگای مەدەنیدا تێپەڕ بکات کە جێگاوشوێنی ئاکارەکانی کار و ژیانی هەموو رۆژێی ئەوە. ئەو دەڵێت ئەو چوارچێوە سەرکوتگەرە، چونکە راپەڕینی سیاسی کە قەڵەمڕەوە سیاسیەکەی گۆڕیوە، کاری بە سەر ئەوەوە نەبووە، چوارچێوەیەکە کە لەودا چاوچنۆکی، خۆپەرەستی، و چەوساندنەوە هەروا بەڕێوەبەری ژیانی تاکەکەسین. گۆڕینی پانتایی سیاسی، کە چەمکەکانی ماف، دادپەروەری، ئازادی و یەکسانی لەگەڵدان، هاوڕێی گۆڕانکارییەکانی پانتایی مەدەنی نییە.

هەر بۆیە، ئەو شۆڕشە کە جیهانێکی سەربەست پێکدێنێت کە لەودا تاکەکان لە چاوی یاساو دەوڵەتەوە یەکسانن، پێشکەوتوو، بەڵام نوقسانە. مارکس لە رەخنە لە فەلسەفەی مافی هیگڵ (116)دەنوسێت: «ئەوەی کە ئارمانشاری (یۆتۆپیایی)ە شۆڕشێکی نوقسان و بە تەواوەتی سیاسیە، ئەو شۆڕشەی کە ناهێڵێت ئەستوونەکانی ماڵ بڕوخێن» (116،ل31).

ئاک لەو بازنە ئەماعکارییە کە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا بەسەر بارودۆخی ژیانی ئەودا زاڵە، بەداوەوە بووە، و ناتوانێ وەک ئاکی هیگڵی لە نێو دەوڵەتدا پشتیوانییەک پەیدا بکاث، چونکە دەوڵەث لۆژیکێکی جیا لە لۆژیکی کۆمەڵگای مەدەنی نییە و ناشتوانێ هەیبێث، چونکە دەوڵەث بەرهەمی هەر ئەو رووداوە مێژووییەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی پێک دێنێث. ئەم رووداوە مێژووییە، یانی شۆڕشی سیاسی دەتوانێ کەلەبەرێک لە نێوان کاری مەدەنی و کاری سیاسیدا پێک بێنێث، ئەگەر کاری سیاسی لە «زیناح»ی ژیانی مەدەنی رزگاری بوو، دەتوانێ وەکو چوارچێوەیەکی ئاتایبەتی گشتگیر سەرهەڵبداث، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی چوارچێوەی ئایبەتی کە لەودا هەندەکی دەبێنە بنەمای گشتی، دەتوانێ ئەو کارە بکاث. «بنەمای راپەڕینێکی نوقسان و بە ئەواوەتی سیاسیی چییە؟ ئەوەیە کە بەشێک لە کۆمەڵگای مەدەنی خۆی ئازاد بکاث و دەستی بە باڵادەستیی گشتی رابگاث» (116).

مارکس دوو راستی لەو فورموڵبەندییەدا دەسەلمێنێث. یەکێکیان ئەوەیە کە راپەڕینی بـورژوا ئاڵوگۆڕی لە چوارچێوەی مەدەنیدا پێک نەهێناوە. لە راستیدا ئەو دەسەڵاتە بەرتەسکەی کە بورژوازی بەدەستیهێناوە سەرکوتەکانی ئەو چوارچێوەیە چڕتر دەکاتەوە. دووهـەم ئـەوەی کە بانگەشەکانی دەوڵەث سەبارەث بە گشتگیربوونەکەی شتێکی مایە پوچە. هەمووی ئەو شتەی کە روویداوە ئەوەیە کە هەندێک لەو دەسەڵاتانەی کە پێشووتر لە رێگای دەسەڵاتی سیاسییەوە دادەسەپان، ئایبەتی بوونەتەوە واتا ئەو دەسەڵاتانە بە چینە داراکان سپێردراوە. لۆژیکی چەوسانەوەی سەرمایەداری بە سەر هەر دووک قەڵەمڕەوەکەدا زاڵە، هەر بۆیە ئەو حاشا لەوە دەکاث کە دەوڵەث باڵادەسث، بێ لایەن یان گشتگیرە، بەڵکو

دامەزراوەیەکی سەر بە چینێکە کە بە پڕوپاگەندەیەکی بێناوەڕۆک باسی یەکسانی و مافەکان دەکات. دەوڵەت بە یاسا گشتییەکانی خۆی، بە ڕێکخستنی ئەو ناکۆکییانەی کە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا هەن، لەو دەرباز نابێت، بەڵکو تەنیا ئەو ناکۆکییانە هەڵدەپەسێردرێت. دەوڵەت بەشێوەیەکی ئابستراکت نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات، واتا ئەو بەرژەوەندییانەی کە هەر تاکێک لە «یەکێک لە دژی هەمووان و هەمووان لە دژی یەکێک» ململانێی ئابووریی بازاڕدا، لەگەڵ دیتران تێیدا بەشدارە.

هەربۆیە دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی دووجیهانی جیاواز نین، کە بەوشێوەیەی هیگڵ شیمانەی دەکرد، لۆژیک و سەرنجێکی عەقڵانی جیاوازیان هەبێت، ئەوان «جەمسەرە نەیارەکانی یەک ناکۆکین... کۆمەڵگای مەدەنی لایەنی سەرەکیی ئەو ناکۆکییەیە» (150،ل10). و بنەمای کۆمەڵگای سیاسیش هەروەک کۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ هەموو بەشە ئابوورییەکانی ئەوە (124،ل35).

مارکس بە دەستوربەندی هیگڵی کە دەڵێت کاری تایبەتی راستەقینەی دەوڵـەت، کارێکی گشتییە، یانی دەربڕینی بەرژەوەندییە گشتیەکان لە بەرامبەر بەرژەوەندییە هەندەکی (تایبەتی)یەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، رازییە. ئەوەی کە دەیباتە ژێر پرسیارەوە ئەوەیە کە ئایا دەوڵەتی ئێستا دەتوانی ئەو کارە بکات. مارکس ئەو لێکدانەوەیە بەرەو پێشتر دەبات ئەگەر رزگاریی مرۆڤ نوقسانە و ئەو لە کۆمەڵگای مەدەنیدا هێشتا هەر بێبەشە، بەشداریی شارۆمەند لە ژیانی هاوبەشی دەوڵەت وەهم و روکەشیانەیە. مرۆڤ نەک وەکو شارۆمەندێک، بەڵکو وەکو بورژوا واتا تاکێکی سروشتی یە کە دەوڵەت گەرەنتی خوخدەی ئەو دەکات.

سەردەمی بورژوازیی ئەمڕۆیی بۆ مارکس «لەو رووەوە تاقانەیە کە «جیایی» نۆڕمە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی چینەکان دادەسەپێنێت. ئەو سەردەمە بۆ یەکەمین جار مرۆڤ بە سەر چینە کۆمەڵایەتیەکاندا دابەشدەکات، پلەوپایەی یاسایی تاکەکان لە رۆڵی کۆمەڵایەتیی ئابووریی ئەوان لە نێو کۆمەڵگای مەدەنیدا جیا دەکاتەوە و هەر تاکێک بە سەر دووبەشی خۆویستی تایبەتی و شارۆمەندێکی گشتیدا دابەشدەکات» (83،ل37). بەڵام مارکس باسی ئەوە دەکات کە تەنیا ئەوەیکە دەوڵەتی نوێ چینەکەی بۆ پانتاییەکی تایبەتی ڕاگواستووە، نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی کە ئیتر هیچ چینێک بوونی نییە. هەروا بوونی هەیە، بەڵام ئێستا وەکو ناکۆکییە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ جیاوازیە چینایەتیەکان هەڵسووکەوت دەکرێت، کە هۆکارێکی سیاسی نییە. هەر بەوچەشنە، ئەوەی کە ئیتر خاوەندارێتی بنەمای دەوڵەت نییە، بەو مانایە نییە کە خودی خاوەندارێتی هەڵوەشاوەتەوە. هەروا بوونی هەیە، هەروەک چۆن لە دەوڵەتی دونیایدا هەر هەیە.

دەوڵەتی سیاسی... هەر ئەو دژایەتییەی لە گەڵ کۆمەڵگای مەدەنی هەیە و هەر بەو شێوەیەش بە سەریدا سەردەکەوێت کە ئاین بە سەر سنورەکانی جیهانی نائاینیدا سەردەکەوێت، واتا دەبێ هەر بەو شێوەیە قبوڵی بکات، دیسانەوە سەقامگیری بکات، و ئیزنی ئەوە بدات کە بۆ جارێکی تر بچێتە ژێر دەسەڵاتدارێتیەکەیەوە (122،ل6–45).

لێکدابڕانی ئەو بنەما سیاسیانەی کە دەوڵەت رایگەیاندوە و ئەو بارودۆخە هەنووکەییەی کە تاک خۆی تێدا دەبینێتەوە، ئاشکرایە.

رەخنەی مارکسیستی لە هیگڵ دەتوانێت پەردە لە رووی دەوڵەت هەڵماڵێت، سەبارەت بەوەیکە خۆی بە شتێکی گشتی دەزانێت، و لە مەشروعیەت و تواناییەکانی بۆ ناچارکردن بە پەیڕەوی لێکردنی پەردە

لادەداتْ. ئەگەر دەوڵەتْ نوێنەری جوڵێنراوی خودپەرستی و تاڵانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بێتْ، کەواتە ناتوانێتْ ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی رێکبخاتْ، بۆیە بە پێی پێویستْ سەرلەنوێ بەرهەمی دێنێتەوە. دەبێ لە یەکانگیربوونی سەرلەنوێی دەوڵەتْ و کۆمەڵگادا بەشوێن چارەسەرەکەیەوە بین: مارکس لە پرسی یەهود دا دەنوسێتْ: «تەنیا کاتێک کە تاکی راستەقینە هاوشاری ئابستراکتْ لە خۆیدا بتوێنێتەوە»... تەنیا کاتێک کە مرۆڤ «هێزە تایبەتی»یەکانی خۆی وەکو هێزە کۆمەڵایەتیەکان ناسین و رێکی خستن و لە ئاکامدا ئیتر دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بەشێوەی دەسەڵاتی سیاسی لە خۆی جیا نەکردەوە، تەنیا ئەوکاتەیە کە رزگاریی مرۆڤ کامڵ بووە» (121،ل57).

### کۆمەڵگای مەدەنی وەکو پێگەی کارەکانی رۆژانەی ژیان

ئەمرۆ کە تاک لە بەشداریکردن لە دەوڵەتدا بێبەش بووە، لە راستیدا ئێستا کە دەوڵەتْ تەنیا کۆمەڵێکی خۆشباوەڕ دەخوڵقێنێتْ، کەواتە تاک ناچارە ژیانی خۆی لە چوارچێوەی مەدەنیشدا تێپەڕ بکاتْ. ناچارە لە چوارچێوەیەکدا بژیتْ کە بە کارە دونیاییەکانی رۆژانەی ژیان پێکهاتووە. مارکس ئەو شیکارییەی هیگڵ قبوڵ دەکاتْ کە کۆمەڵگای مەدەنی هێندێک رێگا بۆ خوبەدیهاتنی مرۆڤەکان دابیندەکاتْ. لێرەدایە کە مرۆڤ دەتوانێ هەبوونی چەشنیەتی خۆی بدۆزێتەوە. ئەو هەبوونی چەشنیەتە بۆ مارکس، پشتی بە تواناییەکانی ئەو بۆ کاری پێداچوونەوانە و وشیارانە بەستووە. لە ناخی تێگەیشتنەکەی مارکس دا لە مەڕ هەبوونی مرۆڤایەتی، ئەو چەمکە هەیە کە تاک بەر لە هەر شتێک ئاژەڵێکی کارکەرە. کار لە روانگەی مارکسەوە چالاکییەکی خۆشە و دەبێ هەبێتْ. ئامرازێکە کە تاک لە رێگەی ئەوەوە خۆی بەدیدێنێتْ، هەروەها ئامرازێکیشە کە لە رێگای ئەوەوە لەگەڵ

جیهانی کۆمەڵایەتی پەیوەندی دەگرێت. ئەگەر مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی خوڵقێنەر هەندێک شت دەخوڵقێنێت، دووجار دان بەخۆیدا دەنێت.

(1) –من لە بەرهەمهێنانی خۆمدا، تاکەکەسی و تایبەتی بوون (هەندەکی)ی خۆم وەدی هێناوە، و لە رەوتی چالاکییەکانی خۆمدا، ژیانێکی تاکە کەسیم هەبووە، لە تێڕوانین بۆ هەقیقەت (OBJECT) خۆشیی ناسینی کەسایەتی تاکی خۆم وەکو دەسەڵاتێکی راستەقینە، شیاوی هەستپێکردن، و دوور لە گومانم ئەزموون کردوە.

(2) –لە کەڵک وەرگرتنی تۆ لە بەرهەم هێنراوەکانی من و دابینبوونی تۆ لە من، من ئەو دابین بوونە راستەوخۆ و وشیارانەم هەیە کە کارەکەی من پێویستییەکی مرۆیی دابینکردوە، خوخدەی(سروشت) مرۆڤایەتی وەڕاستی گێڕاوە، و راستیەکی خوڵقاندوە کە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بوونەوەرێکی مرۆیی دیکە پێویستە (117،ل39).

مرۆڤ لە بەکردەوە دەرهێنانی تواناییەکانی خۆی بۆ سەرقاڵبوون بۆ رەنگدانەوەی کارەکە بەرەولای خۆی، بەشێوەیەکی خودموختارانە و خوڵقێنەرانە، زاتی راستەقینەی خۆی و کۆمەڵایەتی بوونی خۆی بەدیدێنێت. کار رێگای پەیوەندیی ئەو لەگەڵ جیهانێکی بەربڵاوە، کەواتە کار، ئازاد، خوڵقێنەر و هەستیارە لە مەڕ ئەو رێگایانەی کە تاک لە رێگای ئەوانەوە دان بە هەبوونی چەشنی خۆیدا دەنێت. بەڵام کۆمەڵگای بورژوا ئیزن بە پشکووتنی ئەو هێزە نادات.

یەکەم: لەبەر ئەوەی کە لە وەها کۆمەڵگایەکدا، کار بۆ هێزی کار کەمدەکرێتەوە، دەبێتە کاڵایەک کە کرێکار ناچارە لێی نامۆ بێت، چونکە وایلێدەکات دەستی بە ئامرازەکانی ژیان و بەرهەمهێنان رابگات، بەڵام تێکهەڵچوون لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا،

هیچ ئاموچێژ و ڕەزایەتێک بە تاک نابەخشێت. مارکس، بە زایەڵەیەک لە شیکاریی ئادام سمیث لە نەگۆڕی و دووپاتبوونەوەی کار لە کۆمپانیایەکی دروسنکردنی دەرزی دا، بانگەشەی ئەوە دەکات کە تایبەتی بوونەوەی پیشە و ئەرکەکان، تاک دەکاتە یەخسیر و گیرۆدەی چوارچێوەیەکی باریک و بەرتەسکی دووپات بووەوە و رۆژانەی کارەکەی. تاک کە بەو چالاکییە تایبەتی کراوەیە بەرتەسک کراوەتەوە، بە گوێرەی کەسایەتیی مرۆیی و لە بواری توانایی پەیوەندییەوە وەکو تاکێکی هاوسەنگی هەمەلایەنە لەگەڵ جیهان هەژار دەبێت، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، هەر ئەو تایبەتی بوونەوەی پیشەکان بارهێنەری پەیوەندییەکی بەرامبەرە.

جێگاوشوێنێکی نەشیاوە: لە لایەکەوە کۆمەڵگە کەسایەتیە تایبەتیە بیرتەسکەکان بار دێنێت، و لە لایەکی دیکەوە تاکەکان پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە یەکەوە دەبێت، لەوەها کۆمەڵگایەکدا تاک دەبێ مامەڵە بە کاڵاکانی بکات و دەبێ بچێتە نێو گۆڕەپانی کارێکی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام ئەو دانوستانانە لە سەر بنەمای کاڵایی دامەزراون. هەموو کەس بە چاوێک لە کەسی دیکە دەڕوانێت کە دەتوانێت پێویستییەکی تایبەتی دابین بکات. مارکس لە لێکدانەوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ لێکدانەوەکەی هیگڵ باسی ئەوە دەکات کە ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی کە بە بنەمای دانوستان پشت ئەستوورە، تووشی هەژاری بووە. «تەنیا زمانێکی لێکتێگەیشتن کە لەگەڵ یەکتری دەهێنین، شتەکانن ئەویش لە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریدا... ئەوەندە لە خوخدەی(سرشت) مرۆیی نامۆ بووین کە زمانی راستەوخۆی ئەو خوخدەیە گورزێکە کە لە متمانەی مرۆیی دەدرێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە زمانی نامۆی بەها راستەقینەکان وەکو متمانەی مرۆیی رێگەپێدراو، دڵنیا لە خود، و خۆ قبوڵکراو، خۆی دەردەخات. (117،ل38). هەندێک دواتر

هەر لەو بەشەدا دەنوسێت: «بەهای بەرامبەری ئێمە (بۆ یەکتری) بەهای شتەکانی بەرامبەرمانە بۆ ئێمە، کەواتە خودی مرۆڤ راستەوخۆ بۆ ئێمە بێ بایەخە (هەمان سەرچاوە).

بۆ وایلێدێت؟ بۆچی لە کۆمەڵگای بورژواییدا تاکەکان بێ بایەخ دەبن؟ مارکس لە گرۆند ریسە لە پەیجویی پێشینەی کۆمەڵگای مەدەنی، باسی ئەوە دەکات کە راپەڕینی بورژوازیی سەرجەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندییەکانی کۆمەڵە مرۆییەکان لێکدادەبڕێت، تاک لە دەستپێڕاگەیشتنی بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بێبەش دەکات، مرۆڤ بەو کەسانەوە دەبەستێتەوە کە خاوەنی ئەو دەستپێڕاگەیشتنەن و خەڵک بۆ کارو کاڵا رەوانەی بازاڕ دەکەن. ئاکامەکەی ئاشکرایە تاکخوازی، ململانێ، و خۆپەرەستی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە جێی پەیوەندییە سروشتیەکان دادەنێن: ئەو پەیوەندییەی کە «تەنیا وەکو ئامرازێک بۆ مەبەستە تایبەتیەکانی مرۆڤ، وەکو پێویستییەکی دەرەکی لە روبەڕوی ئەودا دادەنرێت» (120،ل84). کۆمەڵگای مەدەنی وەکو گەندەڵی و لێک هەڵوەشانی پەیوەندییە سروشتیە مرۆییەکان کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە ئامرازیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، گەشە دەکات و بەرهەمێکی سەرمایەدارییە. وەکو بەرهەم، جیهانێک دەخوڵقێنێت کە لەودا تاکی شارۆمەندی دنەدراو بە کەسانی دیکەوە بەستراوەتەوە، ئەوە بۆ بوونی رۆژانەی تاکەکان پێشهاتێکی بنەڕەتی هەیە. مارکس لە پێشەوەی هەموو ئەو بیرمەندانەی جیهانی ئەمڕۆیە کە باس لە ملهوڕیی فۆڕمەکانی رۆژانە دەکەن: کەسانێک باس لەو ئەزموونانە دەکەن کە لە سەر «تاڵانی گروپە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی» (124،ل412) بونیات دەنرێت. کۆمەڵگای مەدەنی، وەکو سەرچاوە و جێگاوشوێنی ملهوڕانەی فۆڕمەکانی رۆژانەی ژیان، دەبێتە هۆی لە خۆنامۆبوون و سەرکوت و شەڕ و رکەبەری

لێدەکەوێتەوە. بۆ مارکس، کۆمەڵگای مەدەنی بەو چەشنەی کە لە لای هۆبز و لۆک بوو، نەیاری دۆخی سروشتی نییە. ئەو چەشنەی کە فرگۆسن دەڵێت، نیشانەی پێگەیشتوویی و ئەوپەڕی شارستانیەتیش نییە. بەو چەشنەی کە دەکرێ لە وەسفی ئەو سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنی تێبگەین، لەگەڵ دۆخی سروشتیش هاوواتا نییە. قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویە. مارکس لە گەڵ شارەزایانی ئابووریی سیاسیی کلاسیک هاوڕایە سەبارەت بەوەی کە کۆمەڵگای مەدەنی، تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگا پیشەییەکانە، بەڵام لە کاتێکدا کە ئەوان ئەوەیان بە پێشکەوتن دەزانی، مارکس لەسەر ئەو پێشکەوتنە دوولایەنەیە قسە دەکات. سەبارەت بە نۆڕمەکانی بەر لە سەرمایەداری کۆمەڵگا کە بە «دیموکراسی نائازادی» دیاریدەکرێن، بەرەوپێشچوونە، بەڵام هەروەها چوارچێوەیەکە کە لەودا قسەی بێناوەڕۆکی سیاسیی ئازادی و یەکسانی، بێدەسەڵاتی تاک لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا دادەپۆشێت. لە بواری جێخستنی شتەکانەوە، کۆمەڵگای نوێ لە سەر ئەساسی خودموختاری و بکەریی تاک، و لە سەر بنەمای مافی ئەو سەبارەت بەوەی کە خۆی بە چاودێری کاروباری کۆمەڵ بزانێ، پێک هاتووە، بەڵام نە کۆمەڵگای مەدەنی و نە دەوڵەت کە بنەماکانی ژیانێکی نوێ دادەڕێـژن ناتوانن بارودۆخی پێویست بۆ ئەو کارە دابین بکەن. مارکس دوای سڕینەوەی پیرۆزیی دەوڵەت بەرەولای سڕینەوەی پیرۆزیی کۆمەڵگای مەدەنی دەچێت، کە لە بەرهەمی لیبراڵەکان و هیگڵ دا باسی مافەکان و ئازادیەکان نوێنەریەتی دەکات، و مارکس ئێمە بۆ فامکردنی ئەوە هاندەدات کە کاتێک دەتوانین بە باشی لە خوخدەی راستەقینەی کۆمەڵگای مەدەنی تێبگەین، کە گۆڕەپانی رواڵەتی یەکسانی، خاوەندارێتی و بنتام بەجێبێڵین و بچینە ناو «پانتایی شاراوەی بەرهەمهێنانەوە». مارکس لە بەشێکی گرینگی سەرمایە1 دا دەنوسێت:

ئەو چوارچێوەیەی کە هەمانە و ئەمانە بەجێیدێڵین و کڕین و فرۆشتنی هێزی کار لە نێو خۆی سنوورەکانی ئەودا بەرەو پێش دەچێت، لە راستیدا وەکو حوکمی باخی بەهەشتی مافە زاتیەکانی مرۆڤە. تەنیا لەوێیە کە ئازادی، یەکسانی، خاوەنداریێتی و بنتام دەسەڵاتدارن. بە بەجێهێشتنی ئەم چوارچێوەیەی گەڕخستنی ساکار، یان ئاڵوگۆڕی کاڵاکان، پێمانوایە دەتوانین گۆڕانێک لە رواڵەتناسی کەسایەتیەکانی شانۆکەی خۆماندا هەستپێبکەین. ئەو کە پێشووتر خاوەنی پارە بوو، ئێستا وەکو سەرمایەدارێک دەچێتە سەر شانۆ، خاوەنی هێزی کار وەکو کرێکاری ئەو بە شوێنیدا دێت. یەکێکیان بە حاڵ و وەزعێکی گرینگ، گەشاوە و ئامادەی بەدەستهێنان، ئەوی دیکەش ترساو و لەدواوە راگیراو، هەروەکو کەسێک کە پێستەکەی خۆی دێنێتە بازاڕ و هیچ چاوەڕوانییەکیشی بێجگە لە پێست داماڵینەکەی نیيە (122،ل172).

ئێستا ئەگەر تاکێک نەتوانێ، بەڵێنەکانی جیهانی نوێ لە مەڵبەندی مەدەنی یان سیاسیدا بدۆزێتەوە، دەبێ لە سنووری هەردووکیان تێپەڕێ. مارکس لە گەڵ هیگڵ هاوڕایە سەبارەت بەوەی کە ناکرێ ئەو مەڵبەندە هەروا کاریان بەسەریەوە نەبێت، دەبێ ئەویش تێپەڕ بکرێت و بارودۆخی ژیان بۆ تاک دەبێ گۆڕانی تێدا بکرێت. گۆڕانی کۆمەڵگای مەدەنی پێشمەرجی بنەڕەتیی گۆڕانکاریەکانی قەڵەمڕەوی سیاسیە، کەواتە هەندێک مەسەلە دێنە ئاراوە. کێ دەتوانێ ئەو گۆڕانکارییە بە ئەنجامبگەیەنێت؟ ئەو بەڕێوەبەرەی کە لەم مەڵبەندە تێدەپەڕێت لە کوێ دەدۆزرێتەوە؟

### بوژاندنەوەی مەدەنییەتی کۆمەڵگای مەدەنی

شیکاری و هەڵسەنگاندنی دیاردەیەک، جەخت کردنەوە لە سەر ئەو مەسەلەی کە تێیدا بەرچاو دەکەوێ، و دواتریش گەڕان بەدوای رێگاچارەدا،

پەیوەندیی بە روانگەی بیردۆزیی شیکارەکە، دالغە فیکریە سیاسی و بەهاکانی بیردۆزەکە و بنەمای گەلالەکردنی بابەتی گوتارەکەوە هەیە. هیچ شتێک ئەوە باشتر لە رەخنەی مارکس لە مەڕ کۆمەڵگای مەدەنی رووناکاتەوە. مارکس لە روانگەی بێبەشان و پەراوێزخراوەکانەوە سەیری کۆمەڵگای مەدەنی دەکات، هەربۆیە خوێندنەوەی ئەو بۆ ئەو مەڵبەندە بەتەواوەتی لەگەڵ خوێندنەوەکەی هیگڵ جیاوازە، بەڵام ئەم رەخنەیە لە کۆمەڵگای مەدەنی تەنیا تێکهەڵچوونێکی بیردۆزیی لەگەڵ فەلسەفەی هیگڵی نییە، تاوانبارکردنی کۆمەڵگایەکە کە هەر ئەو بەڕێوەبەرانە دەخاتە پەراوێزەوە، کە بەر لە هەمووان هەلیان بۆ وەدیهاتنی، ئەو کۆمەڵگایە رەخساند. رووی رەخنەکانی ئەو لە کۆمەڵگایەکە کە هەل بۆ ژیان لە گەڵ ئەو بێبەشی و خستنەپەراوێزانە دەڕەخسێنێت. مارکس بە بەدەستەوە گرتنی روانگەی چینی کرێکار، بە ئاکامی زۆر جیاواز دەگات سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنی. هەر ئەوەی کە روانگەکە بگۆڕێت، گرفتی بیردۆزییەکە بەتەواوەتی بەشێوەیەکی جیاواز خۆی دەردەخات.

دەکرێ هێمای ئەوە لە نووسراوەی سەرەتایی (1842)دا بدۆزرێتەوە کە مارکس لە بڵاوکراوەی کاتیی راین دا سەبارەت بە مافە نەریتیەکانی نەداران بۆ هەڵگرتنەوەی درەختی کەوتوو بە بێ سەرنجدان بە خاوەندارێتییە تایبەتیەکەی ئەو نووسی. مارکس نەدارەکانی وەکو چینێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای مەدەنیدا وەسفکرد، چونکە نەبوونی خاوەندارێتی، ئەوان لە تێگەیشتنە درۆیینە و دەسکردەکانی کۆمەڵگای مەدەنی رزگار دەکات. ئەوان بوونەوەرە مادیە نامۆکان ناپەرستن و لەو رووەوە وشیارییەکی مرۆیی تەواویان هەیە. لە روانگەی هیگڵەوە نەدارەکان ئەندامی کۆمەڵگای مەدەنی نین، چونکە نەبوونی خاوەندارێتی ئەوان لە قازانجەکانی ئەو پانتاییە

بێبەشدەکات. بە بڕوای مارکس ئەوە سەرەتییەکە، نەبوونی خاوەندارێتی بەو مانایەیە کە نەدارەکان گەندەڵیی ژیانی مەدەنییان نییە. ئەو رەخنەیە سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنی بە ئاماژە دەڵێت کە هەژاری لە نۆڕمێکی تایبەت لە کۆمەڵگای مەدەنیدا پێک دێت.

بە بڕوای هیگڵ، نەدارانی پەراوێز خراو لە کۆمەڵگا، تەنیا تا ئەو ئاستە مەسەلەن بۆ کۆمەڵگای مەدەنی، کە هەڕەشە لە سەقامگیرییەکەی دەکەن، بەڵام بە بڕوای مارکس مەسەلەکە بریتییە لە هەبوونی تەکووزییەکی(نەزم) کۆمەڵایەتی کە هەژارەکان لە ئەندامێتی لادەدات. هیگڵ لە روانگەی کۆمەڵگای مەدەنییەوە باسی هەژارەکان دەکات، بەڵام مارکس لە روانگەی نەدارەکانەوە رەخنە لە کۆمەڵگای مەدەنی دەگرێت. بۆ مارکس ئەم راستییە کە هەبوونی نەداران، رێوڕەسمێکی تایبەتیی کۆمەڵگای مەدەنییە، ئەوەش بۆخۆی رەخنەیەکە لەو کۆمەڵگایە، رەخنەیەکە لە پێوانەگشتیەکان، ئاوەزمەندەکان و مرۆییەکانی ئەو (111،ل25–24).

ئەو روانگەیەی کە مارکس دەیخاتە روو، هەر لە بنەڕەتدا ئەو شێوازانەی کە لە رێگایانەوە دەکرێ رووداو و دیاردەکان، ئایدۆلۆژیەکان و بانگەشەکانی پێهەڵسەنگێندرێت، دەگۆڕێت:

لە روانـگـەی مارکسەوە ئـەو راستیە کە نـەدارەکـان ئەندامی کۆمەڵگای مەدەنی نین بەو مانایەیە کە لە ئەزموونی ئەوەیکە پێیدەڵێن «نەبوونی بەرژەوەندیی سەرەتیەکانی کۆمەڵایەتی» یان «دژەسەرەتیەکانی سەرەتی»، بووراون. دژەسەرەتیەکانی(امتیاز) سەرەتی بەو چەشنەی کە مارکس لە باسەکانی خۆیدا وەسفیدەکات، تایبەتن بە ئاسەوارە زیانبارەکانی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان لە سەر تایبەتمەندییە ئەخلاقیەکان و وشیاریی ئەخلاقیی خەڵک. بەواتایەکی دیکە بە بڕوای مارکس، ئەوە تەنیا ئەندامانی

کۆمەڵگای مەدەنین کە ئەزموونی دژە سەرەتیەکانی(امتیازەکان) ئەندامێتی لە تەکووزیی(نەزمی) کۆمەڵایەتیدا دەستەبەر دەکەن کە لە ژێر دسەڵاتدارێتی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان دایە (هەمان سەرچاوە،ل31).

هێنانی نەدارەکان بۆ ناو گوتاری کۆمەڵگای مەدنی، کە هیگڵ بە شێوەیەکی هاوشێوە لەگەڵ لیبراڵەکان لە چوارچێوەی چینە داراکاندا بەرتەسکی دەکاتەوە، چەمکی دژایەتی هەڵدەگەڕێنێتەوە. دژایەتیی نێوخۆیی کۆمەڵگای مەدەنی لە دژایەتیی نێوان چینەکانەوە دەبێتە دژایەتیی نێوان چینە دارا و نەدارەکان. ئەو ئاوەژووکردنە مێژووییە، کاری مارکسە و خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی قسەوباس لە مەڕ کۆمەڵگای مەدەنی.

بەڵام مارکس لەو قۆناغەدا هەموو نەدارەکان رۆمانتیک دەکات، چونکە پرسیاری پێهەڵناخرێنێت. ئەو بۆ چینێک بە پێی جێگاوشوێنەکەی، کە لە دەرەوەی کۆمەڵگای مەدەنییە، تایبەتمەندییەکی تایبەتی تەرخان دەکات. نە پێیوایە کە وشیاریی سیاسیی ئەو چینە جێگای پرسیارە، و نە پێشیوایە کە لەوانەیە نەدارەکان لە بەهاکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا بەشدار بن، هەرچەندە لە بەرژەوەندییە مادیەکانی وەها کۆمەڵگایەکیشدا بەشدار نەبن. لە راستیدا لە نووسراوەکانی پێشووی مارکسدا سەبارەت بە پرۆلیتاریا، هەر ئەو رۆمانتیزمە خۆی دەردەخات. ئەو لە پێشەکیی رەخنە لە فەلسەفەی مافی هیگڵدا گەلاڵەیەکی گشتی خستە روو سەبارەت بەوەی کە پرۆلیتاریا چینێکی گشتییە. لە گەڕان بەشوێن بەرێوەبەرێکدا کە بتوانێت شۆڕش لە بارودۆخی سیاسیی دواکەوتووی ئەڵمانیادا بەرەوپێش بەرێت، هیچکام لەو چینە کۆمەڵایەتیانەی کە هەن، پێیانوانییە کە ئەڵمانیا بۆ ئەو کارە گونجاوە. هیچکام لەو چینانەی کەهەن، خاوەنی دوو چەندایەتیی بنەڕەتیی پێویست بۆ راپەڕینی سیاسی نین. ئەوان خاوەنی توانایی هەڵسەنگاندنی

بارودۆخی راستەقینەی شۆڕش، و بەکارهێنانی ویژدانێکی پێویست بۆ چالاکیی شۆڕشگێڕانە نین. تەنیا چینێک کە ئەو تایبەتمەندییانەی هەبێت، ئەو چینەیە کە لە کۆمەڵگای مەدەنی بێتە دەرێ:

چینێک لە کۆمەڵگای مەدەنیدا کە لە چەشنی کۆمەڵگای مەدەنی نییە، ئەو چینەی کە هەڵوەشانەوەی هەموو چینەکانە، پانتاییەکی کۆمەڵگا کە بەهۆی کوێرەوەریی گشتی ئەو، تایبەتمەندییەکی گشتی هەیە و داوای هیچ مافێکی تایبەتیش ناکات، چونکە نەک هەڵەیەکی تایبەتی، بەڵکو هەڵەیەکی بێ شەرت و مەرجیشی دەرهەقکراوە، پانتاییەک کە نەک رەوابوونی نەریتی، بەڵکو تەنیا رەوابوونی مرۆیی هەیە، نەک بەشێوەیەکی بەرتەسک نەیاری ئاکامەکانی سیستمی سیاسی ئەڵمانیا، بەڵکو بەتەواوەتی نەیاری پێشەکییەکانی ئەوە، سەرەنجام ئەو مەڵبەندەی کە ناتوانێت خۆی رزگار بکات ،بێ ئەوەی کە لە هەموو مەڵبەندەکانی دیکەی کۆمەڵگا رزگاری بێت، و هەر بەمشێوەیە ئەوانیش رزگار بکات، بەکورتی چوارچێوەیەک کە لەدەستچوونی کاملی مرۆڤایەتییە و تەنیا لە رێگای رزگاریی تەواوی مرۆڤایەتییەوە دەتوانێت خۆی دەرباز بکات. ئەو هەڵوەشاندنەوەیەی کۆمەڵگا وەکو چینێک تایبەت بە پرۆلیتاریایە (116،ل33).

پرۆلیتاریا، ئەندامێکی «دیکە»ی کۆمەڵگای مەدەنییە. پێکهاتەی دنیای بورژوازی، بۆیە بەدیهاتووە کە لە سەر شانی ئەو چینە بونیاتنراوە، و سەرەڕای هەمووی ئەوانەش هەروا جێگاوشوێنێکی پەراوێزکەوتوو لە ناوخۆی ئەو کۆمەڵگایەدا داگیر دەکات. مارکس لەو قۆناغەدا سەرنجێکی ئەوتۆ نادات‌ە رۆڵی بکەریی ئەو چینە، هەرچەندە کاری چینەکانی دیکەی ئەڵمانیا تاوتوێدەکات. تا رادەیەک وا دەنوێنێت کە پرۆلیتاریا پێویستی بە گەشەپێدانی بکەریی خۆی نییە، چونکە پێشووتر دەرباز بووە، هەر لەبەر

ئەوە رزگاریی کۆمەڵگای مەدەنی لە لایەن ئەو چینەوە بۆ مارکس جێگای پرسیار نییە.

تەنیا دواتر، ئەو کاتەی کە مارکس راگوێزی پاریس کراوە و لەگەڵ بزووتنەوەی رێکخراوی چینی کرێکار و حیزبە کۆمۆنیستەکان پەیوەندیی گرتووە، پرۆلیتاریا بە توخمێکی چالاک دەزانێت کە تێگەیشتنێکی زیاتری لە مەڕ سیاسەت هەیە. ئەوە شێوازی ئابووریی سیاسی بوو کە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو لەوە تێبگات کە چینی کرێکار رۆڵێکی ناوەندێتی بۆ پڕۆسەی بەرهەمهێنان هەیە. هەلی پڕۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایە دەڕەخسێنێت، پەرەسەندن و گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگای بورژواز بەدیدێنێت و پڕۆسەی بەرهەمهێنان پشتی بە پاوانکردنی کار بەستووە. مارکس باسی ئەوە دەکات کە کار سەرچاوەی هەموو بەهاکانە، بەڵام بەهەر رادەیەک بەهایەکی زیاتر بەرهەم دێت، کرێکار زیاتر تووشی نەداری دەبێت و بێ بایەخ دەبێت و لە مرۆڤایەتی دەشۆرێت. هەر کارێکی بەرهەم هێنان دەسەڵاتێکی زیاتر بۆ سەرمایە دەخوڵقێنێت و چینی کرێکاری کرێگرتە بەرهەم دێنێتەوە. بەشداریی چینی کرێکار لە پڕۆسەی بەرهەمهێناندا، بەشداریکردنە لە سەر لەنوێ بەرهەمهێنانەوەی نەگبەتی و بێدەرەتانی خودی ئەو. چینی کرێکار دەبێ لەو پڕۆسەیە واتا لە پڕۆسەی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی خۆی رزگاری ببێت، دەبێ خۆی وەکو چینێک هەڵوەشێنێتەوە.

کۆبوونەوەی چینی کرێکار لە دامەزراوە گەورەکاندا و کۆمەڵایەتی بوونەوەی پڕۆسەی بەرهەمهێنان، ئەو کارە بەدیدێنێت. ئەو کارە دەرفەتی ئەوە بە کرێکاران دەبەخشێت کە بە تەواوەتی سیستمی بەرهەمهێنان ئیفلیج بکەن. ئەو روانگە سیاسیەشیان پێدەبەخشێت کە بزانن بۆ ئەوەی کە چەوساندنەوە هەڵوەشێنەوە، خودی سیستمەکە دەبێ هەڵوەشێنەوە.

بەپێچەوانەی نۆڕمەکانی پێشووی مارکس، ئەو چینە لە دەرەوەی کۆمەڵگای مەدەنیدا دانەنراوە. دەسەڵاتی چینی کرێکاری رێکخراو لە نێو کۆمەڵگای مەدەنیدا ئەو دەرفەتانە دەڕەخسێنێت کە ئەو چینە دەتوانێت هەم خۆی و هەم مەڵبەندی مەدەنیش دەرباز بکات. کۆمەڵگای مەدەنی گۆڕەپانی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییە زاڵەکانە، بـەڵام دەشتوانێ جێگاوشوێنێک بێت کە چینە بەشمەینەتەکان بتوانن لەودا بۆ رزگاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری ململانێ بکەن.

مارکس لە خوێندنەوەی خۆیدا بۆ ئابووریی سیاسی، لە هێنانی نەداران و مافەکانیان بۆ ناو گوتاری کۆمەڵگای مەدەنی، لە دیتنی نەدارەکان وەکو چینێکی بنەڕەتیی لە کۆمەڵگای مەدەنیدا بەهۆی ئەوەی کە گەندەڵ نەبووە، لە تێگەیشتنێکی رۆمانتیکەوە سەبارەت بە بکەریی نەدارەکان، بەو ئاکامە گەیشت کە نەتەنیا ناکرێ چاوپۆشی لە چینی کرێکار بکرێت، بەڵکو دەبێ دەرک بە توانایيەکانیشی بۆ کردەوەی سیاسی بکات. تاک بە مەبەستی ئەوەی کە پاڵێوراوی ئەندامێتی کۆمەڵگای رزگاریبەخش بێت، دەبێ خۆی بە کارەوە خەریک بکات، چونکە لە مەجالی بەرهەمهێنان دایە کە ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەموو شوێنێکی دیکە ئاشکراترن. دەبینین کە مارکس بەچ شێوەیەک لە دیاریکردنی مەسەلەیەکەوە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، ئەو مەسەلەیەی کە ئەوی بەرەو رەتکردنەوەی رێگاچارەی هیگڵ رێنوێنی کرد، دەیهەوێت مەسەلەکە لە رێگای هەر ئەو بەڕێوەبەرانەوە چارەسەر بکات کە هیگڵ بە مەسەلەی دەزانی.هیگڵ مەسەلەی کۆمەڵگای نوێی هێنابووە ئاراوە، مارکس رەهەندەکانی ئەو مەسەلەیەی بە چەشنێک وەرگرت، کە هیگڵ هەرگیز نەیدەتوانی وێنایبکات. ناوکی عەقڵانی ئەندێشەی هیگڵی، واتا خودموختاری و خودبڕیاردان، لە قاڵبی عیرفانیی دەوڵەت دەرکێشرا و

لە چوارچێوەی کۆمەڵگای مەدەنیدا دۆزرایەوە. وادیار بوو کە مارکس بەو ئاکامە بگات کە ئەگەر فەسڵی تایبەتیی جیهانی نوێ، کۆمەڵگای مەدەنییە، کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ ڕێگاچارە و بەڕێوەبەرانی تایبەتیی خۆیشی بدۆزێتەوە. هەر ئەو کاتەی کە ئەوانە بە دەوڵەت بسپێرێت، مێژوو دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێک کە کۆمەڵگە وەک شوێنی قەدەغەکراوی دەوڵەت پێناسە دەکرا. مارکس ئەو تواناییە بە ئێمە دەبەخشێت کە ئەگەر کۆمەڵگەی نوێ هەندێک پێداویستی بۆ تاک دابیندەکات، بەرپرسیارێتی چارەسەری ئەو مەسەلانەش بەو دەسپێرێت. تاکی نوێ ناتوانێت لەو بەرپرسیارێتیانە پاشگەز بێتەوە، چونکە ئەوە بەمانای دەست کێشانەوە لە دەسکەوتەکانی سەردەمی نوێیە.

شارەزایانی ئابووریی سیاسیی کلاسیک، کۆمەڵگای مەدەنییان هێنابوە ناو ڕەوتی سەرەکیی بیردۆزیی کۆمەڵایەتی. هیگڵ ئەوەی قبوڵ کرد، بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی کردە بارمتەی دەوڵەتی دڵخوازی خۆی. مارکس، لە ئاوەژووکردنەوەی مێژوویی ئەو پێشەکییەدا، کۆمەڵگای مەدەنی وەکو شانۆی مێژوو زیندو کردوە، بەڵام مارکس لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە کۆمەڵگای مەدەنی نەیتوانیوە، بەڵێنەکانی خۆی، ئافراندنی کەشێک کە لەودا تاک بتوانێت دەستی بە ئازادی و خۆبڕیاردان رابگات، جێبەجێ بکات. دەبوایە لە ڕێگای گۆڕانکاریی دیموکراتیکی بنەڕەتییەوە ڕێک بخرایە و بە سەرنجدان بە خوخدەی ئەو مەڵبەندە، ئەو گۆڕانکاریە دەبوایە شۆڕشگیڕانە بوایە. تەنیا ئەو کات تاک دەیتوانی لەگەڵ کۆمەڵگا و دولەت یەکپارچە بێت. گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە دەبێتە بنەمایەکی ڕێکخەرانە بۆ بە مەدەنیەتی کردنی کۆمەڵگای مەدەنی.

**گرامشی و کۆمەڵگەی مەدەنی**

هیگڵ فەلسەفەی مافی لە ساڵی 1821 و مارکسیش بیست ساڵ دواتر رەخنەکەی بڵاو کـردەوە. هەتا ساڵی 1867، مارکس شاکارەکەی خۆی واتە سەرمایەی نووسیبوو، کە لووتکەی کارەکانی ئەو دێنە ئەژمار، کەواتە کەمتر لە چل و شەش ساڵ دوای ئەوەی کە هیگڵ چینی کرێکاری وەکو هۆکارێکی کۆمەڵایەتی وەلا نا، مارکس توانی وەکو هۆکارێکی گشتی بیناسێنێت کە سیستمی زوڵم و زۆری زاڵ لەناو بەرێت و کۆمەڵگایەکی مرۆیی لە جێگاکەی دابنێت. مارکس بۆیە توانی ئەو کارە بکات، چونکە قۆناغێک لە خەباتی چڕوپڕی چینی کرێکاری لە بریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا تێپەڕ کردبوو. ئەو خەباتانە هەم ناکۆکییەکانی سیستمەکەی خستەڕوو و هەم توانایییەکانی پرۆلیتاریایان بۆ دەسپێکی گۆڕانکاری دەرخست، بەڵام هەردوک فەیلەسوفەکە کەم تا زۆر لە قۆناغێکی مێژووییدا، کە قۆناغی سەرهەڵدان و پتەوبوونی سەرمایەداری بوو، ژیان و کاریان کرد.

لە مەودای نێوان مارکس و گرامشی دا (1891–1937) قۆناغێکی دوور و درێژ و گرینگی مێژوویی بە سەرداهات، ئەویش نەک لە بواری زەمەنیەوە، بەڵکو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سیستمی سەرمایەداریدا هاتە پێشەوە. سەرمایەداری چووبووە ناو قۆناغی پاوانخوازانە و ئیمپریالیستیەوە. شێوازەکانی کەڵەکەکردن، رێکخستنی سەرمایەداری گۆڕی بوو، بەچەشنێک کە نەتەنیا سیستمی بەرهەمهێنان کەوتبووە سەر رەواڵێکی رێکوپێک، بەڵکو دەکرا ژیانی کرێکارانیش بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. ململانێکانی نێوان ئیمپریالیستەکان و سەرمایەدارەکان، ببووە هۆی سەرهەڵدانی یەکەمین شەڕی جیهانی و پێداچوونەوەی سیستمەکانی دەسەڵات لە ئەوروپا. لە یەکێتی سۆڤیەتدا، شۆڕشی 1917 رژێمێکی پێکهێنا کە چاوەڕواندەکرا

بیردۆزی و کردەوەی مارکسیستی پێکەوە گرێداتْ و بەدیبێنێتْ. خودی مارکسیزم لە ئەنترناسیۆناڵی دووهەمدا وەکو شتێکی دوگمی لێهاتبوو و بۆ دەستوربەندی میکانیکی و ئاستْ نزم دابەزیبوو.

لەو نێوەدا لە وڵاتەکەی گرامشی واتە لە ئیتاڵیا، سێبەری فاشیزم کە لە دوورڕا بەرچاو دەکەوتْ، بزووتنەوەی چینی کرێکاری زایە کردبوو و مەترسی ئەوەی لە سەر بوو کە سەرجەم دەسکەوتْ و فۆڕمەکانی خەباتی سیاسی لە ناو بەرێتْ. لێکۆڵینەوەی بیردۆزی ئیتاڵی لە مێژووی نەریتْ و کردەوەی مارکسیستیدا، ئاکامی هەوڵەکانی ئەو بۆ تێگەیشتنی رێڕەوی مێژوویی کۆمەڵگای خۆی بوو. بیردۆزیی گرامشی تایبەتْ بە زەمەن و جێگاوشوێنێکی دیاریکراوە، بەڵام لەو لێکۆڵینەوەشدا دیسانەوە هەندێک ئەندێشەی تێدایە کە بە قوڵی کاریگەری لە سەر بیردۆزیەکانی سەرچاوەگرتوو لە زەمەن و شوێنەکانی دیکە دانا. ئەو لە قۆناغێکی مێژوویی زۆر تایبەتیدا شتی دەنووسی و باسی ئەزموونەکانی شۆڕشی روسیا و شکستی بزووتنەوەی چینی کرێکار لە ئیتاڵیای دەکرد، هەروەها لە قۆناغێکی فیکریدا شتی دەنووسی کە سەرجەمی بڕیارە مارکسیستیەکانی ئەنترناسیۆناڵی دووهەم بە هەڵە دەرچووبوون. گێڕانەوەی مارکسیستی کە باسی لە گەشەی کۆمەڵگاکان بە پێی گەشەی قەڵەمڕەوی ئابووریی ئەوان دەکرد، بایەخی خۆی لە دەستْ دابوو، و قەیرانە ئابووریەکان قەیرانی سیاسییان لێ نەکەوتبوەوە. مارکسیزم لە چاوەڕوانی گێڕانەوەیەکدا بوو، کە بتوانێ لە دەستْ تێوەردانی ئایدۆلۆژیکی بە ئەنقەستْ لە بوارەکانی کولتوری و ئایدۆلۆژیک قسە بکاتْ. مێژوو، کۆمەڵناسی و سیاسەتی نەریتی سۆسیالیستْ پۆزیتیڤیستْ، دەبوایە خوێندنەوەی بۆ بکرایەتەوە. گرامشی ئەو خوێندنەوەیەی بە ئەنجام گەیاند.

گرامشی پرسیاری ئـەوەی لە خۆی کرد، کە بۆچی لەو وڵاتانەدا شۆڕش رووی نەدا کە پێشمەرجەکانی کلاسیکی سۆسیالیزمیان دابینکردبوون و بۆچی لە وڵاتانێکدا رووی دابوو کە چاوەڕوانی لێنەدەکرا؟ لەم پرۆسەی پێداچوونەوەیەدا، چەمکە گرینگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسی، هێژمۆنی و رۆڵی رۆشنبیرانی بە بیردۆزیی سیاسی بەخشی. ئاکامەکەشی ئەوەیە کە لە بیردۆزیی سیاسیی گرامشی دا، پەرەسەندنێکی سێ لایەنە بەرچاو دەکەوێت: پەرەسەندنی بیردۆزیی دەوڵـەت، کە بۆخۆی لە پەرەسەندنی چەمکەکانی دەسەڵات و باڵادەستییەوە سەر هەڵدەدات، و پەرەسەندنی چەمکی شۆڕش. ئەوەی کە وەکو ئاڵقەیەکی لێکهەڵپێکراو لە تەواوی ئەو پێناسانەدا بوونی هەیە، چەمکی کۆمەڵگای مەدەنییە. ئەو سێ پەرەسەندنە، لە سەرنجی باڵای ئەو بۆ رێگاچارەیەکی شۆڕشگێڕانەوە دەستپێدەکەن و بوارەکەشیان هەر لەو دایە. ئەو دەنوسێت: «کەم تێگەیشتن لە دەوڵەت بەمانای کەمبوونی وشیاریی چینایەتییە».

## دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی لە بیردۆزیی گرامشی دا

گرامشی لە دەرئەنجامی وەڵام بەو پرسیارە کە بۆچی شۆڕشەکان لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا روویاننەداوە، بیردۆزیی مارکسیستی دەوڵەت پەرە پێدەدات. لێکدانەوەی بەرچاوی ئەو ئەوەیە کە بە بێ تێگەیشتن لە کۆمەڵگای مەدەنی ناتوانین لە دەوڵەت تێبگەین. ئەو دەڵێت دەبێ «دەوڵەت» نەک تەنیا بەواتای دامودەزگای حکومەت، بەڵکو دەبێ بە واتای دامودەزگای «تایبەتیی هێژمۆنی یان کۆمەڵگای مەدەنی» لێی تێبگەین (61،ل261). ئەوە لە کۆمەڵگای مەدەنیدایە کە دەوڵەت قبوڵکردنی رێباز و بەرنامەکانی خۆی هەست پێدەکات. ئەو بۆچوونە چەمکی مارکسیستی دەوڵەتی پەرە پێدا.

ئـەوە ڕاستە کە بیردۆزیی مارکسیخوازانە، خوخدەی دوانێتی و دژبەیەکی دەسەڵاتی دەوڵەتی وەهـا مانا کـردوەتـەوە کە بەهۆی خوخدەی(سرشت) زۆرەملێ و ناچاریەوەیە، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەوە مارکس بوو ئەو بیردۆزییەی هێنایە ئاراوە کە دەڵێت ئەندێشەکانی چینی باڵادەستی هەر قۆناغێک، ئەندێشەکانی زاڵ لەو قۆناغەدان. کەوابوو دانپێدانان بە دەسەڵاتی چینە باڵادەستەکان دەبێتە یەکێک لە بەشە پێکهێنەرەکانی وشیاریی کۆمەڵایەتی، ئەوەی کە گرامشی بەڕێوەی دەبات ئەوەیە کە ئێمە لەو ڕاستیە ئاگادار بکات کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، دەسەڵات بە سەر تەوەری جۆراوجۆردا دابەشدەبێت، و نۆڕمی جۆراوجۆر بەخۆیەوە دەگرێت. ئەو جێگاوشوێنی ڕازیبوون و هەر لەو ڕووەشەوە جێگاوشوێنی باڵادەستیی چینە دەسەڵاتدارەکان دیاری دەکات.

ئەو جیاوازییەش کە ئەو لە نێوان کۆمەڵگای سیاسی و مەدەنیدا دایدەنێت، جیاوازییەکە لە نێوان هەڵویست و فۆڕمەکانی دەسەڵات. کۆمەڵگای سیاسی چوارچێوەیەکە کە لەودا دامودەزگای زۆرەملێی دەوڵەت چەقی بەستوە زیندانەکان، سیستمی دادوەری، هێزە چەکدارەکان و پۆلیس. کۆمەڵگای مەدەنی تەوەرێکە کە لەودا دەوڵەت کار دەکات بۆ ئەوەی شێوازە نادیارەکان، هەست پێنەکراو و باریکەکانی دسەڵات لە ڕێگای سیستمەکانی بارهێنان، کولتوری و ئاینی و دیکەی دامەزراوەکانەوە داسەپێنێت. کۆمەڵگای سیاسی لە ڕێگای یاساکانی سزادان و زیندانەکانی خۆیەوە کۆمەڵگاکەی ڕێکوپێک دەکات، بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕێگای دامەزراوەکانیەوە زەین و دەروون ڕێکدەخات. گرنگتر ئەوەیە کە ئەگەر ئەوانەی دووهەم ئامادە بن، ئەوەی یەکەمیان بێجگە لە کاتەکانی قەیراندا کە هەڕەشە لە خودی سیستمەکە دەکرێت، پێویست نابێت.

هەڵبەتە جیابوونەوەی دوو فۆڕمی دەسەڵات، جیاییەکی شێوازناسانەیە، دەوڵەت دەتوانێ ئایدۆلۆژیا بڵاوبکاتەوە، و خوێندنگەکانیش دەتوانن ئەمێ بکەن، بەڵام لە نێوان زۆرەملێ و رازیبوونەکەدا، گرامشی ئەوەی دووهەمیان لە پێشەوە دادەنێت. ئەو مەڵبەندەیە کە ئەرکی تایبەتی بەرهەمهێنانەوەی سیستمەکەی لە ئەستۆیە. بیردۆزیی داشکێنەرانەی مارکسیستی کە کەم تا زۆر دەوڵەتی وەکو پێکهاتەیەکی زۆرەملێ سەیر کردبوو، چووە قاڵبێکی نوێوە بۆ ئەوەی نیشانی بدات بەکار هێنانی راشکاوانەی زوڵم و زۆر رەنگە پێویست نەبێت، چونکە دەسەڵات لە سەرتاسەری کۆمەڵگادا بەچەشنێک بڵاو بووەتەوە کە خەڵک لە بڕیارەکانی دەوڵەتی سەرمایەداری هەر لە خۆڕا پەیڕەویدەکەن.

لەمبارەیەوە قسەوباس زۆرە سەبارەت بەوەی کە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی گرامشی دەبێ لە کوێ دابنرێت. ئایا هەروەک لە وتە بەناوبانگەکەی گرامشیدایە کە دەکرێ دوولایەنی سەرخان بە هاوتای کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسی بزانین، وەک بەشێک لە سەرخان دێتە ئەژمار؟ یان ئەوەیکە ئەو ئاستێکی نوێی بە خوازەی بونیاتنەرانەی سەرخان و ژێرخان زیاد کردوە؟ خاڵی گرنگ ئەوەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی، کە لە مارکسیزمی راستڕەودا لەگەڵ کردەوە ئابووریەکانی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و دانوستان وەک یەک شت لە بەر چاو گیراوە، بەو ئاستە گەیشت کە نوێنەری کۆمەڵێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بێت کە لە نێوان دەوڵەت و تاک دا لە ئارادایە. کۆمەڵگای مەدەنی سەرخانییە، چونکە سەر بە مەڵبەندەکانی کردەوەی ئایدۆلۆژیک و سیاسییە و ژێرخانیشە، چونکە تەوەرێکە کە لەودا چینە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگا، واتا سەرمایەدارەکان و پرۆلیتاریا، ئەزموونەکانی خۆیان لەو کردەوانەدا دەخەنەڕوو.

بەواتایەکی دیکە، کۆمەڵگای مەدەنی وەکو کۆمەڵێک کردەوەی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەکان (ژێرخانی)ی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و سەرخانە ئایدۆلۆژیەکان و دەوڵـەت، رێکدەخات. بە دوو شێوە ئەوان رێکدەخات: کۆمەڵگای مەدەنی چوارچێوەیەکە بۆ رازیـکـردن، بەڵام لە هەمانکاتدا پانتاییەکیشە کە لەودا دەرفەتی حاشاکردن و نەهێشتنی ئەو رازیبونەش لە ئارادایە، و دەتوانێ بە فۆڕمێکی نوێی رێکخراوێکی سیاسی رازی بێ و ئاگاداریشی لێبکەی. دوانەییەتی توند لە نێوان ژێرخان و سەرخاندا چارەسەر دەبێت و ئەوە کۆمەڵگای مەدەنییە کە مۆڵەتی رێکخستنی ئەو دوانەییە دەدات.

کۆمەڵگای مەدەنی لەو روەوە مۆڵەتی خۆڕێکخستنی ئەو دوانەییە دەدات، چونکە بوارێکە کە لـەودا رەزایـەت بە گەلاڵەکانی دەوڵەتی سەرمایەداری دەدرێت، بەڵام تاک بەشێوەی ناچالاک رەزایەت نادات، بەڵکو لە خوڵقاندنی ئەو رەزایەتەدا رۆڵی چالاکی هەیە. مەشروعییەت شتێکە زۆر زیاتر لە قبوڵکردنی ناچالاکی دەسەڵاتی دەوڵەت. مەشروعیەتی دەوڵەت و کردەوەکانی ئەو لەو رووەوە خۆی دەنوێنێت، کە هۆشیاریی تاک بەشێوەیەک بارهاتوە کە لە رووبەڕووبوونەوەی راشکاوانە لە گەڵ دەوڵەت و دامودەزگاکانی ئەو پێشگیری دەکات. ئەگەر ئاوا بێت کەواتە شۆڕش زۆر بە دژواری بەڕێوە دەچێت. لە ساڵی 1849 هێنری دەیڤید تۆرۆ، فەیلەسوفی ئەمریکی لە نافەرمانی مەدەنیدا نووسی: «هەموو مرۆڤەکان باوەڕیان بە مافی راپەڕین هەیە، ئەو مافەش رەتکردنەوەی وەفاداری بە حکومەت و خۆڕاگریی لە بەرامبەر ئەو دایە، لە کاتێکدا کە ملهوڕی یان کارابوونەکەی زۆر و لە تەحەمول دا نەبێت، بەڵام دەکرێ بگوترێ کە هەمووان دەڵێن جارێ وا نییە». گرامشی لەگەڵ ئەوە دەهاتەوە کە کاری تایبەتیی دەوڵەتە

ئاڵۆز و ناڕوونەکان ئەوەیە، خەڵکەکەی خۆیان بەو قەناعەت بگەیەنن، کە هەرچەندە ئەم سانەوەختەی تێیدان ئەگەر زۆریش قەیراناوی بێت، بەڵام کاتی دەستبردن بۆ راپەڕین نییە. دەکرێ ئەوە بەو راستیە شرۆڤە بکەین کە کۆمەڵگای مەدەنی بە دامودەزگای دەسەڵاتی ئایدۆلۆژی و کولتوریی خۆی لە نێوان تاک و دەوڵەتدا راوەستاوە.

بەو پێیە، ئەو توانی بەو ئاکامە بگات کە لە روسیادا دەکرا راپەڕین سەر هەڵبدات، چونکە لە نێوان دەوڵەتێکی ئیزاریی(تزاری) بەهێز و خەڵکی روسیادا، کۆمەڵگای مەدەنی نەبوو کە بتوانێت پشتیوانی دەوڵەت بێت. لە نەبوونی ئایدۆلۆژیە بەهێزەکان، یان پێکهاتەکانی رەوایی پێدان، کە بتوانن قەڵغانێک بن لە نێوان دەوڵەت و خەڵک دا، یان توانایییەکی ئەخلاقی بە دەوڵەت ببەخشن، دەوڵەتی روسیا بە ئاشکرا زۆرویژی دەکرد و سەر بە چینێک بوو. دەوڵەتێکی ناڕوون نەبوو. هەموو دەسەڵاتەکەی پاوانکردبوو، هەربۆیە قۆناغی راپەڕین توانی دەسەڵاتەکە بەدەستەوە بگرێت. بە پێچەوانەی ئەو لە ئەوروپا، کۆمەڵگای مەدەنی بە هەموو شێوازەکانی پێویست بۆ دەسەڵات و کۆنترۆڵ، قەڵغانێکی بۆ دەوڵەت دابینکرد.

گرامشی شێوازێکی بۆ فامکردن و پۆلێنبەندیکردنی دەوڵەتەکان لە رێگای کۆمەڵگاکانی مەدەنیی ئەوانەوە دابینکرد. بەبڕوای گرامشی سەرجەم دەوڵەتەکان پێکهاتەکانی دەسەڵاتێکی زۆرەملێن، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کە کۆمەڵگای مەدەنییان نییە، دەوڵەتانێکی روونن.

تایبەتمەندیی دەوڵەتە ئاڵۆزە بورژواکان ئەوەیە کە ناڕوونن، چونکە خاوەنی کۆمەڵگای مەدەنین و کۆمەڵگا مەدەنیەکانیش وەکو پاڵوێنەی پشتگیری کار دەکەن. لە خۆرئاوا پەیوەندییەکی تایبەتی لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت لە ئارادابوو و کاتێک کە دەوڵەت لاواز دەبوو، پێکهاتەی

توندوتیژی کۆمەڵگای مەدەنی بەجارێک دەردەکـەوت، دەوڵـەت تەنیا سەنگەرێکی دەرەوە بوو و لە پشتەوەشی سیستمێکی بەهێز راوەستابوو» (61،ل238).

ئەو لێکدانەوەیە بە دوو مانا ئاوەژووکردنەوەیەکی مێژوویی بەڕێوە دەبەن. لە بیردۆزیی لیبراڵی وەک بەرهەمەکانی دوتوکڤیل، کۆمەڵگای مەدەنی لە بەرامبەر دەسەڵاتی دانەبەزیوی دەوڵەتدا پارێزگاری لە تاک دەکات. لێرەدایە کە تاک تەنانەت لە دژی دەوڵەتیش، هەندێک یاسا پەیڕەو دەکات. کۆمەڵگای مەدەنی وەکو پاڵوێنەیەکی پارێزەرە بۆ تاک. لە دەستوربەندیی گرامشیدا، کۆمەڵگای مەدەنی نیگابانی دەوڵەتە و لە سیستمی سەنگەربەندیی شەڕەکانی ئەمڕۆیی دەچێت. کۆمەڵگای مەدەنی نەک قەڵغانی تاک، بەڵکو قەڵغانی دەوڵەتە. وەکو دەستوربەندیی مارکس، نە دەوڵەت و نە کۆمەڵگای مەدەنی پارێزەری تاک نین. هەردووک مەڵبەندەکە دەبێ گۆڕانیان بەسەر دابێت.

بەڵام گرامشی واتای مارکسیی کۆمەڵگای مەدەنیش پەرەپێدەدات. نەریتی راستڕەوانەی مارکسیستیی کۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ رێکخستنی مادی کۆمەڵگا وەک یەک لە بەر چاو گرتبوو. گرامشی ئەوەی بە پێکهێنەری سیستمی سەرمایەداری دەزانی، بەڵام شتێکی زۆر زیاتر لە چوارچێوەی مادی. ئەوە قەڵەمڕەوی ئاکارە ئایدۆلۆژی و کولتوریەکان بوو کە خزمەتی بە چڕتربوونەوەی گوشاری چینە باڵادەستەکان و دەوڵەتی سەرمایەداری دەکرد. گرامشی لە نێودێرکردنی ئەو مەڵبەندەدا زیاتر لە هیگڵ نزیکترە نەک لە مارکس. بە بڕوای مارکس ئابووری دیاریکەر بوو. بە بڕوای گرامشی بنەمای ئابووری و بنەمای ئایدۆلۆژیکە کە گرینگی هەیە. بە بڕوای گرامشیش هەروەک مارکس، کۆمەڵگای مەدەنی شانۆی مێژوویە.

ژیانی دەوڵەت «پرۆسەی هاوپەیوەندیی پێکهاتن و نەمانی هاوسەنگیە نابەردەوامەکان» لە کۆمەڵگای مەدەنیدایە.

گرامشی بە پەرەپێدانی واتای مارکسیستیی دەوڵـەت، لە نێوان دەوڵەت وەکو رێکخراوی سیاسیی کۆمەڵگا، و دەوڵەت وەکو حکومەت جیاوازی دادەنێت، بۆئەوەی یەکەمیان دەستەواژەی دەوڵەتی یەکپارچە بەکاردەهێنێت. ئەو دەوڵەتە فۆرمی سیاسیی دیاری کۆمەڵگای مەدەنییە، کە تەنیا لە شیکاری و لێکدانەوەدایە، کە دەکرێ جیا بکرێنەوە. لە تێگەیشتنی گرامشی دا، دەوڵەت بریتییە لە سەرجەمی ئەو چالاکییانەی کە چینی دەسەڵاتدار لە رێگای ئەوانەوە باڵادەستیی خۆی دەپارێزێت و هەموو ئەو شێوازانە دەگرێتەوە کە لە رێگای ئەوانیشەوە دەتوانێت رەزامەندی ئەو کەسانە بەدەست بێنێت کە بە سەریاندا دەسەڵاتدارێتی دەکات. بەو واتایە هەموو ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە کە بەگشتی بیردۆزیی سیاسی ئەوان لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی تایبەتیدا دادەنێت. دەوڵەتی یەکپارچە لە رێگای ئەو چالاکییانەوە کە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا بەڕێوە دەچن، خۆی لە ئاکاری ژیانی رۆژانەدا سەرلەنوێ بەرهەمدێنێتەوە. بەمشێوەیە وشیاریی تاک و کۆمەڵ پێکدێنێت. هۆشیارییەک کە مەبەستەکەی لە ئاکامدا هەر سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی خودی سیستمی سەرمایەدارییە.

گرامشی دابینکردنی رەزامەندی لە رێگای بەکارهێنانی هێماکان و ئەفسانەکان، دامـەزراوە و ئاکارەکانی وەک هێژموونی شی دەکاتەوە. هەژمۆنی لە روانگەی گرامشی دا کارێکی زۆر تایبەتی و بنەڕەتی هەیە. رێبەرایەتیەکی ئەخلاقی و فیکری بۆ ئاکارە بەکۆمەڵ و پەرتەوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دابیندەکات. «لەو زۆربوونەی شورا تایبەتیەکاندا... یەکێک یان چەندانەی ئەوان بەشێوەی رێژەیی یان رەها زاڵە دامودەزگای

هێژمۆنی گروپێکی کۆمەڵایەتی بە سەر دیتراندا (یان کۆمەڵگای مەدەنی) پێکدێنێت: بنەمای دەوڵەت بە مانای بەرتەسکی دامودەزگای زۆرەملێ حکومەتی (61،ل5–264).

لە پانتایی بەکۆمەڵ و جێگای ململانێی کۆمەڵگای مەدەنیدا، هەژمونی وەک بنەمایەکی ڕێکخراوەیی خۆی دەردەخات کە ڕێکخەر و دابینکەری یەکێتیە. هێژمۆنی وەکو ڕێبەرایەتیەکی ئەخلاقی و فیکری چینی باڵادەست، لایەنی ئەخلاقیی ژیانی سیاسی دابین دەکات، چونکە بنەمای کۆمەڵایەتی ڕازیبوون بۆ دەوڵەت دابین دەکات. دەسەڵاتی دەوڵەت کۆکراوەی شتە بەرچاوەکان و یاسامەندبووی دەسەڵاتە. بەڵام لەوە گرینگتر ئەوەیە کە سەپاندنی ئەو دەسەڵاتە، نە تەنیا بەشێوەی زۆرەملێ، بەڵکو لە ڕێگای قبوڵکردنەوە گەرەنتی دەکرێت. کۆمەڵگا دەبێ ئامادەگی ئەوەی هەبێت کە دەسەڵاتی چینە باڵادەستەکان قبوڵ بکات. کۆمەڵگای مەدەنی لایەنێکی ئەخلاقییە کە لەودا ڕوانگەی ئەخلاقی و پێش بینیی چینی باڵادەست، کۆمەڵگایەکی چەند پارچە پێکەوە گرێ دەدات و بە یەکەوەیان ڕادەگرێت.

گروپێکی کۆمەڵایەتی بەر لەوەی کە دەسەڵاتی حکومەتی بەدەست بێنێت، دەتوانێت و لە ڕاستیدا دەبێ «ڕێبەرایەتی»ی خۆی داسەپێنێت (ئەوە لە ڕاستیدا یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی دەستەبەرکردنی ئەو دەسەڵاتەیە). لە ئاکامدا کاتێک کە دەسەڵاتەکەی بسەپێنێت، زاڵدەبێت، بەڵام تەنانەت کاتێک کە بە توندی دەستی بە سەر دەسەڵاتەکەدا گرتووە، دەبێ هەروا ڕێبەرایەتیش بکات (هەمان سەرچاوە، 63–57).

لەو شیکاریە واتاییەی کۆمەڵگای مەدەنیدا، کاریگەریی هیگڵ بە سەر گرامشی بە ئاشکرا دیارە: کۆمەڵێک لە ئاکارە کۆمەڵایەتیەکان کە ڕەنگدانەوەی خوی ئابوورین و لە ڕێگای ئەوەوە دابیندەبن، کۆمەڵێک لە

ڕێکخراوەکان کە ئەو ئاکارانە ڕێکدەخەن، و هەڵوێستێک بۆ یەکانگیربوونی ئەو بەرژەوەندییە تایبەتیانە، کە بنەمای ئەخلاقیی دەوڵەت دابیندەکات، بەڵام بە پێچەوانەی هیگڵ، بە بڕوای گرامشی ئەوە دەوڵەت نییە کە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا بەرژەوەندییە تایبەتیەکان ڕێکدەخات، کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ ڕێگاچارەکانی خۆی بدۆزێتەوە. پێناسەکەی هیگڵییە، بەڵام ڕێگا چارەی ئەو مارکسییە. ئەو بنەمایەی کە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای مەدەنیدا پێک دێنێت، دەبێ لە نێو ئەم چوارچێوەیەدا بدۆزرێتەوە.

دووهەم: ئەوەی کە هەژمونی بۆ گرامشی پرۆسەیەکە کە دەوڵەت بە ئاوڕدانەوەی بەردەوام بۆ ڕووداوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پەیوەستە، بەردەوام لەو ڕێگایەوە دیسانەوە پیلانی زاڵبوونی خۆی دادەسەپێنێت، هاوسەنگ و ڕێکوپێکیشی دەکات. دەوڵەت تا کاتێک کە دامەزراوەیەک دەسەڵاتەکەی لێوەردەگرێتەوە زیاتر پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە. سەرچاوەی نەگۆڕ و بەردەوامی دەوڵەت، کۆمەڵگای مەدەنییە، کەواتە هەژمونی شتێک نییە کە بکرێ جارێک بۆ هەتاهەتایە سەقامگیر بکرێت و دواتر دەستی لێ بەردرێت، بۆ ئەوەی داکۆکی لە خۆی بکات. دەبێ بەردەوام داڕێژرێتەوە و بخرێتەڕوو. پرۆسەیەکە کە دەوڵەت دەباتە نێو پەیوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵگا و ئەو توانایەی پێدەبەخشێت کە هێزێکی بنەڕەتیی بەخۆی بەخشێت.

گرامشی بەشێوەیەکی کاریگەر گوتاری سیاسی لە خەریکبوون بە پێکهاتە بەرینەکانی دەسەڵات دەرباز دەکات و سەرنجی بەرەولای شێوازێک رادەکێشێت کە لە ڕێگای هەژمونییەوە دەسەڵات لەگەڵ ئەو، لە مەڵبەندی مەدەنیدا تەشەنە دەسێنێت. بەمجۆرە مانای دەوڵەت دەتوانێت هەروەک رووبەری بەرینی پێکهاتەکان باسی رووبەرە وردەکانی پێکهاتەکانیش

بکاتْ. گرامشی دەیتوانی باسی دەسەڵاتی پرۆسە ئابووریەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری بکاتْ، بەڵام هەر بەو رادەیە دەیتوانی وەکو بابەتێک بۆ سەپاندنی ئەو دەسەڵاتە ئاماژە بە خێزان بکاتْ. هەر ئەوەندە بەسە بیر لەوە بکەینەوە کە بە چ شێوەیەک چەمکی یاسادارِێژ دەبائە ژێر پرسیارەوە؟ تەنانەتْ بێدەسەڵاتترین تاکیش دەتوانێتْ یاسادارِێژی جیهانی تایبەتیی خۆی بێتْ، هەروەک چۆن دایک و باوک لە ناو خێزاندا دەیکەن. دایک و باوک، بەتایبەتْ باوکەکان، جیهانبینی خۆیان بەسەر منداڵەکاندا دادەسەپێنن و بەمجۆرە دەسەڵاتی خۆیان دادەسەپێنن (61،ل6–265). کەواتە ئەوە دەسەڵاتە کە جیهانبینی تەواوی نەوەکان پێک دێنێتْ. روون و ئاشکرایە کەسێک کە لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا لەدایکبووە، لەواندا بارهێنراوە، لەواندا کاری کۆمەڵایەتی دەکاتْ، جێگاوشوێنی پیشەگەریی ئەو لەواندایە، ئەوانە لە ژیان و بوونی خۆیدا سەرلەنوێ بەرهەمدێنێتەوە. ئەو هەموو خوە گوێرِایەڵانەیەکە لە دامەزراوەکاندا چێدەکاتْ. ئەو تاکەی کە دوای ساڵانێک پەیرِەویکردن لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتْ، بە ئاسانی دەسەڵاتی دەوڵەتْ قبوڵدەکاتْ.

هەروەک فۆکۆ دواتر ئاماژەی پێکردەوە، هەموو هەڵوێستێکی کاری کۆمەڵایەتی، هەڵوێستێکە بۆ پەیوەندییەکانی دەسەڵاتْ، بەڵام گرامشی بە پێچەوانەی فۆکۆ ئەو پرۆسە وردانە بە بونیاتنەری پێکهاتە بەرینەکانی دەسەڵاتْ دەزانێتْ کە لە ئاستی دەوڵەتدا یاسامەند دەکرێن و ئاخێزگەکەشیان لە پرۆسەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری دایە. سەرچاوەی ئەو پرۆسە وردانە بە پێچەوانەی ئەوەی کە دواتر فۆکۆ باسی کرد، خواستی دەسەڵاتْ نییە، بەڵکو لۆژیکی سیستمی سەرمایەداری پێکهێنەری ئەوانە. گرامشی دەڵێتْ دەسەڵاتْ زنجیرەییە و راستایەکی هەیە، و خواستْ و

ئامانجێکی هەیە. چەقبەستن لە سەر چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی دەوڵەت لە کۆمەڵگادا لە بیردۆزیی گرامشی دا بە راپۆرتێک سەبارەت بە چۆنیەتی رێکخستنی ئەو بۆ شێوەبەخشین بە پێکهاتەکانی زاڵی دەسەڵات تەواو دەبێت. ئەگەر بەو چەشنەی کە فۆکۆ دەڵێت، دەسەڵات لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا گشتگیرە، بە بڕوای گرامشی زنجیرەییشە. ئەو سەرنجی لای چەقبەستنی پەیوەندییەکانی دەوڵەت بە سەر هەموو شوێنەکاندایە، بەڵام هەر بەو رادەیەش سەرنجی لای دەرخستنی ئەوەیە کە بۆچی وەها پەیوەندییەک لە ئارادان و لەوەش گرنگتر، ئەوەی کە بە چ شێوەیەک ئەگەری تێکشکانیان هەیە.

### راپەڕین وەکو دژە هەژمونی

کۆمەڵگای مەدەنی ئەگەر هەر لەو ئاستەدا مایابەوە، هیچ شتێک نەدەبوو بێجگە لە وەرگرێکی پاسیڤی ئەو هێزانەی کە لە دەوڵەت و چینە باڵاکانەوە سەرچاوەی دەگرت، بەڵام لە بیردۆزیی گرامشی دا، رەهەندێکی چالاک و بزێو بەخۆیەوە دەگرێت، هەڵوێستێکە کە لەودا چینە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگا، هەروەها گروپەکانی دیکەش کە بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەخەنە روو، جێگاوشوێنە چینایەتیەکان دیاریدەکەن، لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای مەدەنی هەڵوێستێکە کە مەشروعیەتی دەوڵەتی تێدا باسدەکرێت، بواری رەزامەندبوونیشە. هەر لێرەدایە کە چینە ژێر دەستەکان دەتوانن ململانێ لە گەڵ دەسەڵاتی دەوڵەت بکەن.

بە بڕوای گرامشی کۆمەڵگای مەدەنی بە پێی پێویست شەڕخوازە، بەڵام ئەو ململانێیە لەوانەیە باس بکرێت و هەر بە هەمان رادەش لەوانەیە بە شێوەیەکی ئاماژەگەرانە بمێنێنەوە. هێژمۆنی چینە باڵاکان دەبێ لە

ڕێگای دەستتێوەردانی وشیارانەی سیاسی و لە ڕێگای چینە ناسەرەکییەکانەوە بگۆڕدرێت. کۆمەڵگای مەدەنی بە شێوازی گرامشی خاوەنی زاتێکی نەگۆڕ نییە، کەشێکە کە بە کردەوەی دانیشتوانەکەی پێناسە دەکرێت. هەژمونی دەتوانێ دارایی چینە باڵادەستەکان بێت، بەڵام بە هەمان رادەش دەتوانێت بکەوێتە بەردەستی چینە ژێر دەستەکان، بەڵام هەر چینێک بەر لەوەیکە دەست بە سەر دەسەڵاتی سیاسیدا بگرێت، دەبێ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بخاتە هەژمونییەوە. تەنیا لەو کاتەدا دەکرێت بنەمای ئەخلاقیی دەوڵەت سەقامگیر ببێت.

بەڵام گرامشی هۆشداردەدات کە تەنیا بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ئابووری، یان دەوڵەتی بەس نییە. پڕۆسەیەکی دژە هەژمونی دەبێ لە هەموو هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکاندا ململانێ لە گەڵ خاڵە ناڕوونەکانی دەسەڵات بکات. گرامشی بە پێچەوانەی فۆکۆ جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە ئامانجی کۆتایی و گشتیی ڕاپەڕین دەبێ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی و بەدەستەوەگرتنی دەوڵەت بێت. ئەوەی کە بیردۆزیی هەژمۆنیی ئەو دەیکات، ئەوەیە کە رەنگە پەرە بە داوێنی خەباتی چینایەتی بدات و کامڵی بکات. خەباتی چینایەتی تەنیا لە سەر بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی، یان بە دەستەوەگرتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان نییە، بەڵکو لە سەر لادانی نهێنیەکانی ئەو ئەندێشە و ئایدۆلۆژیایانەیە، کە تاک تا ئەم سەردەمە لە ڕێگای ئەوانەوە جیهانی خۆی ناسیوە.

گرامشی پێیوایە کە بەگرتنەدەستی دەوڵەت یان ئابووری بەس نییە، ئەوانە تەنیا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە چالاکییەکانی رۆژانەی تاکەوە هەیە. رزگاریی تاک پێویستی بەوەیە کە پڕۆسەکانی ژیانی رۆژانە کە ئەو بوونی خۆی لەگەڵ ئەوان رێکدەخات، لە ئەفسانەکان بەتاڵ ببنەوە

و گۆڕانیان بەسەر دابێت. دەوڵەتی روسیا تەواوی دەسەڵاتەکەی لە لای خۆی کەڵەکە کردبوو، هەربۆیە ساتەوەختێکی شۆڕشگێڕانە دەیتوانی ئەو دەسەڵاتە بڕوخێنێت و جێگاکەی بگرێتەوە. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا شۆڕشی سیاسی بە بێ شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەدینایەت. لەو شتەدا کە ئەو پێیدەڵێت شەڕی بزووتنەوە، گۆڕانکارییە بەشێنەیی و وردیلەکان لە کۆمەڵگای مەدەنیدا پێویستن. خەبات لە دژی کۆمەڵگای مەدەنی و لە نێوخۆی کۆمەڵگای مەدەنی دایە. پێشێنی کۆمەڵگای مەدەنی لە بیردۆزیی گرامشی دا، ئاسەواری سیاسی و ستراتژیی گرینگی هەیە.

هەژمونی ماوەیەکی زۆر بەشێک لە وشەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بووە و بۆ ئاماژەکردن بە دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتانە بەکار دەبرا کە لە بواری هونەرناسی، سەربازی و ئابوورییەوە لەچاو دەوڵەتەکانی دیکە لە سەرترن. ئەو دەستەواژەیە لە لایەن پۆلخانۆف لە چەمکی تایبەتیی رێبەریی پرۆلیتاریا لە یەکێتی کرێکاران و وەرزێران لە دەیەی 1880دا بەکار هێنرا. بە بڕوای لێنین، هەژمونی رێگایەک بوو بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکان لە ژێر رێبەرایەتیی چینی کرێکاردا: «دەتوانین جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوە کە بیردۆزیی لە مەڕ هەژمونی و وەدیهاتنی ئەو کە ئیلیچ (لینین) بە ئەنجامی گەیاند، رووداوێکی میتافیزیکیی گەورەش بوو» (61،ل357). لە دەستوربەندی گرامشی دا، لەو روەوە کە ئەو لە ژێر کاریگەریی لینین دا بوو، هەژمونی رێگاچارەیە و باسی ئەوە دەکات کە سەرجەم هێزە پێشکەوتنخوازە کۆمەڵایەتیەکان دەبێ لە دژی دەوڵەت و سیستمی سەرمایەداری یەک بگرن.

بەڵام هەژمونی زۆر لەوە زیاترە. پەیوەندییەکە کە رێبەرایەتیی چینی کرێکار لەو یەکێتیە چینایەتیەدا نیشان دەدات. پرۆلیتاریا تا ئەو

ئاستە دەتوانێت ببێتە چینێکی ڕێبەر و باڵادەست کە بتوانێ سیستمێکی یەکێتییەکان بخوڵقێنێت کە ئەو ئیزنەی پێ بدات زۆرینەی جەماوەر لە دژی سەرمایەداری و دەوڵەتی بۆرژوازی هەڵخڕێنێت. گرامشی لەو بارەیەوە یارمەتییەکی بەرچاوی بە بیردۆزیی مارکسیستی کردوە. نەتەنیا چینی کرێکار، بەڵکو خەباتە چینایەتی و جەماوەریەکانی کۆمەڵگاش دەتوانن شۆڕش بە سەرەنجام بگەیەنن. ئەو هاوپەیمانە چینایەتیانە دەبێ لە ڕێگای پرۆلیتارایاوە هاوئاهەنگ بکرێن، بەڵام پرۆلیتاریا دەبێ لە قەدەر خۆیان دان بە گرینگی و مانای ئەو خەباتانەدا بنێت. شێوازەکانی دیکەی خەبات، لە شانۆی مارکسیستیی خەباتە کۆمەڵایەتیەکاندا دەردەکەون.

هەژمونی یەک پێویستەهەبێت: ئەگەر چینی کرێکار دەبێ ڕێبەرایەتی یەکێتییەکی چینایەتی بکات، کەواتە بارودۆخی وەها ڕێبەرییەک، تێپەڕین لە بەرژەوەندییە ئابوورییە پیشەییە بەرچاوتەنگیەکانی پرۆلیتاریا، و پێگەیاندنی ڕوانگەیەکی بەرفراوانترە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە چینی کرێکار بەو پرۆسەیە خۆی لە هەموو تێبینیە ئابوورییە بەرچاو تەنگەکانی خۆی دەرباز دەکات و دەگاتە ئەو جێگایەی کە لەگەڵ ئامانج و پێداویستیەکانی دیکەی هێزە نەتەوەییە خەڵکیەکان یەک بگرێت. چینی کرێکار تا ئەو ئاستە دەتوانێت چینێکی خاوەن هەژمونی بێت کە نوێنەری کۆمەڵێکی بەرفراوانی هێزە کۆمەڵایەتیەکان بێت. بۆ چینی کرێکار، چەمکی هەژمونی بەهایەکی فێرکاری هەیە. ئەو لەوە تێدەگات کە تەنیا کاتێک دەتوانێت سۆسیالیزم بونیات بنێت کە زۆرینەی هەرەزۆری ئەو چینە کۆمەڵایەتیانە یارمەتی بدەن و پەیڕەوی لێبکەن، کەواتە هەژمۆنی دەگەڕێتەوە سەر ئەو پڕۆسانە کە بەرژەوەندی و ڕوانگە کۆمەڵایەتیەکان، جا چ ڕێبەران و چ کەسانی پشتیوانیان، یەکپارچە و ئاوێتە دەکەن، پەرەیان پێدەدەن وگۆڕانیان تێدا پێکدێنن.

گرامشی بەمجۆرە باسی پێویستی ئەو چینە بە سەقامگیر کردنی ڕێبەرییەکی ئەخلاقی دەکات:

تێگەیشتنی هیگڵ تایبەت بە قۆناغێکە کە لەودا گەشەی پەرەستێنی بورژوازی هیچ سنورێکی نەبوو، بەچەشنێک کە دەکرا باسی ئەخلاقیەت، یان گشتیەتی ئەو بکرێت: هەموو مرۆڤایەتی دەبێتە بورژوا. بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا گروپێکی کۆمەڵایەتی کە کۆتایی کاری دەوڵەت و کۆتایی خۆی دیاریدەکات ئەویش وەکو ئامانجێک کە دەبێ دەستی پێیرابگات، دەتوانێ دەوڵەتێکی ئەخلاقی بخوڵقێنێت، یانی دەوڵەتێک کە خوازیاری ئەوەیە کۆتایی بە دابەشکردنە نێوخۆییەکانی ژێر دەستەکان بێنێت (61،ل9–258).

چینی کرێکار ئەگەر بە هەژمۆنی تەیار کرا، دەتوانێ بەرەوپێش بچێت و لەنێو کۆمەڵگای سیاسیدا، کۆمەڵگایەکی مەدەنی ئاڵۆز و ڕێکخراو دروستبکات، کە لەودا تاک بتوانێ بە سەر خۆیدا زاڵ بێت، بێ ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتدارێتییەی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگای سیاسی لە ناکۆکی دابێت بەڵکو بەردەوامبوونی ئەو و پێگەیاندنی ئەندامەکانی ئەو بێت (هەمان سەرچاوە،ل268). کۆمەڵگای سیاسی کاتێک ئەخلاقی دەبێت کە گۆڕانکاریی کۆمەڵگای مەدەنی لەخۆنامۆبوو لەناو بەرێت، کاتێک کە دەوڵەت نەک لە دژایەتی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵکو بۆ بەردەوامبوونی ئەو و پەرەسەندنی گشتیی ئەو لە ئارا دابێت.

شارەزایانی ئابووریی سیاسیی کلاسیک، ئەو چوارچێوەیەی کە پێیاندەگوت کۆمەڵگای مەدەنی، دیاریان کردبوو و بۆ جیاکردنەوە و خودموختاربوونی ئەو لە دەوڵەت کەڵکیان وەرگرتبوو. نەریتی (هیگڵی مارکسی گرامشی)ی کۆمەڵگای مەدەنی بردە ژێر پرسیارەوە و پێکهاتەکانی ئەو چوارچێوەیەی ئاشکرا کرد. هەم بۆ لیبراڵەکان و هەم بۆ مارکسیستەکان،

ئەوە کۆمەڵگای مەدەنییە کە لە پێشەوەیە، بەڵام ئەو هاوئاراستەییە هەر لێرەدا کۆتایی پێدێت. سەرەڕای ئەو جیاوازیانەش کە لە ئەندێشەی ئەو سێ بیردۆزە هیگڵ، مارکس و گرامشی دا هەیە، ئەوان ڕێبازێکیان سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنی هێنایە ئاراوە کە بەدیلی نەریتی لیبراڵەکان بوو. ئەوان ئەو گوتەی لیبراڵەکانیان قبوڵ نەبوو کە دەڵێت: کۆمەڵگای مەدەنی پانتایی مافەکان، تاکخوازی، خاوەندارێتی و بازاڕە و گوتیان ئەوانە لایەنە روکەشیەکانی ئەو چوارچێوەیەن. ئەگەر ژێرەوەی ئەم رووبەرە وەدەرخەین، کۆمەڵگای مەدەنی وەکو زانی نامرۆیی نوێ خۆی دەردەخات. ئەگەر بیەوێت لایەنی بەهێزی خۆی بەدیبێنێت، و بانگەوازی مێژوویی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت، دەبێ ڕێکبخرێت و گۆڕانکاری تێدا پێکبێت. هەرکام لەو سێ بیردۆزە بۆ ئەو مەسەلەیە کە کێ دەبێ ئەو ڕێکخستنە بە ئەنجام بگەیەنێت و بە چ شێوەیەک دەبێ ئەنجام بدرێت، ڕێگا چارەی تایبەتیی خۆی هەیە، بەڵام هەرسێکیان دەیانزانی ناکرێ کۆمەڵگای مەدەنی هەر بەو شێوەیەی کە هەیە لێی بگەڕێن. کۆمەڵگای مەدەنی دەبوایە پەیڕەوی کۆنترۆڵێکی ئاوەزمەندانە بوایە، ئاقارێکی بۆ دیاری بکرایە و ڕێبەرییەکی شیاوی بۆ دابینبکرایە. ئەوە میراتێکی تایبەتیی مێژووییە کە ئێستا لە هەوڵدان بۆ پێناسەی سەرلەنوێی کۆمەڵگای مەدەنی، باسی دەکەین.

**سەرچاوە**

جامعەی مدنی و دولت، لیزا چەندوک، ترجمەی: فریدون فاطمی، وحید بزرگی

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەیفرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |